هەرێمی کوردستان/عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی راگەیاندن – تەلەڤزیۆن

# بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا

## توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN)

نامەیەکە لەلایەن خوێندکار
نەبەز ئەحمەد حەسەن

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوەو بەشێکە لە
داواکارییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر لە ڕاگەیاندن – تەلەڤزیۆن دا

بەسەرپەرشتی
پ.ی.د. ئیبراهیم سعید فتح الله

2717 کوردی    1437 هجری    2017 زاینی

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئــەم نامەیــەی خوێنــدکار (نەبــەز ئەحمــەد حەســەن) بــە ناونیشــانی ( بــەکارهێنانی شــێوازەکانی مۆنتــاژ لەبەرهــەمهێنانی ڕاپــۆرتی تەلــەڤزیۆنی لەکەناڵەئاسمانیــەکانی هــەرێمی کوردســتاندا ، کــەناڵی ئاسمــانی (Gk)و(Knn)، وەك نمونــە ) بەچــاودێری ئێمــە لــە کــۆلێجی زانســتە مرۆڤایەتییــەکان/ زانکــۆی ســلێمانی ئامــادەکراوە بەشــێکە لەپێداویســتییەکانی بەدەســتهێنانی بڕوانامــەی ماســتەر لــە زانســتی (ڕاگەیانــدن)، پێشــنیار دەکــەین پێشــکەش بەلیژنــەی هەڵســەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: پ.ی.د. ئیبراهیم سعید فتح الله

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

بەروار:

به پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەی ماستەرە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ:

پ.ی.د. سەلام نصرالدین

سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن

بەروار:

## بڕیاری شارەزای زمانەوانی

نامەی ماستەری خوێندکار (نەبەز ئەحمەد حەسەن) کە ناونیشانی بریتییە لە (بەکار هێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا، کەناڵی ئاسمانی (Gk)و(Knn)، وەك نمونە) پێداچونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە، ئەو هەڵانەشی کە تێیدابوو ڕاستکراوەتەوە بەوەش نامەی ماستەرەکەی لە ڕووی زمانەوانیو شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

واژوو

ناو

بەروار

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (نەبەز ئەحمەد حەسەن) بە ناونیشانی ( بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا، کەناڵی ئاسمانی (Gk)و(Knn)، وەك نمونە) خوێندنەوەو گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆكو لایەنەکانی تر کردووە، بڕیارماندا کە بە پلەی (                ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (ڕاگەیاندن / تەلەفزیۆن) پێبدرێت.

واژۆ

ناو: . ....................

پلەی زانستی: ..................

سەرۆکی لیژنە: ...................

بەروار: ........................

واژۆ

ناو: . ....................

پلەی زانستی: ...................

ئەندام: .........................

بەروار: ........................

واژۆ

ناو:. .....................

پلەی زانستی: ..................

ئەندام: ...........................

بەروار: ........................

واژۆ

ناو: ......................

پلەی زانستی: ....................

ئەندام وسەرپەرشتیار:...........

بەروار: ........................

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی ـ سلێمانی پەسەند کرا

واژۆ:

ناو: ........................

راگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان

بەروار:

**پێشکەشە بە:**

ـ دایکی خۆشەویستم، مرۆڤێك پڕاو پڕ لە سۆز و میهرەبانی و ئەو کەسەی بۆ سەرکەوتنم لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا، هەمیشە هاندەرو پشتیوانم بووە.

ـ بە رۆحی پاکی باوکم، هەرچەندە لەبۆن وسۆزی باوکایەتیی بێبەش بووم.

ـ بە رۆحی پاکی (نەوزاد)ی برام، کە بەرلەوەی بەرهەمی ئەم ماندوبونەم بگاتە ئەنجام بەجێی هێشتین.

نەبەز

## سوپاس‌و پێزانین

سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم، کە لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەمدا هاوکارم بوون، بەتایبەت سەرۆکایەتی بەشی ڕاگەیاندن، ڕاگرایەتی کۆلێژو یەکەی خوێندنی باڵای کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، هەروەها سوپاسی مامۆستای بەڕێز (پ.ی.د. ئیبراهیم سعید) دەکەم، کە سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەیەی گرتەئەستۆو بەردەوام هاوکارو پشتیوانم بوو.

سوپاسی تایبەتیم بۆ (مامۆستا کاوە عزالدین عبدالرحمن ) هاوکاریی زۆری کردم لەسەرەتای ئەنجامدانی نامەکە تا کۆتایی بەسەرچاوەو تێبینیە زانستیەکانی.

لەگەڵ سوپاس‌و پێزانینی تایبەتیم، بۆ مامۆستایانی خۆشەویستم (د.ابتیسام اسماعیل قادر، د.سەلام نسرەدین، د.ڕێبەر گۆران، د.حکیم عثمان، م. کامل عمر، م.یۆهان عوسمان، م.کاروان محمد) کە هاوکارم بون بە پێدانی سەرچاوەو تێبینی زانستی.

هەروەها سوپاس‌و پێزانینی تایبەتیم، بۆ هاوڕێیانی خۆشەویستم (د. شیلان محمد، بەرزانی مەلاتەها، م.زانا ناجی، م.کاروان عبداللە هەورامی، مەحمود نامۆ، دانا صالح، ئاکۆ حمید) کە بە وەرگێران‌و سەرنج‌و تێبینیە زانستیەکانیان‌و پێداچونەوە، هاوکاری بەردەوامم بوون.

توێژەر

## پێڕستی ناوەڕۆك


پوختەی توێژینەوە ............................................................ 1

پێشەکی .............................................................................. 3

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە(میتۆدنامە)** ........................................ 5

**یەکەم:** کێشەی توێژینەوە ............................................................ 6

**دووەم:** ئامانجەکانی توێژینەوە.................................................................. 7

**سێیەم:** گرنگی توێژینەوە................................................................... 7

**چوارەم:** جۆری توێژینەوە..................................................................8

پێنجە:میتۆدی توێژینەوە ............................................................... 8

**شەشەم:** ئامرازەکانی توێژینەوە ........................................................ 8

**حەوتەم:** کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە .................................................... 9

أ. کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان(GK .............................................. (9

ب. کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن(Knn ............................................. (10

**هەشتەم:** بوارو سنوری توێژینەوە ........................................................ 11

**نۆهەم:** توێژینەوەکانی پێشوو ............................................................ 12

**دەهەم:** سودوەرگرتنی توێژەر لە توێژینەوەکانی پێشوو ......................................... 16

**بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە** (پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی) ................. 18

یەکەم: چەمکی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی .................................................. 19

أ. بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی ............................................................. 20

ب. قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی ................................................... 21

ج. ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی .................................................... 22

دووەم: رەگەزەکانی مۆنتاژی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی ........................................ 27

أ. مێژووی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی .......................................................... 27

ب. چەمکی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی ........................................................... 29

ج. ئەرکەکانی مۆنتاژ ...................................................................... 30

د. جۆرەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی .......................................................... 31

**ه.** هونەرەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی ....................................................... 32

و. سیستەمەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی ...................................................... 32

سێهەم: بەکارهێنانی کامێرا لە پرۆسەی وێنەگرتندا ........ 38
أ. گرتەکانی کامێرا ........ 38
ب. گۆشەکانی کامێرا ........ 39
ج. جوڵەکانی کامێرا ........ 40
چوارەم: کارتێکەر( effect) ەکان لە پرۆسەی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنیدا ........ 41
پێنجەم: راپۆرتی تەلەڤزیۆنی و ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنان ........ 46
أ. ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی ........ 47
* پێشەکی راپۆرتی تەلەڤزیۆنی ........ 47
* ئامادەکردنی راپۆرت ........ 47
* جۆرەکانی راپۆرتی تەلەڤزیۆنی ........ 48
* سازکردنی جۆرەکانی راپۆرتی تەلەڤزیۆنی ........ 49
* ڕەگەزەکانی دروستکردنی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی ........ 51
* دیالۆگ لەگەڵ کامێرا ........ 55
**بەشی سێهەم: لایەنی پراکتیکی،** شێوازە هونەریەکانی مۆنتاژکردنی ڕاپۆرت لە
هەردوو کەناڵی(Knn) و(Gk)دا ........ 57
یەکەم: هەنگاوەکانی لایەنی شیکاری ناوەڕۆک ........ 58
دووەم: خستەڕووی بەکارهێنانی. شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنیدا لەهەردوو
کەناڵی(Knn) و(Gk)دا ........ 64
**دەرئەنجام** ........ 88
**پێشنیاز** ........ 91
**راسپاردە** ........ 92
**سەرچاوەکان** ........ 94
**پاشکۆکان** ........ 100
**خلاصه الدراسه** ........ I-II
**Abstract** ........ A-B

## پێڕستی خشتەکان


| ژ | ناونیشانی خشتە | لا |
|---|---|---|
| 1 | شێوازی بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕاپۆرتەهەواڵ هەردوو کەناڵی (GK)و (KNN) | 65 |
| 2 | شێوازی بەکار هێنانی ڕاپۆرتەهەواڵ، لەهەردوو کەناڵی (GK)و (KNN). | 66 |
| 3 | شێوازی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK) و(KNN). | 67 |
| 4 | شێوازی بەکارهێنانی وێنە لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN). | 68 |
| 5 | شێوازی بەکارهێنانی ماوەی وێنە لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN). | 69 |
| 6 | شێوازی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لەڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (Knn). | 70 |
| 7 | شێوازی بەکارهێنانی دەرکەوتنی پەیامنێر لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و(KNN). | 71 |
| 8 | شێوازی بەکارهێنانی گرتەکانی کامێرا لەڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN). | 72 |
| 9 | شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN). | 73 |
| 10 | شێوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لەڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و(KNN). | 74 |
| 11 | شێوازی بەکارهێنانی فلتەری ڤیدیۆیی لەڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN). | 75 |
| 12 | شێوازی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆیی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk)و (Knn). | 75 |
| 13 | شێوازی بەکار هێنانی جۆری وێنە لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەکانی (Gk) و (Knn). | 76 |
| 14 | شێوازی بەکارهێنانی ماوەی وێنەی بەکار هاتوو لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەکانی (Gk) و (Knn). | 77 |
| 15 | شێوازی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk)و (Knn). | 77 |
| 16 | شێوازی دەرکەوتنی پەیامنێر لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk)و (Knn). | 78 |
| 17 | شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی گرتەکانی کامێرا لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی(Gk)و (Knn). | 78 |
| 18 | شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Knn) و (Gk). | 79 |
| 19 | شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn). | 79 |
| 20 | شێوازی بەکارهێنانی فلتەری بەکار هاتوو لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Knn) و (Gk). | 80 |
| 21 | شێوازی بەکار هێنانی کارتێکەری ڤیدیۆیی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و(Knn). | 81 |
| 22 | شێوازی بەکار هێنانی جۆری وێنە لە ڕاپۆرتەهەواڵی (Gk) و (Knn) . | 81 |
| 23 | شێوازی بەکارهێنانی ماوەی وێنە لەڕاپۆرتەکانی (Knn) و (Gk). | 82 |
| 24 | شێوازو بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn). | 83 |
| 25 | شێوازو جیاوازی دەرکەوتنی پەیامنێر لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Knn) و (Gk). | 83 |
| 26 | شێوازی بەکارهێنانی گرتەکانی کامێرا لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn). | 84 |
| 27 | شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Knn) و (Gk). | 85 |
| 28 | شێوازی بەکار هێنانی جوڵەکانی کامێرا لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکان لە کەناڵی (Gk) و (Knn). | 85 |
| 29 | شێوازی بەکارهێنانی فلتەری بەکارهاتوو لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و(Knn). | 86 |
| 30 | سییەم: گونجانی وێنە و تێکست لەڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn) | 86 |

# پێڕستی شێوەکان


| لاپەڕە | ناونیشانی شێوەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| 34 | سیستمی مونتاژی هێڵی | 1 |
| 38 | سیستمی مونتاژی نا هێڵی | 2 |

## پوختەی توێژینەوە

# بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی راپۆرتی تەلەفزیۆنی لەکەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا

## توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ هەردووکەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN)

مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی، بەیەکێك لەڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی بابەتەکانی تەلەڤزیۆن هەژماردەکرێت، کە لەرێگەیەوە گرتە ڤیدیۆییەکان و هەڵبژاردن و رێکخستنی ماوەی دەرکەوتنی سەر شاشە ئەنجامدەدرێت، بەچەشنێك بۆ پەیامێکی واتادار دەگۆڕێت. ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیانەی، لەبواری بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنیدا هاتەکایەوە، رێخۆشکەر بوو بۆ بەکارهێنانی شێوازە هونەرییەکان، ئەویش لەپێناوی گەشەپێدانی بەرهەمێنانی تەلەڤزیۆنی، هەر لەم پێودانگەوەیە، زانینی چۆنیەتی شێوازەکانی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی کوردیو بەتایبەتیش کەناڵە ئاسمانییەکان، بووە بە ئاماج و پێداویستییەکی گرنکی هەر توێژینەوەیەك کەلەو بوارەدا ئەنجامبدرێت، ئەویش بەمەبەستی زیاتر نزیککردنەوە و بنکوڵکردنی.

لێرەدا توێژەر دوو کەناڵی ئاسمانی کوردی هەڵبژاردووە کە ئەوانیش (GK) و (KNN)ن، هاوکات لەرێگەی میتۆدی شیکارییەوە (338) راپۆرتی هەواڵی شیکارکردووە، ئەویش بەمەبەستی زانینی ئەو شێوازانەی، کە لەمۆنتاژی راپۆرتەکاندا بەکار هاتووە، ئەمەش بنەمایەك بوو بۆ گەیشتن بە چەند ئەنجامێك:

لەڕووی جۆرەوە هەردوو کەناڵەکە زیاتر گرنگیان بە راپۆرتە گەرمەکان داوە، ئەو راپۆرتانەی رووماڵی رووداوە هەنووکەییو تازەکان دەکەن، هۆکاری ئەمەش بەپلەی یەکەم پتر بۆ ئەوەدەگەرێتەوە کە هەردوو کەناڵەکە، کەناڵی هەواڵی سیاسین، رووداوە سیاسییەکانیش بەردەوام لەگۆڕان و تازەبونەوەدان.

1) هەردوو کەناڵ بەپلەی یەکەم گرنگییان بەراپۆرتی مەیدانی داوە، ئەو راپۆرتانەی، رێپۆرتەر خۆی لەسەر زەمینی رووداوەکان بەدواداچونی بۆ کردووە، ئەمەش نیشانەی گرنگیدانی هەردوو کەناڵەکەیە بە پێویستی ئامادەگی خۆیان لەنێو رووداوەکاندا، هەرچی دەربارەی راپۆرتی ئامادەکراویشە کە لەنێو ژووری هەواڵدا بەپشتبەستن بەسەرچاوە جۆراوجۆرەکان لەڕووی ئامارییەوە ئامادەدەکرێت، ئەوا کەناڵی ئاسمانی(Knn) زیاتر گرنگی پێداوە بەبەراورد لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی (Gk)، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەو کەناڵە هەوڵیداوە بەدواچوون بۆ رووداوە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکان بکات، کە ناتوانێت بەشێوەیەکی مەیدانی سازیانبکات، هاوکات نەبوونی تۆڕی پەیامنێریش لەو ناوچانەدا هەروەها زیاتر شیکاری راو و بۆچوون بخاتەڕوو کە نزیکە لە سیاسەتی کەناڵەکەیەوە، بەو پێیەی ئەوجۆرە راپۆرتانە زیاتر سیمایەکی راڤەکاری لەخۆدەگرێت.

2) هەردووکەناڵ بەپلەی یەکەم بە بەکارهێنانی کارتێکەری (Cut)ەوە پابەندبوون، ئەمەش شێوازێکی گونجاوەو بەبنەمای سەرەکی شێوازی بەکارهێنانی کارتێکەر لە مۆنتاژی راپۆرتدا هەژماردەکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە، بەکارهێنانی گرتەی (insert)، وەك گرتەی چارەسەر لەپاڵ کارتێکەری (Mix)، لەهەردوو کەناڵدا

فەرامۆشکراوە، ئەمەش وەك كـەلێنێك لەشـێوازی مۆنتـاژدا دێتەبەرچـاو چـونكە بەكارنـەهێنانی گرتـەی (insert) بینەر توشی دابران دەكات.

3) بەكارهێنانی دەنگی سروشتی وەك بنەمایەك بۆ مۆنتـاژی ڕاپـۆرت لەلایـەن هـەردوو كەناڵەكـەوە پـەنای بۆبراوە، بـەڵام ئـەوەی تێبینـی دەكرێـت كـەناڵی ئاسمـانی(KNN) زیـاتر هـەوڵی داوە بـەكارهێنانی دەنگـی سروشـتی لـەنێو ڕاپۆرتەكاندا لەسەرەتاو ناوەندو كۆتایدا بەرجەستەبكات، لەبەرامبەردا كەناڵی ئاسمانی(Gk) شـێوازی بـەكارهێنانی دەنگی سروشتی لەگەڵ باگراوندا زیاتر بەكارهێناوە. بێگومان بـەكارهێنانی دەنگـی سروشـتی ڕۆڵێكـی گرنگـی هەیـە لەخستنەڕووی ڕاستی ڕووداوەكە بۆئەوەی بینەر بەڕووداوەكەوە ببەستێتەوەو ببیاتە نێو كەشی ڕووداوەكە.

4) هـەردوو كـەناڵ سـەبارەت بەجوڵـەی كامێرەكـان لـە مۆنتـاژكردنی ڕاپـۆرتی هەواڵـدا شـێوازی تایبـەت بـەخۆیان كرتووەتەبەر، ئـەوەی تێبینـی دەكرێـت جوڵـەی(Zoom)و (Tilt)، زیـاتر لەكـەناڵی ئاسمـانی (GK)، بـەكارهاتوە، لەجوڵـەی(Pan)یشـدا وەكیـەكن، ئـەوەی جێگـەی قسەلەسـەركردنە بـەكارهێنانی جوڵـەی (Zoom)ە، لەئێسـتادا بەكارهێنانی بەدروست نازانرێت لەبەرامبەر ئەمەدا پەنادەبرێتەبەر گرتەی زۆر نزیك چـونكە لـەڕووی مـاوەی زەمـەنی ماوەیەكی زۆر داگیر دەكات.

6– لەسەر ئاستی هەردوو كەناڵ لەڕووی شـێوازی ئەنجامـدانی ڕاپۆرتەهـەواڵ دەركـەتووە، جیـاوازیی ئامـاری تـەنیا لەبەكارهێنانی دەنگی سروشتیو دەركەوتنی پەیامنێرو فلتەری بەكارهاتوو هەیە، ئەمەش بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە كـە پێویستە لە ڕاپۆرتی مەیدانیدا زۆرتـرین دەركـەوتنی پـەیامنێرو دەنگـی سروشـتی هـەبێت، ڕاسـتیو دروسـتی كـەناڵ دەردەخـاتو وەرگـر زیـاتر دەباتـە ناوكەشـی ڕووداوە، هـەروەها سـەبارەت بـە بـەكارهێنانی فلتـەریش زیـاتر بۆچارەسەركردنی هاوسەنگكردنی ڕەنگ ڕاپۆرتە مەیدانییەكان دووچاری بەكارهێنانی دەبن.

توێژەر لەم توێژینەوەدا چەند پێشنیارێك دەخاتە ڕوو، پێویستە هەردوو كەناڵ ڕەچاوی بكەن، كە لەم چەند خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە:

1. پێویستە هەردوو كەناڵ لەبەرهـەمهێنانی ڕاپـۆرتی مەیـدانیو ئامـادەكراودا هاوسـەنگی ڕاگرن، بەتایبـەت كـەناڵی ئاسمانی (KNN)، زیاتر گرنگی بە ڕاپـۆرتی مەیـدانی بـدات كـە گوزارشـت لەڕاسـتیو دروسـتی دەكـاتو وەرگـر دەخاتە نێو كەشی ڕووداوەكانەوە.
2. پێویستە هەردوو كەناڵ لەكاتی بڕینی لێدوانی نێو ڕاپۆرتەكاندا تەنها وابەستە نەبن بە كارتێكـەری (Mix)وە، وا باشترە لەگەڵ ئەم جۆرە كارتێكەرەدا گرتەی (insert)، بۆچارەسەركردنی بڕینی لێدوانی ناوڕاپۆرتەكـە بـەكار بهێنرێت.

3– پێویستە هەردوو كەناڵ لەكاتی بەكارهێنانی ماوەی وێنەی زەمەنیدا، لە خواستی وەرگر بەئاگابنو لەڕێگەی بەكارهێنانی ماوەی وێنەی زەمەنی درێژخایەنو كورتخایەنەوە زیاتر دووچاری بێزارییان نەكەن.

# پێشەکی

مۆنتــاژ وەك ڕەگــەزێكی گرنگــی پرۆســەی بەرهــەمهێنانی تەلــەڤزیۆنی بەدینگــەو كۆڵەكــەی ســەرەكی ســەركەوتنی هــەر بەرهــەمێكی تەلــەڤزیۆنی لەقەڵــەم دەدرێــت، بــەبێ بــونی كــرداری مۆنتــاژ ناتوانرێــت هــیچ بەرهەمێكی تەلەڤزیۆنی بەشێوەیەكی ڕێخراوی یەك لەدوایەك بەئەنجام بگەیەنرێتو بگاتە ئاستی پەخشكردن. هەربۆیە كەناڵە تەلەڤزیۆنییەكان گرنگییەكی زۆر بە كرداری مۆنتاژ دەدەنو هەركەناڵێكیش بەشێكی تایبــەتی دابینكردووە، تا دواین هەنگاوی پرۆسەی بەرهەمهێنان بە ئەنجامبگەیەنن، ئــەم كارانــەش لەلایــەن كاراكتــەری مۆنتێرەوە لەناو ژورێكی تایبەت بە ژووری مۆنتاژ ناسراوە، ئەنجامدەدرێت. لەم روانگەیــەوە پرۆســەی مۆنتــاژ بە زیندوترین كاری هونەری دادەنرێت، بەهۆیەوە بەشە جیاجیاكانی بەرنامەی تەلــەڤزیۆنی لەیــەك دەدرێــتو ڕێكــدەخرێت تــا بەشــێوەیەكی كاریگــەر پیشــانی بینــەران بــدرێتو كاریگــەری لەســەر هەســتو بۆچــونیان دروستبكات، لەبەر ئەمەیە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن لە ئێستادا گرنگییەكی زۆر بە پرۆســەی مۆنتــاژ دەدەنو بــە كلیلی سەركەوتنی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی لەقەڵەم دەدەنو ئەمەش پەیوەستە بە دەستو پەنجەی مـۆنتێر تـا لەرێگەی ئەنجامدانی كرداری مۆنتاژەوە ئەنجامێكی باش بەدەستبهێنرێت ئەگــەرنا بەرهەمــە مۆنتــاژ كراوەكــە بەشێوەیەكی پچڕ پچڕ پیشان دەدرێتو بینەر توشی دابڕان دەكات.

ئــەم توێژینەوەیــەش، كــە بــە ناونیشــانی (بــەكار هێنــانی شــێوازەكانی مۆنتــاژ لــە بەرهــەمهێنانی ڕاپــۆرتی تەلەڤزیۆنیدا) پێشكەشكراوە، لە سۆنگەی بەكارهێنانی ئەو شێوازانەی، لــە پرۆســەی بەرهــەمهێنانی ڕاپــۆرتی تەلەڤزیۆنیدا بــەكاردەهێنرێت، كــە مــەرجی ســەرەكیو بنەڕەتییــە بۆڕوونكردنــەوەی ئــەو شــێوازانەو ڕاســتیو دروســتی بــەكارهێنانی شــێوازەكانی مۆنتــاژی بــەكارهاتوو، لەهــەمانكاتیش دەبێتــە بەرچــاوو ڕوونییــەك بــۆ كەناڵەكانی دی تا بەدروستی شێوازەكان بەكاربهێنن.

بەتایبەت لە قۆنــاغی ئێســتادا چــەندین كــەناڵی جــۆراو جــۆری تەلــەڤزیۆنی كــوردی بونیــان هەیــە، لــەنێو ئــەو كەناڵانەدا ژمارەیەك كــەناڵ تایبەتمەنــدن بــە هــەواڵ و زانیــاری، ڕۆژانــە لــە ڕێگــەی چــەندین ژانــری جیاجیــاوە بەرهــەمی جــۆراو جــۆر بــڵاو دەكەنــەوە، پرۆســەی مۆنتــاژكردنی ئــەو بەرهەمانــە بووەتــە مایــەی ســەرنجو شیكردنەوەیان لەسەر بنەمایەكی زانستی. ئەم توێژینەوەیەش دوو كەناڵی هەواڵی وەك نمونە وەرگرتــووە كــە لە رووی مێژووەوە بە كۆنترین كــەناڵی هــەواڵئامێزی تەلــەڤزیۆنی لــە هــەرێمی كوردســتان لەقەڵەمــدەدرێن كــە ئەوانیش بریین لە كەناڵەكانی (GK) و (KNN) وەك ژانریش ژانری راپۆرتی وەرگرتــووە بــۆ بــە ئاگــابوون لــە شێوازی مۆنتاژكردن و ئەو پرەنسیپانەی لە پرۆسەی مۆنتاژكردندا پشتیپێبەستراوە.

ئەم توێژینەوەیە، لە سێبەش پێکدێت ، جگەلە بەشی یەکەم، کە چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکەیە، بەشێکی تیۆرییو بەشێکی پراکتیکی لەخۆگرتووە.بەشی یەکەم بریتییە لە: میتۆدنامەی توێژینەوە، کێشە، گرنگی، ئامانج، میتۆدی توێژینەوە، کۆمەڵگەو سامڵی توێژینەوە، ئامرازەکانی توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشوو.

بەشی دووەمیش:چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەیە کە بەسەر سێ تەوەردا دابەشبووە، تەوەری یەکەم :باسکردنە لە چەمكو پرۆسەو و ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنان، تەوەری دووەم:باس لە چەمکی مۆنتاژ، مێژوو ئەرکەکانی مۆنتاژ، جۆرو سیستەم و کارتێکەری مۆنتاژ، گرتەو جوڵەو گۆشەکانی کامێرا کراوە، تەوەری سێەم:ڕاپۆرتو جۆرەکانی ڕاپۆرتو ڕگەزەپێك هێنەرەکانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی خراوەتەڕوو.

بەشی سێیەم: دوابەشی توێژینەوەکەیە، لایەنی مەیدانییەو تیایدا شیکاری بۆ ڕاپۆرتەکانی هەردوو کەناڵی (Gk) ، (Knn) کراوە، لەڕێگەی فۆڕمی شیکارییەوە بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ تیادا خراونەتەڕوو، کە لە دو باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا هەنگاوەکانی لایەنی مەیدانی خراوەتەڕوو، باسی دووەمیش تاوتوێی ئەنجامی فۆڕمی شیکارییە، کە بۆ ڕاپۆرتەکانی هەردووکەناڵ کراوە، دواتر ئەنجامو پێشنیارو ڕاسپاردەکان خراونەتەڕوو.

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا، وەك زۆر توێژینەوەی دیکەی زانستی، توێژەر ڕوبەڕوی هەندێ ئاستەنگ بووەتەوە، بە تایبەت لەوەها بابەتێکی توێژینەوەدا، کە کەمترین توێژینەوەی زانستیشی لەبارەوە کراوە.

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

یەکەم: کێشەی توێژینەوە

دووەم: گرنگی توێژینەوە

سێهەم: ئامانجەکانی توێژینەوە

چوارەم: جۆری تۆیژینەوە

پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە

شەشەم: ئامرازەکانی توێژینەوە

حەوتەم: کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە

أ. کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان (GK)

ب. کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن (KNN)

هەشتەم: بوارو سنوری توێژینەوە

أ. بواری کات

ب. بواری شوێن

ج. بواری بابەت

نۆهەم: توێژینەوەکانی پێشوو

دەهەم: سودوەرگرتنی توێژەر لە توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

## یەکەم: کێشەی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوە دەسپێکردنی سەرەتایەکی لۆژیکییە بۆئەوەی ببێتە بابەتێکو لەڕێگەی توێژینەوەیەکەوە بەدواداچونی بۆبکرێت، بابەتێکە ناڕوونی دەوری داوە، یاخود دیاردەیەکە، پێویستی بەڕاڤەکاری هەیە،[1] . لەم سۆنگەیەوە دوای گەشەکردنی میدیاو هاتنەئارای چەندین کەناڵی تەلەڤزیۆنی لەهەرێمی کوردستاندا، بەتایبەت کەناڵی تایبەتمەندی هەواڵی، لەنێویاندا کەناڵی ئاسمانی (GK)و کەناڵی ئاسمانی (KNN)، کە دوو کەناڵی کوردی تایبەتن بەهەواڵو سیاسەت، ڕۆژانە چەندین بەرهەمی هەواڵئامێزی تەلەڤزیۆنی بەچەندین ژانری جیاواز پەخشدەکەن، کاری مۆنتاژ یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان، بەئاگابوون لەشێوازی مۆنتاژی ئەو ژانرانە کە بەشێکی سەرەکیو دانەبڕاوە لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی، بووەتە بابەتێکی گرنگی ئەکادیمیو پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی زانستییانە هەیە، ئەم توێژینەوەیە لەڕوانگەیەکی زانستییەوە لەو بابەتە ئەکۆڵێتەوە، سەرنج دەخاتە سەر شێوازی مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتی هەواڵی لە تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا، کەژانرێکی سەرەکیو گرنگی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانەو بەدینگەو کۆڵەکەی گەشتی هەواڵەکان لەقەڵەمدەدرێت.

ئەم بابەتە پێویستە لەڕێگەی توێژینەوەی زانستییەوە ڕاڤەکارییەکی زانستیانەی بۆ بکرێتو وەك هەر لایەنێکی بەرهەمهێنانی هەواڵی لە تەلەڤزیۆندا بکرێتە بابەتێکی زانستی و لەسەر بنەما زانستییەکان ئەنجامبدرێت، بە پێوەرە زانستیەکان هەڵبسەنگێندرێت.

لەم ڕوانگەیەوە، توێژەر چەند پرسیارێك کە بەرجەستەی کێشەی توێژینەوەکە دەکات، دەخاتەڕوو:

1. دیارترین ئەوڕاپۆرتانەچین کە پەخشدەکرێن لەڕووی جۆرو شێوازەوە؟

2. گرنترین ئەو شێوازە هونەرییانەی مۆنتاژ چین، کە لە مۆنتاژی ڕاپۆرتە هەواڵدا بەکارهاتووەو تاچەندێك بنەمای زانستی تیادا ڕەچاوکراوە؟

3. دیارترین ئەو ڕەگەزانە چین کە لە مۆنتاژدی ڕاپۆرتەهەواڵدا پیادەدەکراونو وەك بنەمای کاری دەستنیشانکراوە؟

4. ئەو بنەمایانە چین لە دەسنیشانکردنی وێنەی شایستەو ماوەی پیشاندانی وێنەدا کە لە کاری مۆنتاژی ڕاپۆرتی هەواڵیدا ڕەچاوکراوە، تا بتوانیت ڕەچاوی هەستی وەرگر بکات؟

---

1. محمد منير حجاب، **اساسيات البحوث الاعلامية والاجتماعية**، الطبعة الثالثة، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، 2006 ،ص31

5. تاچەند توانراوە لە پرۆسەی مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنیدا هەماهەنگیو گونجاندن لە بەستنەوەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ناو ڕاپۆرتدا ڕەچاوبکرێت ؟

**دووەم: ئامانجەکانی توێژینەوە:**

**لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر چەند ئامانجێکی هەیە بریتین لە:**

1. زانینی شێوازی بەکارهێنانی ئەو کارتێکەرانەی لەمۆنتاژکردنی ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا بەرجەستەکراوە.

2. بەئاگابوون لە شێوازی مۆنتاژکردن لەبەکارهێنانی دەنگی سروشتیو دەرکەوتنی پەیامنێر لەنێو ڕاپۆرتەکاندا.

3. دیاریکردنی ڕادەی گرنگیدانی جۆرو شێوازی ڕاپۆرتە هەواڵەکان لەڕووی ڕاپۆرتی (ساردو گەرم) (ئامادەکراوو مەیدانی).

4. دەرخستی شێوازی مامەڵەکردنی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ جۆری وێنەو ماوەی وێنەی بەکارهاتوو..

5. زانینی ئاستی بەکارهێنانی گرتەو جوڵەو گۆشەکانی کامێرا لە مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکاندا.

6. بەئاگابوون لە ئاستی هەماهەنگی وێنەو تێکست لە مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکاندا.

7. ئاشکراکردنی ڕادەی لێکچونو جیاوازی بەکارهێنانی شێوازی مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکان لەنێوان هەردووکەناڵی ئاسمانی (GK)و (KNN).

8.دەرخستنی لێکچونو جیاوازیی شێوازی بەکارهێنانی مۆنتاژکردن لەڕووی جۆرو شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتەکان.

## سێهەم: گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە گرنگی ئەو بابەتەوە سەرچاوەدەگرێت کە توێژەر هەوڵی داوە زانستیانە ڕووبەڕووی ببێتەوە، مۆنتاژکردن وەك یەکێك لە ڕەگەزەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی دەبێت وریایانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەسەر بنەمایەکی زانستی شێوازەکان دیاریبکرێت، بۆیە ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی زانستیو پراکتیکی هەیە، لەڕووی پراکتیکیەوە هەموو ئەو کەلێنانە دیاریدەکات کە تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لە پرۆسەی مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتدا توشی دەبنو دەبێتە بەرچاو ڕوونییەك بۆیان کەچی تر ڕووبەڕووی نەبنەوەو هەوڵبدەن چارەسەری بکەن، هەروەك دەبێتەسەرچاوەیەك بۆئەوەی لەڕووی زانستییەوە تەواوی تەلەڤزیۆنەکان لەشێوازە زانستییەکانی کاری مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتی هەواڵ بە ئاگا بن.

ئەم توێژینەوەیە هەنگاوێکە بۆئەوەی کتێبخانەی ئەکادیمی کوردی دەوڵەمەند بکات، ئەمەش لە کاتێکدا کە ئەم جۆرە توێژینەوانە بە زمانی کوردی بەڕێژەیەکی کەم لەنێو سەرچاوە زانستییەکانی زانکۆ بەرچاودەکەون.

### چوارەم: جۆری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەڕووی جۆرەوە توێژینەوەیەکی وەسفییە، زۆربەی توێژینەوە میدیاییەکان بۆ دەرخستنی دۆخی کێشەی توێژینەوەو ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان بەسەریەوە هەیە، پەنای بۆدەبەن ، تا لەڕێگەیەوە چەند ئاڕاستەیەك بخرێتەڕوو،[1] بەوپێیەی مەبەستی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا بریتییە لە تاوتوێکردنی بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا، واتە ناساندنی وەسفی تایبەتمەندییە وردەکانی ئەو دیاردەیەی کە توێژینەوەکە تاو توێی دەکات.

### پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە:

هەروەك ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە میتۆدی ڕووپێویی بە هەردوو لایەنکەی: وەسفیوشیکاری، کە بەدیارترین میتۆدی توێژینەوە زانستییەکانی بواری ڕاگەیاندن هەژمار دەکرێ بە تایبەت توێژینەوەی وەسفی، بۆیە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەدا، پەنا براوەتە بەر میتۆدی ڕووپێویی بەم شێوەیی لای خوارەوە:

ئەنجامدانی ڕێکاری شیکاری شیکاری ناوەرۆك لەسەر سامپڵێك لەڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK)و(KNN)دا.

### شەشەم: ئامرازەکانی توێژینەوە:

توێژەر بۆ ئەم توێژینەوەیە پەنای بردووەتە بەر ئەم ئامرازانە.

**أ. تێبینی:**

بریتییە لەچاودێریکردنێکی ورد بۆ ئاشکراکردنی کێشە زانستییەکانو دەستنیشانکردنی ئەو دیاردانەی گوزارشتی لێدەکەن،[2] بەوپێیەی توێژەر هەوڵیداوە لە ڕێگەی تێبینیکردنی مۆنتاژی ڕاپۆرتەکانی هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK)و (KNN) کە لەلایەن کەسی مۆنتێرەوە بەکارهاتووە، جگە لەو شێوازانە چەند شێوازێکی تر بۆ مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی هەیە، پێویستە ئاوڕدانەوەیەکی زانستی لێبدرێتەوەو کەموکوڕییەکانی دەستنیشانبکرێت، سەبارەت بەو شێوازانەی کە لەکاتی مۆنتاژدا پەنای بۆ براوە، بەکاردەهێنرێت.

---

1. سمير محمد حسين، **بحوث الاعلام الاسس والمبادئ**، القاهرة، عالم الكتب، 1976، ص123
2. مصطفى حميد الطائي، خير ميلاد ابوبكر، **مناهج البحث العلمي**، وتطبيقاتها في الاعلام والعلوم السياسية،الاسكندرية ،2007، ص95

**ب. فۆڕمی شیکاری:**

ئەو فۆڕمەیە کە توێژەر وەك ئامڕازێك بەکاری هێناوە بۆ دیاریکردنی شێوازی مۆنتاژکردنی راپۆرتەهەواڵ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK)و (KNN)دا، ئامادەکراوە بە مەبەستی شیکاری چەندایەتی بۆ ناوەرۆکی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی کە بریتییە لە (13)دەستە لەدەستەکانی شیکاری تایبەت بە شکڵوناوەرۆکی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی.

**ج. چاوپێکەوتن:**

وەك یەکێك لە ئامڕازەکانی توێژینەوە، توێژەر بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە بارەی کەناڵو بەشەکانی کەناڵ، بەپێی پێداویستی توێژینەوەکە، گرنگی بە چاوپێکەوتنی بەڕێوەبەرانی دامەزراوەکان داوە.

## حەوتەم: کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکدێت تەواوی ڕاپۆرتە تەلەڤزیۆنییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان تیایدا دوو کەناڵ بە نمونە وەرگیراوە کە بریتین لە کەناڵە ئاسمانییەکانی (GK)و (KNN)، پاساوی وەرگرتنی ئەم دوو کەناڵەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەڕووی مێژوویەوە کۆنترین کەناڵی هەواڵین لە هەرێمی کوردستانو لە ڕێگەی گەشتی هەواڵە کانیانەوە زۆرترین ژانری ڕاپۆرت بەکاردێنن، سامپڵی توێژینەوەکە هەڕەمەکی بازنەییە کە توێژەر مانگێکی دەستکردی لە سێ مانگ وەرگرتووە، بەم شێوەیە:10 ڕۆژی یەکەم لەمانگی (10ی2015) واتا (10/1 بۆ 10/10)، 10ڕۆژی دووەم لەمانگی(11ی2015)واتا(11/11 بۆ11/20 )، 10ڕۆژی سێیەم لەمانگی (12/ 2015) واتا(12/21بۆ 12/30).

ئەمەش کورتەیەکە لەسەر هەردوو ئەو کەناڵەی وەك سامپڵ وەرگیراوە.

### أ. کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان(GK)

لەگەڵ گەشەسەندنی زیاتری کارەکانی تەلەڤزیۆن لە کوردستانداو بەتایبەتی لەبواری پەخشدا، لەساڵی (2005) وە ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە پێویستی زانی گوڕێکی تربدات بەو بوارە ئەوەبوو لە ساڵی 2006دا سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەڤاڵ (مام جەلال) بڕیاریدا پەخشی تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان لەسەر مانگی دستکرد بکاتەوە، تاوەکو دەنگو ڕەنگی ئەو کەناڵە بگاتە گشت ناوچەکانی کوردستانو دنیای دەرەوە.هەر لەناوەراستی ئەو ساڵەدا لیژنەکانی ئامادەکاری دەستبەکاربوونو ئامێرو پێداویستی بۆ دامەزراندنی کەناڵەکە دابینکراو لەسەر مانگی دەستکردی هۆت بێرد (Hotberd)، سپەیسی بۆ بەکرێگیرا.پاش ئامادەسازیو تۆمارکردنی چەندین بەرنامەو برگە بۆ دەستپێکردنی پەخش، بڕیار درا ئەم کەناڵە تایبەت بێت بەهەواڵو بەرنامەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو جیاواز بێت لە کەناڵە هەمەڕەنگەکانی

تری کوردستان.ئەوەبوو لەڕۆژی 5ی ئازاری 2007داو لەیادی ڕاپەڕیندا وەك هەنگاوی یەکەم دەستکرا بە پەخشی ڕیکلامی بەرنامەو بڕگەکانی ئەو کەناڵەو پاشان لە 1ی حوزەیرانو لە یادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی هەمان ساڵدا دەستکرا بە پەخشی بەرنامەکانیو حەوت کاتژمێر پەخشی ڕاستەوخۆو کاتەکانی تری دووبارەبون.پاشان لە مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا لەسەر مانگی دەستکردی (نایلسات)یش سپەیسی بۆ بەکرێ گیراو لەسەر ئەو کۆمەڵەیەش دستکرا بە پەخشی (12) کاتژمێر ڕاستەوخۆو پاش ماوەیەکی کەمیش پەخشەکەی بو بە (24) کاتژمێر،[1] هەروەها سەرچاوەی دارایی جگەلە ڕیکلامی بازرگانی وەك سەرچاوەی دووەم، بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ئیدارەی گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە دابینکراوەو سەرجەم پێداویستییە تەکنییکییەکانیش لە لایەن ئەو دەزگایەوە تەرخان کراوە.[2]

کەناڵی گەلی کوردستان کار بۆ چەند ئامانجێك دەکات لەوانە:[3]

1. پارێزگاریکردن لە سیاسەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەشێوەی گشتی.
2. پارزگاریکردن لەکێشە نەتەوەییەکان بەشێویەکی تایبەت.
3. تیشکخستنە سەر ناوچە کێشە لەسەرەکان.
4. پارێزگاریکردن لە پرسە دیموکراتییەکانو مافی ڕادەربرین لە هەرێمی کوردستانو دەرەوە

پەیکەری کارگێری کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان(GK) بەپێی پۆلێنی پەیکەری گشتی کارگێڕی، لە جۆری پەیکەری (Matrix Structure)ە کە شێوازیکی تایبەتە لە سیستمی بەڕێوەبردن و وابەستەیە بە دوو ستونی کار لە کاروباری کارگێڕیدا. بەشێوەیەکی گشتی لەسەروی پەیکەرەکەوە بەڕێوەبەری گشتی دێت کە بە بەرپرسی یەکەم لەقەڵەم دەدرێتو بەرپرسە لە بەشەکانی کەناڵەکە کە (6) بەشی سەرەکییە، بەشی کارگێری یەکەکانی (خۆیەتی، پرسگەو پێشوازی، هێڵگۆرکێ، شۆفێران، خزمەتگوزاری، سکوێریتی) لەخۆدەگرێت، بەرێوەبەرایەتی هەواڵیش بەشەکانی (نیوزروم، پەیامنێران، بێژەران، ئابوری،وەرزش، ئەرشیفی هەواڵ، وێبسایت، CG )، لەخۆدەگرێت، بەرێوەبەرایەتی هونەری بەشەکانی(مۆنتاژ، ستۆدیۆ، هونەرییەکان، MCR، کامیرا) لەخۆدەگرێت، بەرێوەبەرایەتی بەرنامەکانو بەرهەمهێنان بەشەکانی(دیکۆمێنتاری،بەرنامەکان، ئەرشیفو تەنسیق) دەگرێتەوە، بەرێوەبەرایەتی تەکنیکیش بەشەکانی (رسیفو مۆنیترینگ، ئەپلینگ Uplink، Flywayو SNG، کارەبا) لە خۆ دەگرێت، بەرێوەبەرایەتی پەیوەندییەکانو مارکێتین بەشەکانی (پەیوەندییەکان، کوافیر) لەخۆدەگرێت[4]. بروانە پاشکۆی ژمارە (2).

---

1. کاروان شێخ عوسمان، بەرێوەبەری کەناڵی گەلی کوردستان، سلێمانی، چاوێکەوتنی توێژەر، 2017/4/6، سلێمانی، کەناڵ گەلی کوردستان
2. بورهان حاجی علی، بەرێوەبەری گشتی کەناڵی گەلی کوردستان، چاوپێکەوتنی توێژەر، 2017/4/8، سلێمانی، کەناڵ گەلی کوردستان
3. بورهان حاجی علی، سەرچاوەی پێشوو
4. بەهیز حسین، بەریوەبەری کارگیری کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، چاوپێکەوتنی توێژەر،2017/4/6،سلێمانی، کەناڵ گەلی کوردستان

**ب. کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن(Knn)**

تۆڕی هەواڵی کوردی (Kurdish News Network-Knn)، سەرەتا لە 31ی کانونی یەکەمی ساڵی 2008 وەك کەناڵێکی سەر بە کۆمپانیای وشە بۆ کاری ڕاگەیاندنی کوردی بەزمانی کوردیو عەرەبی دەستی بەپەخشی بەرنامەکانی کرد، ڕۆژانە 4 کاتژمێر پەخشی دەکرد، بەڵام لەساڵی 2011وە پەخشەکەی کرد بە 24 کاتژمێر. بارەگای سەرەکی کەناڵەکە لە گردی زەرگەتەی شاری سلێمانی هەرێمی کوردستانە، زیاتر لە (300) کارمەند کار بۆ کەناڵەکە دەکەن، ئەمە جگەلە تۆڕێکی بەرفراوانی پەیامنێران لەناو هەرێمی کوردستانو عێراقدا. هەروەها لە هەولێری پایتەختی هەرێمو شارەکانی کەرکوك، دهۆكو بەغدا لەدەرەوەی عێراقیش نوسینگەی هەیە رۆماڵی روداوەکان دەکەنو دەیگوازنەوە بۆ بینەران، هەروەها سەرچاوەی دارایی کەناڵەکەش لەلایەن بزوتنەوەی گۆڕان دابیندەکرێت.[1]

کەناڵی (KNN) کار بۆ چەند ئامانجێك دەکات لەوانە: [2]

1. کاردەکات لە پیناو پاڵشتیکردنی دیموکراتیو گەشەپیدانی لە هەرێمی کوردستاندا.
2. بەرگریکردن لە ئازادی ڕادەربڕینو ئاسانکاری بەدەستهێنانی زانیاری
3. جەختکرنەوە لەسەر بنەمای یەکتر قبوڵکردن.
4. هاندانی جەماوەر بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیو پیدانی زانیاری لە بارەی ڕووداوەکان.
5. گەشەپێدانی بیری نەتەوەیی نیشتیمانی و فراوانکردنی.
6. گەیاندنی زانیاری ورد بە بینەری کورد.
7. کارکردن لەپێناو چاکسازی سیاسیو گۆرانکاریکردن لە شێوازی حوکمڕانی هەرێم.

پەیکەری کارگێری کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن(KNN) بەپێی پۆلێنی پەیکەری گشتی کارگێڕی، لە جۆری پەیکەری (Matrix Structure) کە شێوازیکی تایبەت لە سیستمی بەڕێوەبردن و وابەستە بە دوو ستونی کار لە کاروباری کارگێڕیدا. لەسەروی پەیکەرەکەوە بەرپرسی میدیای گۆڕان دێت کە بە بەرپرسی یەکەم لەقەڵەمدەدرێتو بەرپرسە لە بەشەکانی کەناڵەکە کە (6) بەشی سەرەکییە، ئەنجومەنی کارگێری یەکەکانی (کارگێری، خۆیی، سەرچاوەی مرۆیی، شۆفێران، خزمەتگوزاری، کارەبا) لەخۆدەگرێت،[3] بەرێوەبەرایەتی هەواڵیش بریتییە لە بەشەکانی (هەواڵ ساز، پەیامنێران، بێژەران، وەرگێران، وەرزش، هەواڵی کرمانجی، وێبسایت، هەواڵی ڕادیۆی گۆڕان، CG )، بەرێوەبەرایەتی هونەری

---

1. فاروق غەفور مەجید، بەرێوەبەری کارگێری میدیای گۆڕان، چاوێکەوتنی توێژەر 2017/4/8، سلێمانی، کەناڵی کەیئێن ئێن
2. چۆلی ئەسعەد، بەرێوەبەری بەرهەمهێنانی میدیای گۆڕان، چاوێکەوتنی توێژەر، 2017/4/9، سلێمانی، کەناڵی کەیئێن ئێن
3. فاروق غەفور مەجید، سەرچاوەی پێشوو

بەشەکانی(مۆنتاژ، ستۆدیۆ، دەنگ، گرافیك، کامیرا، پەخش، دەرهێنەر، پلەی CG، Ingest، ڕووناکی) لەخودەگرێت،(١) بەڕێوەبەرایەتی بەرنامەکانو بەرهەمهێنان بەشەکانی(دیکۆمێنتاری، بەشی ئێوارانو بەیانیان، بەرنامە ڕاستەوخۆکان، بەرهەمهێنان، تەنسیق) دەگرێتەوە، بەڕێوەبەرایەتی تەکنیکیش بەشەکانی(تەکنیکی، IT) لە خۆ دەگرێت، بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکانیش بەشی(پەیوەندییەکان) لەخۆدەگرێت.(٢) بروانە پاشکۆی(3).

## هەشتەم: بوارو سنوری توێژینەوە:

**أ. بواری کات:**

ئەم توێژینەوەیە ڕاپۆرتی هەردوو کەناڵی(GK) (KNN)ی لە مانگەکانی (10/1–12/31)ی ساڵی 2015 وەرگرتوە.

**ب. بواری شوێن:**

شوێنی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، شاری سلێمانی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە نوسینگەی سەرەکی هەردووکەناڵی (GK)و (KNN) تێدایە.

**ج. بواری بابەت:**

تەواوی ڕاپۆرتەکانی هەردوو کەناڵ لەو ماوەیەی وەك سامپڵێك دەستنیشانکراوە، وەرگیراوە.

## نۆهەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

لەئەنجامی گەڕان بەدوای ئەو توێژینەوانەی، پێشتر سەبارەت بەمۆنتاژ ئەنجامدروان، توێژەر ژمارەیەك توێژینەوەی دەستکەوتوە کە پەیوەندیدارن بەبابەتی توێژینەوەکەوە، بەمەبەستی سود وەرگرتن لەو توێژینەوانە کە لێرەدا ئاماژە بە ناوی توێژەروو ناونیشان و ئامانجەکانیان دەکەین.

### 1. توێژینەوەی Smith(3)2005

ئەم توێژینەوەیە لەساڵی (2005) دا، لەلایەن توێژەر (Tim J.Smith)، بەناونیشانی ( An attentional Theory of Continuity Editing) پێشکەشی کۆلێژی (Informatics) ی زانکۆی (Edinburgh) کراوە. لەرووی میتۆدەوە توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، باسی لە مۆنتاژی یەك لەدوای یەكو کاریگەری دەربارەی ئاکاری ڕێخستنی گێرانەوە لەفیلمدا کردووە، گرنترین ئامانجی توێژینەوەکە تیشك

1. ئاریان عبدالله، بەڕێوەبەری هونەری میدیای گۆران، چاوپێکەوتنی توێژەر، 2017/4/8، سلێمانی، کەناڵی کەیئێن ئێن

2. محمد رەوف، بەڕێوەبەری بەرنامەکانی میدیای گۆران، چاوپێکەوتنی توێژەر، 2017/4/8، سلێمانی، کەناڵی کەیئێن ئێن

3.Tim j.Simith,**An Attentional Theory of Continuity Editing**, This research is Unpublished ,Edinburgh, 2005.

خستنەسەر مۆنتاژی یەکلەدواییەکە لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمدا، بەئەندازەیەك توێژەر گەشتووەتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

ـ مۆنتاژی یەك لەدوایەك چەند گۆڕانكارییەك لەتێڕوانینی هاوشێوەی لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی جیهانی ڕاستیدا پێشكەشدەكات، هاوكات بایەخیان پێدەدات.

ـ كاریگەری ئەوبایەخانەی لەڕێگەی بەكارهێنانی مۆنتاژی یەك لەدوایەكەوە دروستدەبێت لەڕێگەی ڕووداوەكانی بینینەوە دەبێت.

ـ وەرگرتنی ئەوزانیارییە ئاڵۆزانەی كە گۆڕانكارییەكانی بینین لەئاگایدا بەرهەمدێنن بۆئەوەی بیركردنەوەیەكی بەردەوام لەڕێگەی چەند گرتەیەكی یەك لەدوای یەك دروستبكات.

## 2. توێژینەوەی حمید[1] 2005

ئەم توێژینەوەیە لەساڵی (2005)دا، لەلایەن توێژەر ( ایمان عبد الرحمن حمید)، بەناونیشانی (*استخدامات الصورة في الأخبار التلفزيونية*)، پێشكەشی كۆلێژی ڕاگەیاندنی زانكۆی بەغداد كراوە.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی وەسفییە باس لەبەكارهێنانی وێنە دەكات لەهەواڵی تەلەڤزیۆنیدا، لەگرنترین ئامانجەكانی توێژەر لەم توێژینەویەدا زانینی چییەتی زۆرترین وێنەی بەكارهاتووە لە هەواڵی كەناڵە تەلەڤزیۆنییەكاندا.

**ئەو دەرەنجامانەی توێژینەوەكە پێی گەیشتوە بریتین لە:**

– تەلەڤزیۆنی عێراق لەڕێگەی بڵاوكردنەوەی هەواڵەكانییەوە پشت بەهەواڵی وێنەگیراو دەبەستێت

– مۆركی جیهانی بەسەر هەواڵەكانییەوە زاڵە.

ـ ڕاپۆرتی عەرەبی پلەی یەكەمی گرتووە ، كە تایبەتە بە ڕووداوەكانی ئەم دواییەی عێراق.

ـ وێنە جولاوەكان لەنێو مادده وێنە گیراوەكاندا زۆرترین ڕێژەی بەكارهێنانیان هەبووە كە لە هەواڵو ڕاپۆرتەكانی ئەو ماوەی وەك سامپڵێك بۆتوێژینەوەكە وەرگیراوە، بەكارهاتوون.

## 3. توێژینەوەی عباس[2] 2012

ئەم توێژینەوەیە، لەساڵی(2012)دا، لەلایەن توێژەر(سلمى عبد السلام عبدالسیدعباس)، بەناونیشانی (توظیف الموسیقی والموثرات الصوتیة في برامج تلفزیون) پێشكەشی كۆلێژی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی زانكۆی سودان بۆ زانستو تەكنەلۆژیا كراوە.

---

1. ايمان عبدالرحمن حميد، **استخدامات الصورة في الأخبار التلفزيونية، دراسة مسحية لأنماط توظيف الصورة الأخبارية في تلفزيون العراق للمدة من 1–10–2002 / إلى1–4–2003**، رسالة ماجستيَر غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الاعلام، 2005

2.سلمى عبد السلام عبدالسيد عباس، **توظيف الموسيقى والموثرات الصوتية في برامج تلفزيون**، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية الدراسات العلياو البحث العلمي، 2012

لــە ڕووی میتــۆدەوە توێژینەوەیــەکی وەســفی شــیکارییە، ئــەم توێژینەوەیــە هــەوڵی ناســاندنی چــۆنێتی جێبــەجێکردن‌و بــەکارهێنانی مۆســیقاو ئــەو کارتێکــەرە دەنگیــە تەلەڤزیۆنیانــە دەدات کــە ڕۆڵیــان لــە دەوڵەمەندکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنیدا هەیە.

توێژەر ئامانجی لەم توێژینەوەیە ئەوەیە، دەربیخات مۆسیقاو کارتێکەرە دەنگییەکان چ ڕۆڵێکیان لەبەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا هەیە.

**دەرئەنجامی توێژینەوەکە بریتیەلە:**

- نەبونی مۆسیقایەکی تایبەت لەمۆسیقای بەرنامەو کارتێکەرە دەنگییەکاندا.

– مامەڵەی لەگەڵ مۆسیقاو کارتێکەرە دەنگییە ناوخۆییەکاندا نەکردووە، مەگەر لەقۆناغەکانی داهاتووی تەمەنی پەخشی تەلەڤزیۆنیدا.

- نەبونی ئەرشیفی مۆسیقا بۆ ئەو مۆسقاوکارتێکەرە دەنگییانە کە لەبەرنامەکاندا هەیە لەنێوان ئەرشیفی تەلەڤزیۆنەکەدا.

## 4. **توێژینەوەی عبدالرحمان**[1] 2012

ئەم توێژینەوەیە لەساڵی(2012)دا، لەلایەن توێژەر(کاوەعزالدین عبدالرحمن)ەوە، بەناونیشانی(استخدام المؤثرات الصورية في التغطية الاخبارية للفضائيات الكردية وتأثيرها في بناء القائم بالاتصال للمضمون)، پێشکەشی کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی جنانی لوبنان کراوە.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاری‌و مەیدانیە باسی لەبەکارهێنانی کارتێکەری وێنەیی کردووە لەڕووماڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکاندا.

ئامانجەکانی توێژینەوەکەش بریتیە لە:

- ناسینی ئەو کارتێکەرە ڕەنگیە بەکارهێنراوانەی، لە ڕووماڵکردنی هەواڵی کەناڵە کوردییەکاندا هەیە.

- ناسینی چونێتی بەکارهێنانی ڕاگەیەندنکار بە پرۆسەی مۆنتاژو کارتێکەرە وێنەییەکانەوە، کە لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەکاردەهێنرێت.

- دەرخستنی ڕادەی لێکچون‌و جیاوازی لەنێو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، سەبارەت بە بەکارهێنانی کارتێکەری وێنەی لەڕووماڵی هەواڵەکانیانداو مۆنتاژکردنی.

1.کاوه عزالدين عبدالرحمن، **استخدام المؤثرات الصورية في التغطية الاخبارية للفضائيات الكردية وتأثيرها في بناء القائم بالاتصال للمضمون**، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة جنان، كلية الاعلام، 2012

**ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەشتوە بریتبن لە:**

ـ ئامانجەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە کارتێکەری بڕین بە بەراورد بە کارتێکەرەکانی تر ڕێژەیەکی زۆرتری گرتووە، کە لەمۆنتاژی هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانیەکاندا بەکارهاتووە، ئەویش بۆئەوە دەگەڕێتەوە بە ئاسانترین ئاڵوگۆڕکردنی گرتەکانو خێراترین دادەنرێت لە گرتەیەکەوە بۆ گرتەیەکی تر.

ـ گواستنەوە لە گرتەیەکەوە بۆ گرتەیەکی ترو بەکارهێنانی ئەو کارتێکەرە کە گرتەکان بەیەکەوە دەبەستێت لە دەسەڵاتی مۆنتێرو دەرهێنەردایە لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆسەی مۆنتاژی مادە فیلمیەکە.

ـ ڕوومالی سەرەکی ئەو کەنالانەی وەك سامپڵ وەرگیراوە لەم توێژینەوەیەدا کە خاوەن ناخشیکاری جیاوازن لەڕێگەی کارتێکەری بڕینەوە جێبەجێدەکرێت.

## 5. توێژینەوەی عبدالرحمن[1] 2015

ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی (2015)دا، لەلایەن توێژەر (کاوە عزالدین عبدالرحمن)ەوە، بەناونیشانی (استخدام مؤثر القطع في فيلم " کوێستانی سپی)، پێشکەشی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی میتۆدی بەکارهاتوو توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە باس لە بەکارهێنانی کارتێکەری بڕین (cut) دەکات لە فیلمی (کوێستانی سپی).

**ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:**

ـ زانینی ژمارەی کارتێکەری بڕین لەفیلمی (کوێستانی سپی)

ـ زانینی جۆرەکانی گواستنەوەی بەکارهێنراو لە بەرهەمهێنانی (فیلمی کوێستانی سپی).

ـ دۆزینەوەی هۆکاری بەکارهێنانی کارتێکەری بڕین لەکاتی گواستنەوەی گرتەکان لە فیلمی (کۆێستانی سپی)

ـ دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەی، ئاگایی لای وەرگر لەفیلمی (کۆێستانی سپی)، ناهێڵێت.

ـ ناسینەوەی قەبارەی گرتە وێنە گیراوەکان لەفیلمی (کۆێستانی سپی).

دەرئەنجامکانی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بریتین لە:

ـ دەرهێنەر بەشێوەیەکی زۆر پشتی بە کارتێکەری بڕین(cut) بەستووە، بەشێوەیەکی چڕ بۆ بەستنەوەی بەشەکانی فیلمو گێڕانەوەی چیرۆکەکە.

ـ دەرهێنەر هەوڵی داوە وا لە وەرگر بکات لەڕێگەی بەکارهێنانی کارتێکەری بڕین لە چەند گرتەیەکی گشتیو مامناوەندو نزیکدا ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ڕوون تەماشابکرێت.

ـ دەرهێنەر ئامێری گواستنەوەی تێکەڵکردن (dissolve)، بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی ئەو ماوە کورتەی بەسەرچووە.

---

1. کاوەعزالدین عبدالرحمن، **استخدام مؤثر القطع في فيلم "کوێستانی سپی**، مجلة كرميان، العدد12، 2016

## 6. توێژینەوەی طه[1] 2016

ئەم توێژینەوەیە، لە ساڵی(2016) دا، لەلایەن توێژەر (محمد عبدالفتاح طە) بەناونیشانی (طبیعة الدور التعبیری الاتصالي للمونتاج في الافلام السینمائیة) پێشکەشی کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی شرق الاوسط کراوە. لە ڕووی میتۆدەوە توێژینەوەیەکی وەسفی (دراسە حالە)یە، بەئامانجی هێنانەکایەی ئەو ئامانجانە نوسراوە کە ئەویش زانینی شێوازەکانی مۆنتاژە بۆ دۆزینەوەی ماناو قوڵی بەکاردەهێنرێت، هەروەها بۆڕێخستنەوەی ئەو گێڕانەوانەی کە لەفیلمە سینەماییەکاندا هەیە.ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەش بریتین لە:

- ڕاڤەکردنی ڕۆڵی بۆچون دەربارەی مۆنتاژە، بەهەموو جۆرە جیاوازەکانییەوە لەفیلمی سینەماییدا.
- زانینی پەیوەندی مۆنتاژ بەدروستکردنو هێنانەکایەی قوڵی ئەومانایانەی لە فیلمی سینەمایدا هەیە، ئەمەش لەڕێگەی شیکاریکردنی چۆنێتی جێبەجێکردنی شێوازەجیاجیاکانی مۆنتاژ لە فیلمە سینەماییەکاندا کە تێکڕای ئەم جۆرانەی بەسەر دوو بەشەکەدا دابڕاندوە، جێبەجێکردووە.
- ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکردنی یاسایەکە کە مەعریفە، بەڕاگەیاندنکارو بەرهەمهێنەرەکانو فیلمسازەکانو خاوەنی پەیامەکانی ڕاگەیاندن، دەبەخشێت.

**ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:**

- مۆنتاژ جەوهەری بەهای دەربڕینە لەفیلمی سینەماییدا.
- توێژەر هاوڕایە لەگەڵ وتەی (کولشیوف) کەدەڵێت: فیلم لەمۆنتاژەوە دەستپێدەکات.
- مۆنتاژ دەتوانێت هەست بە بەردەوامی دروستبکات.
- مۆنتاژ پەیوەندی لەنێوان گرتەکانو زەمەنەکان دروستدەکات.
- مۆنتاژ توانای ئاڕاستەکردنی بینەری هەیە سەبارەت بە بیرکردنەوەی، دەتوانێت گۆڕانکاری بکات لەیەک کاتدا لەڕێگای دووجار پیشاندانی گرتەو دیمەنەکان
- مۆنتاژ کاریگەری لەسەر لایەنی دەرونی بینەر دەکات، بەئەندازەیەك دەتوانێت بینەر بگرێنێتو دڵخۆشی بکات یان بیترسێنێتو توشی شڵەژانی بکات.
- مۆنتاژ دەتوانێت لەڕێگەی ڕێخستنی گرتە نا پەیوەستەکان چەندین بیرۆکەی نوێ بێنێتە ئاراوە.

---

1. محمد عبدالفتاح طة، **طبیعة الدور التعبیری الاتصالي للمونتاج في الافلام السینمائیة**، رسالة ماجستیر غیرمنشورة، کلیة الاعلام، جامعة الشرق الاوسط، 2016

**دەهەم: سودوەرگرتنی توێژەر لە توێژینەوەکانی پێشوو**

دوای خستنەڕووی (6) توێژینەوەی پێشوو، کە بە زمانەکانی عەرەبیو ئینگلیزی ئەنجامدرابوون، توێژەر هەوڵیداوە لە چەند ڕویەکەوە سودیان لێوەربگرێت، وەك:

- سوودوەرگرتن لەڕوی میتۆدی توێژینەوە.
- سودوەرگرتن لەڕووی پلانو نمونەی توێژینەوەو هەنگاوە زانستیەکانیان.
- سودوەرگرتن لە سەرچاوەکانیانو گەڕان بەدوای ئەو سەرچاوە زانستیانەی لەو توێژینەوانەدا خراونەتەڕوو.
- سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو وەك سەرچاوەی زانستی.

# بەشی سێهەم

## لایەنی پراکتیکی

## شێوازە هونەریەکانی مۆنتاژکردنی ڕاپۆرت لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی(Gk) و (Knn)دا

**یەکەم: هەنگاوەکانی لایەنی پراکتیکی**

**دووەم: خستەڕووی بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنیدا لەهەردوو کەناڵی ئاسمانی (Gk) و (Knn) دا.**

# 3. لایەنی پراکتیکی

## شێوازە هونەریەکانی مۆنتاژکردنی ڕاپۆرت لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی(Gk) و(Knn)دا

### یەکەم: هەنگاوەکانی لایەنی شیکاری ناوەڕۆك

ئـەم توێژینەوەیـە بەمەبەسـتی شـیکردنەوەی شـێوازوەکانی پەیوەسـت بـە مۆنتـاژکردنی ڕاپۆرتـە تەلەڤزیۆنییەکان لەهەردوو کەناڵی (Gk)و (KNN) دا، بەپشتبەستن بەمیتۆدی شیکاری ژمارەیەك ڕێوشوێنی زانستی گرتۆنەبەر بەم شێوەیەی خوارەوە:

#### 1: چەمکی شیکاریی

شیکاری ناوەڕۆك چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە، لـەنێو ئـەم پێناسـانەدا (برنـارد بیرسـون) دەڵێـت: (شـێوازێکی توێژینەوەیـە بـۆ دانـانی وێنایـەکی ڕێکخـراوو بابـەتی بۆنـاوەڕۆکی ڕواڵـەتی بابەتـەکانی پەیوەست بەکۆمۆنیکەیشن،[1] لەم سـۆنگەیەوە چـەمکی شـیکاری شـێوازێکە بـۆ پـۆلێنکردنی خەسـڵەتەکانی ناوەڕۆکی دەستەکانی پەیوەست بەئەوبنەمایانەی شیکاری دیاری دەکات.[2]

توێـژەر ئـەم میتـۆدەی بـۆ شـیتاڵکردنو شـیکردنەوەی شـێوازی مۆنتـاژکردنی ڕاپۆرتـەکان بـەکارهێناوەو ڕێوشوێنەکانی پەیوەست بەومیتۆدەی گرتووەتەبەر.

#### 2: دروستکردنی فۆڕمی شیکاری:

بەوپێیـەی ئـەم توێژینەوەیـە شـیکارییەکی پاشـوەختە واتـا فـۆڕمێکی ئامـادەکراو نییـە کـە توێـژەر پشـتی پێبەستبێت، بۆیە بۆ دروستکردنی، سەرەتا توێژەر تەمەشای تەواوی ئەو ڕاپۆرتانـەی کـرد، کـە وەك نمونـەو سامپڵ وەری گرتبو و دوای تەماشاکردنی، یەکەو دەستەکانی دیاریکرد.

#### 3: دیاریکردنی یەکەکانی شیکاری:

بەوپێیەی زۆرترین ئەو توێژینەوانەی ئەم میتۆدە بەکاردەهێنن، شیکاری بۆ ناوەڕۆکی نوسین دەکـەن، چـەند یەکەیەکی شیکاری وەردەگرن وەك وشە، بیرۆکە، ڕستە، بڕگە، کەسایەتی، بەڵام بەوپێیەی ئەم توێژینەوەیـە تایبەتە بەشیکردنەوەی ئەو وێنە جوڵاوانەی بەشێوەی مۆنتاژ دیاریکراوەو ناوەڕۆکی توێژینەوەکە وێنەیە نەك نوسین، بۆیە یەکەی گرتەی وێنەیی پشتی پێبەستراوە، واتـا هـەر گرتەیـەو بـەجیا وەرگـیراوەو شـیکاری بـۆ

1.واين ا.دانيلون،**تحليل المضمون وبحوث الاتصال**، جامعة لويزانا في الولايات المتحدة الامريكية، ترجمة المركز العربي للبحوث، المركز العربي لبحوث المستملين والمشاهدين، بغداد، 1988، ص ص 169

2 .مصطفى حميد الطائي، خير ميلاد ابوبكر، مناهج البحث العلمي، وتطبيقها في الاعلام والعلوم السياسية، الاسكندرية،دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر، 2007،ص125

کراوە کە هاوتەریبەو هاوشێوەی یەکەی برگەو ڕستەیە لەبواری شیکردنەوەی دەقە نوسراوەکاندا، بەوپێییەی لە ڕێزمانی زمانی سینەمادا دەوترێت (گرتە = وشە)، واتە هەر گرتەیەك وشەیەکە و ئامرازەکانی پەیوەندیش ئەو کارتێکەرانەن کە گرتەکان پێکەوە گرێدەدات.

## 4: دیاریکردنی دەستەکانی شیکردنەوە:

مەبەست لەیەکەی شیکردنەوە پۆلێنکردنی یەکەکانە بەگوێرەی ناوەرۆك واتا ئەو بابەتە میدیاییانەی شیکاری بۆدەکرێت، دەکرێت بەچەند بەشێکەوە کە سیماو خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە لەسەر بنەمای ئەو پێودانگە پۆلێن کارییانەی کە پێداویستیو ئامانجەکانی توێژینەوە مەبەستیانە.

دەستەکانی شیکاری بەگوێرەی میتۆدی شیکاریی ناوەۆرك، دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکییەوە کە بریتین:[1]

**جۆری یەکەم**: وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە(چی وتراوە)، کە تایبەتە بەخستنەڕووی بابەتی ئەو ناوەرۆکانەی شیکاری دەکرێن.

**جۆری دووەم**: وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە(چۆن وتراوە) کەتایبەتە بەخستەڕووی ئەوشێوازەی کە ناوەرۆکەکەی خراوەتەڕوو کە زیاتر پەیوەستە بەفۆڕمی ناوەرۆکەوە.

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە جۆری دووەم بەستووە، کە تایبەتە بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە دەڵێن (چۆن وتراوە)، بەوپێیەی ئەم توێژینەوەیە شێوازی مۆنتاژکردنی خستووەتەڕوو، واتا ئەو وەڵامەی داوەتەوە کە چۆن مۆنتاژی ڕاپۆرتەکان کراوە.

## 5: پێناسەکردنی دەستەکانی توێژینەوە:

**دەستەی یەکەم**: جۆری ڕاپۆرت: مەبەست لەم دەستەیە خستنەڕووی جۆری ڕاپۆرتە لەڕووی جۆرەوە، کە پۆلێن کراوە بۆ (ڕاپۆرتی ساردو ڕاپۆرتی گەرم).

- ڕاپۆرتی سارد: ئەو ڕاپۆرتانە دەگرێتەوە باس لەو ڕووداوانە دەکات هەنوکەیی نین، لەهەرکاتێکدا بێت دەتوانین ڕاپۆرتیان لەبارەوە بکەین پەخشبکرێن.

- ڕاپۆرتی گەرم: مەبەست لەو ڕاپۆرتانەیە کار لەسەر ڕووداوە هەنوکەییەکان دەکات، جێگەی بایەخی بینەرانو پەیوەندیدارە بە ژیانی ڕۆژانەیان.

**دەستەی دووەم**: شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرت: لێرەدا باسمان لە لەشێوازی ئەنجامدانی جۆری ڕاپۆرتەکان کردووە، کە بە دوو شێواز ئەنجامدەدرێن ئەوانیش بریتین لە:

1.سمير محمد حسين، **بحوث جامعية في الاعلام**، القاهرة، دار الفجر ونشرالتوزيع، ، 2002ص181

ـ ڕاپۆرتی مەیدانی: مەبەست لەم شێوازە ئەنجامدانی ڕاپۆرتە بەشێوەیەکی مەیدانی پەیامنێر دەچێتە ناو ڕووداوەکەوەو بە ئامادەبوونی ڕاپۆرتەکە ئەنجامدەدرێت.

ـ ڕاپۆرتی ئامادەکراو: لەم شێوازەدا ڕاپۆرت لەبارەگای کەناڵ لەژووری هەواڵ ئامادەدەکرێت، لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لەسەر ڕووداوەکە هەیە، شێوازێکی ڕاڤەکارییانە لەخودەگرێت شیکردنەوە بۆ ڕووداوە ساردو گەرمەکان دەکرێت‌و بەوێنەو دەنگ دەخرێتەڕوو.

ـ دەستەی سێیەم: بەکارهێنانی کارتێکەری وێنەیی: مەبەست لەم دەستەیە ئەو کارتێکەرانەن کە لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا لە کاتی گواستنەوە لەگرتەیەك بۆگرتەیەکی بەکاردەهێنرێن، ترئەمەش بۆ بەستنەوەو جوانکردن‌و ڕێکخستن بەکاردەهێنرێت، کە پۆلێن کراوەبۆ ئەم جۆرانە:

+ کارتێکەری بڕین (CUT): ئەم جۆرە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەمۆنتاژی ڕاپۆرتدا، بەخێراترین گواستنەوە لەگرتەیەکەوە بۆگرتەیەکی تر دادەنرێت، واتا گرتەی یەکەم دەبڕیت پاشان گرتەی دووەم دەخرێتەڕوو.

+ کارتێکەری تێکەڵکردن (dissolve): مەبەست لەم جۆرە تێکەڵکردنی دووگرتەیە لەیەك کاتدا، کاتێك دەمانەوێت لەگرتەی یەکەمەوە بۆگرتەی دووەم بچین، چەند فرەیمێك لەگرتەی یەکەم تێکەڵ بە فرەیمەکانی گرتەی دووەم دەکەین.

+ کارتێکەری سڕینەوە (wipe): ئەم جۆرە کاتێك لەنێوان دووگرتەدا بەکاریدەهێنین، کە گرتەی یەکەم گرتەی دووەم دەسرێتەوەو دەچێتە شوێنی.

+ کارتێکەری داخڵکردن‌و دەرچوون (Fade in-Fade out) :مەبەست لەم جۆرە ئەوەیە کاتێك دەمانەوێت داخڵی گرتەی یەکەم بین، شاشەکە لەڕەشەوە داخڵی وێنەکە دەبێت، ئەگەر ویستمان لەگرتەی یەکەم دەربچین شاشەکە ڕەش دەبێت‌و داخڵی گرتەی دووەم دەبێت.

**دەستەی چوارەم**: بەکارهێنانی وێنە: لەم دەستەیەدا باس لەو وێنانە دەکەین، کە لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا بەکارهاتوون ئەمەش بۆ وێنەی جوڵاو، وێنەی وەستاو، وێنەی گرافیکی پۆلێن کراوە.

**دەستەی پێنجەم**: ماوەی وێنەی بەکارهاتوو: مەبەست لەم دەستەیە وادەی زەمەنی ئەو وێنانەیە کە لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا بەکاردەهێنرێت، تاچەندێك وێنە بەکارهاتووەکان دەمێنێتەوە لەسەر شاشە، بۆ ماوەی وادەی زەمەنی (کورت‌و مامناوەندو درێژخایەن) پۆلێن کراوە.

**دەستەی شەشەم:** بەکارهێنانی گرتەکانی کامێرا: لەم دەستەیەدا گرتەکانی کامێرا کە وێنەگر لەکاتی وێنەگرتنی ڕووداوەکەدا تۆماریی کردوون خراوەتەڕوو، کە بۆ گرتەکانی (گشتی، تەواو، ناوەند، ناوەندی نزیك، نزیك) پۆلێن کراون.

**دەستەی حەوتەم:** بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا: مەبەست لەم دەستەیە خستنەڕووی ئەو جوڵانەی کامێرایە کە وێنەگر لەکاتی تۆمارکردنی وێنەی ڕووداوەکان تۆماری کردونو بەکارهاتوون لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەکاند ئەمەش بۆ جوڵەی (zoom-pan-tiilt) پۆلێن کراوە.

**دەستەی هەشتەم:** بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا: لەم دەستەیەدا ئەو گۆشانەی کامێرا دەخەینەڕوو، وێنەگر بەکاری هێناوە بۆتۆمارکردنی وێنەی ڕووداوەکانو بەکارهاتوون لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا پۆلێن کراوە بۆ گۆشەکانی (بینینو بەرزو نزم).

**دەستەی نۆیەم**: بەکارهێنانی فلتەری وێنە: مەبەست لەم دەستەیە خستنەڕووی ئەو فلتەرە وێنەییانەیە، مۆنتێر بۆسەر وێنەکە بەکاریدەهێنێت، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی وێنە پەنای بۆ دەبرێت، ئەویش بۆ فلتەری پۆلێن کراوە:

- colorcorrection : ئەم جۆرە فلتەرە لە کاتی بونی کێشەی ناهاوسەنگی ڕەنگ، چارەسەرکردنی وێنەکە لە ڕووی هاوسەنگی تۆنەکانی ڕەنگەوە بەکاردەهێنرێت.

-Blure: ئەم جۆرە بۆ چارەسەرکردنی قەبارەی وێنە بەکاردێت، لەکاتی بەکارهێنانی وێنەی قەبارە بچوك لەرێگەی ئەم فلتەرەوە چارەسەردەکرێت، بەجۆرێك قەبارەی وێنەکە بۆ قەبارەی ستانداردی شاشەکە دەگۆڕێت.

-Mosaic : بۆ شاردنەوەی ئەو بەشەی کە پێویستە بینەر نەیبینێت بە کاردەهێنرێت، یاخود لە وێنەی تۆمارکراو نەیناسێتەوە.

**دەستەی دەیەم:** دەنگی سروشتی: بریتییە لەخستنەڕووی ئەو دەنگە سروشتییانەی لەکاتی مۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا لەپاڵ وێنەو دەنگی پەیامنێر بەکاردەهێنرێت، بۆبەکارهێنانی (دەنگی سروشتی سەرەتا، دەنگی سروشتی ناوەند، دەنگی سروشتی کۆتایی ) پۆلێن کراوە.

**دەستەی یانزەیەم**: دەرکەوتنی پەیامنێر، مەبەست لەم دەستەیە ئەوەیە، کە چەند جار پەیامنێر دەرکەوتوە، لەڕاپۆرتەکاندا دەیخەینەڕوو ئەویش پۆلێن کراوە بۆ دەرکەوتنی پەیامنێر لە(سەرەتا، ناوەند، کۆتای).

## 6: ڕاستی فۆڕمی شیکاری

مەبەست لەڕاستی شیکاری بەئاگابوونی توێژەرە لەڕادەی دروستی ئەو فۆڕمەی بۆ پێوانەکردنی بابەتەکان بەکاریدەهێنێ، [1] ئەگەرچی هەنگاوی دەرهێنانی ڕاستیو دروستی فۆڕمی شیکاریی یەکێکە لەهەنگاوە سەرەکییەکانی میتۆدی شیکاری ناوەڕۆك، بەڵام یەك جۆر لەبەردەستدانییەو توێژینەوەکان زیاد لەجۆرێك دەگرنەبەر، ئەم توێژینەوەیە جۆری ڕاستی ڕواڵەتی بەکارهێناوە، هەروەك لە زۆربەی توێژینەوەکانی پەیوەست

---

1..محمد منير حجاب، سەرچاوەی پێشوو، لا 156

بەشیکاری ناوەڕۆکدا بەکاردێت، کە پیشاندانی فۆڕمی شیکارییە بەچەند پسپۆڕو هەڵسەنگێنەرێك بەمەبەستی بەئاگابوون لەڕاستیو دروستی ئەو فۆڕمەی بۆ شیکاری، دروستکراوە، ناوی پسپۆڕو هەڵسەنگێرەکان بە گوێرەی پلەی زانستییان(*). دوای هەڵسەنگاندنی فۆڕمەکە لەلایەن پسپۆڕانەوە، ڕادەی ڕاستیو دروستی بەڕێژەی (0.967) دیاریکرا، کە لەڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی گونجاوە.

ڕاگەیاندن، پاشان ڕێژەی ڕێککەوتنیان بە پێی ئەم لێکدانەوە ئامارییە بەدیهات:

$$\text{ڕێژەی هاویەکی} = \frac{\text{ن} \times \text{ناوەندی ڕێککەوتنی هەڵسەنگێنەران}}{1+((\text{ن}-1) \times \text{ناوەندی ڕێککەوتنی هەڵسەنگێنەران})}$$

$$\text{ڕێژەی هاویەکی} = \frac{0.81 \times 7}{1+(0.81 \times 6)} = 0.967$$

## 7: جێگیری

مەبەست لە جێگیری، گەیشتنە بە هەمان ئەنجامی شیکاری یەکەم، بە دووبارەکردنەوەی شیکاریی دەستەکان بەسەر هەمان سامپڵ بە ڕێژەیەکی دیاریکراو و لە کاتێکی دیاریکراودا، توێژەر بۆ گەیشتن بە جێگیری دوو ڕێگای ئەنجامدا وەك لە خوارەوە خراونەتەڕوو:

یەکەم/ جێگیری لەگەڵ خود: توێژەر هەستا بە دوبارە شیکردنەوەی دەستەکان بە تێپەڕینی ماوەی (سێ مانگ) بەسەر مێژووی یەکەم شیکاریدا، لەگەڵ خودی خۆی، بەسەر ڕێژەی (10٪) سامپڵی توێژینەوەکە کە (338) ڕاپۆرتە– هەواڵە، بە پشت بەستن بە یاسای "هۆڵستی" بۆ جێگیری، ناوەندی هاویەکی توێژەر لەگەڵ خودی

$$\textbf{Coefficient}\ \text{Reliability} \quad CR: \quad \frac{2M}{N1 + N2}$$

(*) هەڵسەنگێنەران:

1. د. حەبیب مال الله ابراهیم، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سەلاحەدین
2. د. فواد احمد علی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی
3. د. هێمن مجید، پرۆفیسۆری یاریدەدەر ، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی
4. د. حکیم عوسمان، پرۆفیسۆری یاریدەدەر ، بەشی تەکنیکی میدیا، زانکۆی پۆلۆتەکنیکی سلێمانی
5. د. سلام نصرالدین محمد، پرۆفیسۆری یاریدەدەر ، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی
6. د. ابتسام اسماعیل قادر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر ، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی
7. د. ڕێبەر گۆران، مامۆستا ، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی

خۆی کردییە (0.957)، ئەمەش بۆ دڵنیا بوون لە روونی و راستگۆیی دەستەی شیکارییەکان بە رێژەیەکی بەرز دادەنرێت.

$$\frac{2 \times 423}{442 + 442} = 0.957$$

دووەم/ جێگیریی لەگەڵ کەسانی تر: توێژەر هەستا بە دووبارەکردنەوەی شیکارییەکە لەگەڵ (سێ)(*) کەسی تر، هەروەها شیکاری (5٪) قەبارەی سامپڵەکەیان ئەنجامدا، کە پێکهاتووە لە شیکار کردنی (13) دەستە بۆ (17) راپۆرتە هەواڵی هەردوو کەناڵی (KNN,GK) بە یەکسانی، بە بەکارهێنانی یاسای "هۆلستی" بۆ جێگیری، ئەنجامی کۆتایی بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو:

یاسای جێگیری: $\frac{2M}{N1 + N2}$ CR: **Coefficient** Reliability

M ژمارەی هاویەکی نێوان کەسەکان. N1 ژمارەی داتاکان کە کەسی یەکەم شیکردووەتەوە.
N2 ژمارەی داتاکان کە کەسی دووەم شیکردووەتەوە.

دەرەنجامی کەسەکان بە کۆدی (A,B,C,D):

$$\frac{N(N-1)}{2} = \frac{3 \times 4}{2} = 6$$

0.93 =A,D    0.91 = B,C    0.87 = A,B

0.86 = D,C    0.90 = D,B    0.96 =A,C

ریزبەندی داتاکان لە نزمەوە بۆ بەرز بۆ دۆزینەوەی ناوەراستە:

0.96    0.93    0.91    0.90    0.87    0.86

**کەواتە جێگیری بەپێی یاسای "هۆڵستی" دەکاتە:**

$$\frac{0.91 + 0.90}{2} = 90.5\ \%$$

**ئەم ئەنجامە رێژەیەکی باشە و ئاماژەیە بۆ جێگیری**

(*)

1. کاوە عزالدین عبدالرحمن ، مامۆستا، زانکۆی سلێمانی
2. یوهان عوسمان حمە، مامۆستا، زانکۆی سلێمانی
3. کاروان عبداللە محمد، مامۆستای یاریدەدەر، زانکۆی سلێمانی

## 8: شێوازەئامارییەکان

شێوازە ئامارییەکانی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بۆ دیاریکردنی ئەنجامەکانی پەیوەست بەلایەنی شیکاری، توێژەر بەرنامەی کۆمپیوتەری (spss) بەکارهێناوە، بۆ شیکردنەوەی داتاکـان پـەنای بـۆ کۆمـەڵێك شـێوازی ئاماری بردووە:

- بەکارهێنانی رێژەی سەدی (percent).
- دۆزینەوەی (ناوەندە ژمێرە means، جیاوازی variance، لادانی پێوەریstd, deviation ).
- دۆزینەوەی جیاوازیی نێوان گۆڕاوەکان لە رێگەی بەکارهێنانی ( T-test, Z-test ).

## دووەم: خستەڕووی بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ.

## لە بەرهەمهێنانی راپۆرتی تەلەڤزیۆنیدا لەهەردوو کەناڵی(Knn) و(Gk)دا

لەچوارچـێوەی خسـتەڕووەی بـەکارهێنانی شـێوازەکانی مۆنتـاژ لەهـەردوو کـەناڵی(Gk)و(Knn )، توێـژەر میتۆدی شیکاری ڕوواڵەتی بۆ بەئەگابوون لە شێوازی بەکارهێنانی مۆنتاژ لە ڕاپۆرتەکانـدا بـەکار هێنـاوە، بـۆ هەریەکە لەو ڕاپۆرتانەش توێژەر ئەم هەنگاوانەی گرتووەتەبەر:

بەمەبەستی خستەڕووی شـێوازەکانی بـەکارهێنانی مۆنتـاژ لەهـەردوو کـەناڵی (GK)و(KNN)دا، بـەپێی ئـەو ئامانجانـەی ئـەو توێژینـەوە هەیـەتی توێـژەر لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی بەرنامـەی (spss)، گەشـتووەتە ئـەم ئەنجامانەی خوارەوە:

## 1: شێوازی بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕاپۆرتە هەواڵ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK)و (KNN)

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە (شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕاپۆرتە هەواڵ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی ( GK) و (KNN) دەرکەوتووە، کە (بەکارهێنانی ڕاپۆرتی گەرم) لە هەردوو کەناڵەکەدا بە پلەی یەکەم دێت ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی هەردوو کەناڵەکە توانیویانە زۆرتر گرنگی بەو ڕووداوانەی ڕۆژ بدەن، کە زیاتر دەبنە جێگەی بایەخی بینەران و زۆرترین ڕاپۆرت لەو بارەیەوە ئەنجامبدەن، بۆ بەئاگابوون لە رادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (جۆرەکانی ڕاپۆرتە هەواڵ) لەنێوان هەردوو کەناڵ، دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z- Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری نییە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە، (ئاماژە) زیاترە لە(0.05)، ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە هەردوو کەناڵەکە توانیویانە هاوسەنگییەك لەبەکارهێنانی شێوازو جۆری ڕاپۆرتەکاندا ڕاگرن.

بڕوانەخشتەی (1).

**خشتە (1)**

**شێوازی بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕاپۆرتەهەواڵ هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK)و (KNN).**

| ئاماژە | Z- test | کۆی گشتی | | Knn | | GK | | تەلەڤزیۆن / جۆری ڕاپۆرت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | % | د | % | د | % | د | |
| 0.759 | .306 − | 30.47 | 103 | 29.8 | 56 | 31.3 | 47 | سارد |
| | | 69.52 | 235 | 70.2 | 132 | 68.7 | 103 | گەرم |
| | | 100 | 338 | 100 | 188 | 100 | 150 | کۆی گشتی |

## 2. شێوازی بەکارهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و(KNN)

لە دوای هەلأوێردکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە (شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتەهەواڵ لە هەردوو کەناڵی ( Gk) و (KNN)دا، دەرکەوتووە، کە (بەکارهێنانی شێوازی ڕاپۆرتی مەیدانی) دێت لە هەردوو کەناڵەکەدا بە پلەی یەکەم، بۆ بەئاگابوون لە رادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتەهەواڵ) لەنێوان هەردوو کەناڵ، دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەرووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە(0.05) جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی کەناڵی (KNN)دایە. بڕوانەخشتەی (2).

**خشتەی (2)**

**شێوازی بەکارهێنانی ڕاپۆرتە هەواڵ، لەهەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK)و (KNN)**

| تەلەڤزیۆن / جۆری ڕاپۆرت | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- test | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| ئامادەکراو | 45 | 30 | 84 | 44.68 | 129 | 38.16 | 2.756- | 0.006 |
| مەیدانی | 105 | 70 | 104 | 55.31 | 209 | 61.83 | | |
| کۆی گشتی | 150 | 100 | 188 | 100 | 338 | | | |

## 3: شێوازی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی کەناڵی ئاسمانی (GK)و (KNN)

لە دوای هەلأوێردکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی هەردوو کەناڵی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، کە (بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆی (cut) لە هەردوو کەناڵی ( GK) و (KNN) بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها بەکارهێنانی کارتێکەری (Mix)، لەپلەی دووەم دایە، بۆ بەئاگابوون لە رادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (کارتێکەری ڤیدیۆی) لەنێوان هەردوو کەناڵ، دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە تەنها لەبەکارهێنانی کارتێکەری (Mix)، (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لە رووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە(0.05) جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (KNN)، بەلأم سەبارەت بە بەکارهێنانی کارتێکەری (wipe-fade-cut)، هیچ جیاوازییەك نییە. بڕوانە خشتەی (3).

**خشتەی (3)**

**شێوازی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK) و (KNN)**

| ئاماژە (مدى الدلالە) | Z- tesr | کۆی گشتی | | Knn | | GK | | تەلەڤزیۆن / کارتێکەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | |
| 0.243 | 1.169− | 97.30 | 7894 | 96.97 | 4394 | 97.71 | 3500 | Cut −برین |
| 0.025 | 2.239− | 2.63 | 214 | 3.00 | 136 | 2.17 | 78 | Mix−تێکەڵکردن |
| 0.436 | 0.779− | 0.03 | 3 | 0.02 | 1 | 0.05 | 2 | Faid in-faid out |
| 0.113 | 1.586− | 0.02 | 2 | 0 | 0 | 0.05 | 2 | Wipe −سڕینەوە |
| | | 100 | 8113 | 100 | 4531 | 100 | 3582 | کۆی گشتی |

## 4: شێوازی بەکارهێنانی وێنە لە ڕاپۆرتە هەواڵەکانی (GK) و (KNN):

لـە دوای هـەڵاوێرکردنی داتـاو زانیارییـەکانی پەیوەسـت بـە شـێوازو جیـاوازی بـەکارهێنانی وێنـەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، کە (بـەکارهێنانی وێنـەی جـوڵاو) لـە هەردوو کەناڵی ئاسمانی ( GK) و (KNN) بە پلـەی یەکـەم دێـت، هـەروەها بـەکارهێنانی وێنـەی (وەسـتاو)، لەکەناڵی ئاسمانی (GK) لەپلەی دووەم دایە، لەدوای وێنەی جوڵاو، زۆرترین وێنەی وەستاوی بـەکارهێناوە، بەڵام کەناڵی ئاسمانی (KNN) وێنەی گرافیکی، ڕیزبەندی دووەمی گرتووە، کەناڵی گـەلی کوردسـتانیش هـیچ وێنەیەکی گرافیکی بەکارنەهیناوە، بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی جیـاوازی لـە بـەکارهێنانی (وێنـەی بـەکارهاتوو لـەنێوان هـەردوو کـەناڵ دوای بـەکارهێنانی تاقیکردنـەوەی (Z-Test) دەرکـەوتووە، کـە (جیـاوازی ئامـاری هەیە) بەو پێیـەی بـەهای دەسـتکەوتوو لـەڕووی ئامارییـەوە گوزارشـتئامێزە، (ئامـاژە) کـەمترە لـە (0.05) جیاوازییەکەش لـە بەرژەوەنـدی کـەناڵی ئاسـمانی (KNN) دایـە، لـە بـەکار هێنـانی (وێنـەی جـوڵاو، وێنـەی گرافیگ) لە بەکارهێنانی (وێنەی وەسـتا)، جیاوازییەکـە لەبەرژەوەنـدی کـەناڵی ئاسمـانی (GK)دایـە. بڕوانـە خشتەی (4).

**خشتەی (4)**

**جۆری بەکارهێنانی وێنە لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)**

| تەلەفزیۆن / وێنە | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- test | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| وەستاو | 150 | 4.10 | 15 | 0.32 | 165 | 1.97 | 11.257- | .000 |
| جولاو | 3500 | 95.89 | 4567 | 97.43 | 8067 | 96.76 | 4.380- | .000 |
| گرافیك | 0 | 0 | 105 | 2.24 | 105 | 1.25 | 8.773- | .000 |
| کۆی گشتی | 3650 | 100 | 4687 | 100 | 8337 | 100 | | |

## 5: شێوازی بەکارهێنانی ماوەی وێنە لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK) و (KNN)

لە دوای هەڵاوێردکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی ماوەی وێنەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، کە (بەکارهێنانی ماوەی وێنەی مام ناوەند) لە هەردوو کەنالی ئاسمانی ( GK) و (KNN) بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها بەکارهێنانی ماوەی وێنەی (کورتخایەن)، لە هەردووکەناڵ لە پلەی دوومدایە، ماوەی وێنەی درێژخایەن پلەی سێیەمی گرتووە، بۆ بە ئاگابوون لە رادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (ماوەی وێنەی بەکارهاتوو) لەنێوان هەردوو کەناڵ دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەرووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (KNN) دایە، لە بەکارهێنانی ماوەی زەمەنی وێنەی (مامناوەندو کورتخایەنو درێژخاەیەن).

بڕوانە خشتەی (5).

**خشتەی (5)**

**شێوازی بەکارهێنانی ماوەی وێنە لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK) و (KNN)**

| تەلەڤزیۆن / ماوەی وێنە | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- tesr | ئاماژە (مدى الدلالە) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| کورت خایەن | 545 | 14.93 | 968 | 21.14 | 1513 | 18.39 | 10.952– | 0.000 |
| مام ناوەند | 2658 | 72.82 | 3141 | 68.62 | 5799 | 70.48 | 3.397– | 0.001 |
| درێژخایەن | 447 | 12.24 | 468 | 10.22 | 915 | 11.12 | 3.833– | 0.000 |
| کۆی گشتی | 3650 | 100 | 4577 | 100 | 8227 | 100 | | |

## 6: شوێنی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK) و (Knn)

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، کە (دەنگی سروشتی لە سەرەتادا) لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی ( GK) و(KNN) بە پلەی یەکەم دێت، هەروەهابەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە(کۆتایدا)، لەهەردوو کەناڵ لەپلەی دووەمدایە، دەنگی سروشتی لە(باکگراوند) پلەی سێیەمی گرتووە، بەکارهێنانی لە (ناوەندا)، یشدا پلەی چوارەمی گرتووە، بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (دەنگی سروشتی) لەنێوان هەردوو کەناڵ دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لە رووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (KNN) دایە، لەبەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە (سەرەتاو ناوەندا) بەڵام بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لەگەڵ (باکگراوند) لە بەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (GK)، دایە. بڕوانە خشتەی (6).

**خشتەی (6)**

**شوێنی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لەڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (Knn)**

| تەلەڤزیۆن / دەنگی سروشتی | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- test | ئاماژە (مدی الدلالە) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| سەرەتا | 101 | 71.63 | 160 | 72.07 | 261 | 71.90 | 3.865 | 0.000 |
| ناوەند | 4 | 2.83 | 22 | 9.90 | 26 | 7.16 | -3.093- | 0.002 |
| کۆتای | 21 | 14.89 | 32 | 14.41 | 53 | 14.60 | .758- | 0.449 |
| باگراوند | 15 | 10.63 | 8 | 3.60 | 23 | 6.33 | 2.081- | 0.037 |
| کۆی گشتی | 141 | 100 | 222 | 100 | 363 | 100 | | |

## 7: شوێنی بەکارهێنانی دەرکەوتنی پەیامنێر لە ڕاپۆرتە هەواڵەکانی (GK)و (KNN)

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی دەرکەوتنی پەیامنێر لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، کە دەرکەوتنی پەیامنێر لە (کۆتایدا) لە هەردوو کەناڵ بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها بەکارهێنانی دەرکەوتنی پەیامنێر لە (ناوەندا)، لە هەردوو کەناڵ لەپلەی دوومدایە، لە(سەرەتا)شدا، پلەی سێیەمی گرتووە، بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (دەرکەوتنی پەیامنێر) لەنێوان هەردوو کەناڵ دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لە رووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لەبەکارهێنانی دەرکەوتنی پەیامنێر لە(سەرەتاو ناوەند)دا، لەبەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی(GK) دایە، بەڵام بەکارهێنانی دەرکەوتنی پەیامنێر لە (کۆتایدا) جیاوازی ئاماری نییە، بەهای دەستکەوتوو گوزارشتئامێزنییە، (ئاماژە) زیاترە لە (0.05)، هەردوو کەناڵ وەك یەك بەکارییانهێناوە. بڕوانە خشتەی (7).

**خشتەی (7)**

**شوێنی بەکارهێنانی دەرکەوتنی پەیامنێر لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)**

| تەلەڤزیۆن / دەرکەوتنی پەیامنێر | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- tesr | ئاماژە (مدى الدلالە) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| سەرەتا | 5 | 4.46 | 1 | 1.04 | 6 | 2.88 | 1.935- | 0.053 |
| ناوەند | 27 | 24.10 | 10 | 10.41 | 37 | 17.78 | 3.704- | 0.000 |
| کۆتای | 80 | 71.42 | 85 | 88.54 | 165 | 79.32 | 1.482- | 0.138 |
| کۆی گشتی | 112 | 100 | 96 | 100 | 208 | 100 | | |

## 8: شێوازی بەکارهێنانی گرتەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی گرتەکانی کامێرا لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، بەکارهێنانی گرتەی (گشتی) بە پلەی یەکەم دێت لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی ( GK) و(KNN)، هەروەها بەکارهێنانی گرتەی (ناوەندی نزیک)، لە هەردووکەناڵ لەپلەی دوومدایە، گرتەی (ناوەند)، پلەی سێیەمی گرتووە، بۆ بەئاگابوون لە رادەی جیاوازی بەکارهێنانی (گرتەکانی کامێرا) لەنێوان هەردوو کەناڵ دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لە رووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی(KNN ) دایە، لەبەکارهێنانی گرتەکانی (گشتیو ناوەندو ناوەندی نزیک)دا، بەڵام لە بەکارهێنانی گرتەی(تەواوونزیک) جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (GK)،دایە. بڕوانە خشتەی (8)

**خشتەی (8)**

**شێوازی بەکارهێنانی گرتەکانی کامێرا لەڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)**

| تەلەڤزیۆن / گرتەکان | GK د | GK ٪ | Knn د | Knn ٪ | کۆی گشتی د | کۆی گشتی ٪ | Z- test | ئاماژە (مدى الدلاله) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گشتی | 2133 | 58.39 | 2331 | 50.91 | 4464 | 54.23 | 9.259 – | 0.000 |
| تەواوا | 242 | 6.62 | 134 | 2.92 | 376 | 4.56 | 8.772- | 0.000 |
| ناوەند | 499 | 13.66 | 926 | 20.22 | 1425 | 17.26 | 6.975- | 0.000 |
| ناوەندی نزیك | 554 | 15.16 | 968 | 21.14 | 1522 | 18.49 | 8.075- | 0.000 |
| نزیك | 225 | 6.15 | 219 | 4.78 | 444 | 5.39 | 2.879- | 0.004 |
| کۆی گشتی | 3653 | 100 | 4578 | 100 | 8231 | 100 | | |

## 9: شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، بەکارهێنانی گۆشەی (بینین) لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی ( GK) و (KNN) بە پلەی یەکەم، دێت هەروەها بەکارهێنانی گۆشەی (بەرز)، لە هەردوو کەناڵ لەپلەی دووەمدایە، گۆشەی (نزم)، پلەی سێیەمی گرتووە، بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (گۆشەکانی کامێرا) لەنێوان هەردوو کەناڵ دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لەبەکارهێنانی گۆشەی(بینین)دا، لەبەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (KNN ) دایە، بەڵام لە بەکارهێنانی گۆشەی (بەرزونزم)دا، جیاوازییەکە لەبەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (GK) دایە. بڕوانە خشتەی (9)

**خشتەی (9)**

**شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)**

| تەلەڤزیۆن / گۆشەکان | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- tesr | ئاماژە (مدی الدلالە) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| بەرز | 908 | 24.87 | 502 | 10.96 | 1410 | 17.13 | 15.695- | 0.000 |
| بینین | 2469 | 67.64 | 3929 | 85.80 | 6398 | 77.74 | 14.363- | 0.000 |
| نزم | 273 | 7.47 | 148 | 3.23 | 421 | 9.95 | 10.454- | 0.000 |
| کۆی گشتی | 3650 | 100 | 4579 | 100 | 8229 | 100 | | |

## 10 : شێوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، بەکارهێنانی جوڵەی (zoom) لە کەناڵی ئاسمانی ( GK) بە پلەی یەکەم دێت، بەڵام بەکارهێنانی جوڵەی(Pan)، لەکەناڵی ئاسمانی (KNN)دا، پلەی یەکەمی گرتووە، بەکارهێنانی جوڵەی (Tilt) لەهەردوو کەناڵدا، پلەی سێیەمی گرتووە، بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (جوڵەکانی کامێرا) لەنێوان هەردوو کەناڵ دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (-Z Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لەبەکارهێنانی جوڵەی(Zoom) و جوڵەی(Tilt)دا، لەبەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی(GK) دایە، بەڵام لە بەکارهێنانی جوڵەی (Pan)دا جیاوازی ئاماری نییەو بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە. بڕوانە خشتەی (10)

**خشتەی (10)**

**شێوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)**

| تەلەفزیۆن / جوڵەکانی کامێرا | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- tesr | ئاماژە (مدی الدلالە) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| **Zoom** | 179 | 51.28 | 105 | 36.33 | 284 | 44.51 | 7.740- | 0.000 |
| **Pan** | 112 | 32.09 | 138 | 47.75 | 250 | 39.18 | 549- | 0.583 |
| **Tilt** | 58 | 16.61 | 46 | 15.91 | 104 | 16.30 | 2.016- | 0.044 |
| **کۆی گشتی** | 349 | 100 | 289 | 100 | 638 | 100 | | |

## 11: شێوازی بەکارهێنانی فلتەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی فلتەری ڤیدیۆی لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، بەکارهێنانی فلتەری (Color correction) لەهەردوو کەنالی ئاسمانی ( GK)و (KNN)دا بە پلەی یەکەم دێت، بەکارهێنانی فلتەری (Blur)، لەهەردوو کەناڵدا پلەی دووەمی گرتووە، بۆ بەئاگابوون لە رادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (فلتەری ڤیدیۆی) لەنێوان هەردوو کەناڵ دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووەکە، (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لەبەکارهێنانی فلتەر (Color Correction)، لەبەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی(GK) دایە، بەڵام لە بەکارهێنانی فلتەری (Blur)و (Mosaic) جیاوازی ئاماری نییەو بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە. بڕوانە خشتەی (11).

### خشتەی (11)

### شێوازی بەکارهێنانی فلتەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)

| ئاماژە (مدی الدلالە) | Z- tesr | کۆی گشتی | | Knn | | GK | | تەلەڤزیۆن / بەکارهێنانی فلتەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | |
| 0.000 | 5.488- | 77.66 | 306 | 71.85 | 120 | 81.93 | 186 | **Color correction** |
| 0.834 | 209- | 21.82 | 86 | 27.14 | 47 | 17.18 | 39 | **Blur** |
| 0.113 | 1.586- | 0.50 | 2 | 0 | 0 | 0.88 | 2 | **Mosaic** |
| | | 100 | 394 | 100 | 167 | 100 | 227 | **کۆی گشتی** |

## 12 :شێوازی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لە رادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (کارتێکەری ڤیدیۆی) لە راپۆرتی (ساردو گەرم)دا، توێژرە تاقیکردنەوەی (T test) بەکارهێناوە، بە بەهای (0.227)، ئاماژەی (0.821)، دەرکەوت لەبەکارهێنانی (کارتێکەری ڤیدۆی) لە جۆری ڕاپۆرتە هەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ جیاوازی ئاماری نییە، بەو پێیەی بەهای دەسکەوتوو لە رووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە، (ئاماژە) زیاترە لە (0.05)ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە لە ڕاپۆرتی (ساردوگەرم)دا، وەك یەك (کارتێکەری ڤیدۆییان) بەکارهێناوە. بڕوانە خشتەی (12)

### خشتەی (12)

### شێوازی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk)و (Knn)

| ئاماژە | T- test | لادانی پێوەری | نێوەندە ژمێرەیی | جۆری راپۆرت |
|---|---|---|---|---|
| 0.821 | 0.227 | 2.61 | 24.04 | سارد( **Soft news** ) |
| | | 2.36 | 23.98 | گەرم( **hard news** ) |

## 13: شێوازی بەکار هێنانی جۆری وێنە لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەکانی (Gk) و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لە رادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (وێنەی بەکارهاتوو) لە راپۆرتی (ساردو گەرم)دا، توێژرە تاقیکردنەوەی (T-test) بەکارهێناوە، بە بەهای (0.262)، ئاماژەی (0.794)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نییە، لە بەکارهێنانی (وێنەی بەکارهاتوو) لە جۆری ڕاپۆرتەهەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، بەو پێیەی بەهای دەسکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە، (ئاماژە) زیاترە لە (0.05) ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە لە ڕاپۆرتی (ساردوگەرم)دا، (وێنەی بەکار هاتوو) لەمۆنتاژی ڕاپۆتەهەواڵەکاندا، نزیکن لەیەکەوەو هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە بەکارهێنانی وێنەی بەکارهاتوودا. بڕوانە خشتەی (13)

**خشتەی (13)**

**شێوازی بەکار هێنانی جۆری وێنە لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەکانی (Gk) و (Knn)**

| جۆری راپۆرت | نێوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | T- test | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|
| سارد( Soft news ) | 24.71 | 2.61 | 0.262 | 0.794 |
| گەرم( hard news ) | 24.64 | 2.38 | | |

## 14: شێوازی بەکارهێنانی ماوەی وێنە لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەکانی لە (Gk) و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (ماوەی وێنەی بەکارهاتوو) لە راپۆرتی (ساردو گەرم)دا، توێژرە تاقیکردنەوەی (T-test) بەکارهێناوە، بە بەهای (0.884)، ئاماژەی (0.377)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نییە لە بەکارهێنانی (وێنەی بەکارهاتوو) لە جۆری ڕاپۆرتە هەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، بەو پێیەی بەهای دەسکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێز نییە، ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە لە ڕاپۆرتی (ساردو گەرم)دا، (ماوەی وێنەی بەکارهاتوو) لەمۆنتاژی ڕاپۆتە هەواڵەکاندا، نزیکن لەیەکەوەو هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە بەکارهێنانی ماوەی وێنە. بڕوانە خشتەی (14)

**خشتەی (14)**

**شێوازی بەکارهێنانی ماوەی وێنەی بەکار هاتوو لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)**

| ئاماژە | T-test | لادانی پێوەری | نێوەندە ژمێرەیی | جۆری ڕاپۆرت |
|---|---|---|---|---|
| 0.377 | 0.884 | 2.079 | 24.17 | سارد( Soft news ) |
| | | 2.360 | 24.41 | گەرم( hard news ) |

## 15: شێوازی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk)و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (دەنگی سروشتی) لە ڕاپۆرتی (ساردو گەرم)دا، توێژرە تاقیکردنەوەی (T-test) بەکارهێناوە، بە بەهای (1.881)، ئاماژەی (0.061)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نییە لەبەکارهێنانی (دەنگی سروشتی) لە جۆری ڕاپۆرتە هەواڵی کەناڵەکان، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزنییە، (ئاماژە) زیاترە لە (0.05) هەردوو کەناڵ بەکارهێنانی دەنگی سروشتییان لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکان لەڕووی جۆرەوە نزیك لەیەك بەکارهێناوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (15)

**خشتەی (15)**

**شوێنی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk)و (Knn)**

| ئاماژە | T- test | لادانی پێوەری | نێوەندە ژمێرەیی | جۆری ڕاپۆرت |
|---|---|---|---|---|
| 0.061 | 1.881 | 0.51 | 0.97 | سارد( Soft news ) |
| | | 0.72 | 1.11 | گەرم( hard news ) |

## 16: شوێنی دەرکەوتنی پەیامنێر لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (دەرکەوتنی پەیامنێر) لە ڕاپۆرتی (ساردوگەرم)دا، توێژرە تاقیکردنەوەی (T-test) بەکارهێناوە، بە بەهای (10.88)، ئاماژەی (0.000)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری هەیە لە بەکارهێنانی (دەرکەوتنی پەیامنێر) لە جۆری ڕاپۆرتەهەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕاپۆرتی (گەرم)دایە، لەبەکارهێنانی دەرکەوتنی پەیامنێر، کەئەویش لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا بۆ (سەرتا، ناوەند، کۆتای) پۆلێن کراوە. بڕوانە خشتەی (16)

**خشتەی (16)**

**شوێنی دەرکەوتنی پەیامنێر لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکای (Gk)و (Knn)**

| جۆری راپۆرت | نێوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | T- test | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|
| سارد( Soft news) | 0.12 | 0.33 | 10.88 | 0.000 |
| گەرم( hard news) | 0.82 | 0.61 | | |

## 17: شێوازی بەکارهێنانی گرتەکانی کامێرا لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی(Gk)و (Knn)

بۆبەئاگابوون لە رادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (گرتەکانی کامێرا) لە راپۆرتی (ساردو گەرم)دا، توێژەر تاقیکردنەوەی (T-test) بەکارهێناوە، بە بەهای (1.761)، ئاماژەی (0.079)، دەرکەوت جیاوازیی ئاماری نییە لەبەکارهێنانی (گرتەکانی کامێرا) لەڕووی جۆری ڕاپۆرتەهەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، بەوپێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە، (ئاماژە) زیاترە لە (0.05) هەردوو کەناڵ بەهەمان شێواز کاریان لەسەر گرتەکانی کامێراکردووە، کە ئەویش لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا بۆ گرتەی (گشتی، تەواو، ناوەند، ناوەندی نزیك، نزیك) پۆلێن کراوە. بڕوانە خشتەی (17).

**خشتەی (17)**

**شێوازو جیاوازیی بەکار هێنانی گرتەکانی کامێرا لە مۆنتاژی ڕپۆرتەهەواڵەکانی(Gk)و (Knn)**

| جۆری راپۆرت | نێوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | T- test | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|
| سارد( Soft news) | 23.93 | 2.73 | 1.761 | 0.079 |
| گەرم( hard news) | 24.53 | 2.97 | | |

## 18: شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (گۆشەکانی کامێرا) لە ڕاپۆرتی (ساردو گەرم)دا، توێژەر تاقیکردنەوەی (T- test) بەکارهێناوە، بە بەهای (1.066)، ئاماژەی (0.287)، دەرکەوت لەبەکارهێنانی (گۆشەکانی کامێرا) لە جۆری ڕاپۆرتەهەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، جیاوازیی ئاماری نییە، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە، (ئاماژە) زیاترە لە (0.05) پەیوەستە بەوەی لە ڕاپۆرتی (ساردوگەرم)دا، وەك یەك گۆشەکانی کامێرا بەکارهاتووە، کە لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا پۆلێن کراوە بۆ گۆشەی (بەرز، بینین، نزم). بڕوانە خشتەی (18).

**خشتەی (18)**

**شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)**

| جۆری ڕاپۆرت | نێوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | T- test | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|
| سارد( Soft news ) | 24.16 | 2.08 | 1.066 | 0.287 |
| گەرم( hard news ) | 24.42 | 2.06 | | |

## 19: شێوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی( Knnو Gk)

بۆ بەئاگابوون لەڕادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (جوڵەکانی کامێرا)، لە ڕاپۆرتی (ساردو گەرم)دا، توێژرە تاقیکردنەوەی (T-test) بەکارهێناوە، بە بەهای (5.118)، ئاماژەی (0.000)، دەرکەوت لەبەکارهێنانی (جوڵەکانی کامێرا) لە جۆری ڕاپۆرتە هەواڵ لەسەرئاستی کەناڵ، جیاوازیی ئاماری هەیە بەوپێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕاپۆرتی (گەرم)دایە، لەبەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا، کە ئەویش لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا بۆ جوڵەی (zoom-pan-tilt) پۆلێن کراوە. بڕوانە خشتەی (19).

**خشتەی (19)**

**شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)**

| جۆری ڕاپۆرت | نێوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | T- test | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|
| سارد( Soft news ) | 2.32 | 0.93 | 5.118 | 0.000 |
| گەرم( hard news ) | 1.69 | 1.06 | | |

## 20: شێوازی بەکارهێنانی فلتەری بەکارهاتوو لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk)و (Knn)

بۆبەئاگابوون لـە ڕادەی شـێوازو جیـاوازی بـەکارهێنانی (فلتـەری ڤیـدیۆیی)، لـە راپـۆرتی (سـاردو گـەرم)دا، توێـژەر تاقیکردنـەوەی (T-test) بـەکارهێناوە، بـە بـەهای (6.421)، ئامـاژەی (0.000)، دەرکـەوت جیـاوازیی ئامـاری لەبـەکارهێنانی (فلتـەری ڤیـدیۆی) لـە جـۆری ڕاپۆرتـە هـەواڵ لەسەرئاسـتی کـەناڵ هەیـە، بەوپێیـەی بـەهای دەسـتکەوتوو لـەڕووی ئامارییـەوە گوزارشـتئامێزە، (ئامـاژە) کـەمترە لـە (0.05) جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕاپۆرتی (گەرم)دایە، لە بەکارهێنانی فلتەری ڤیدیۆیی، کە ئـەویش لـەمۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا بۆفلتەری (Colorcorrection-bluer-mosaic) پۆلێن کراوە. بڕوانە خشتەی (20).

**خشتەی (20)**

**شێوازی بەکارهێنانی فلتەری بەکارهاتوو لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Knn) و (Gk)**

| جۆری ڕاپۆرت | نێوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | T- test | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|
| سارد( Soft news ) | 0.51 | 1.07 | 6.421 | 0.000 |
| گەرم( hard news ) | 1.45 | 1.29 | | |

## 21: شێوازی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)

بـۆ بـەئاگابوون لـەرادەی شـێوازو جیـاوازی بـەکارهێنانی (کارتێکـەری ڤیـدۆیی)، لـە راپـۆرتی (ئامـادەکراوو مەیدانیدا)دا، توێژەر تاقیکردنەوەی (مان وتنـی) بـەکارهێناوە، بـە بـەهای(1.304−)، ئامـاژەی (0.191)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نییە، لەبەکارهێنانی (کارتێکەری ڤیدیۆیی)، لە شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتە هـەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، بەوپێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە، (ئاماژە) زیـاترە لە (0.05) واتا لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا هیچ جیاوازییەك لـە بـەکارهێنانی (کارتێکـەری ڤیـدیۆی) نییـە ، کـە ئەویش بۆ کارتێکەری (Cut-Mix-fade-wipe) پۆلێن کراوە. بڕوانە خشتەی (21).

**خشتەی (21)**

**شێوازی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆیی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)**

| ئاماژە | بەهای (Z) | تاقیکردنەوەی مان وتنی | ناوەندی ریزبەندی | ژمارە | شێوازی ئەنجامدانی راپۆرت |
|---|---|---|---|---|---|
| 0.191 | −1.304 | 12355.000 | 178.22 | 129 | ئامادەکراو |
| | | | 164.11 | 209 | مەیدانی |

## 22: شێوازی بەکار هێنانی جۆری وێنە لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn) .

بۆبەئاگابوون لەڕادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی جۆری (وێنەی بەکارهاتوو)، لە راپۆرتی (ئامادەکراوو مەیدانیدا)دا، توێژەر تاقیکردنەوەی (مان و تنی) بەکارهێناو، بە بەهای (1.945−)، ئاماژەی (052)، دەرکەوت لەبەکارهێنانی جۆری (وێنەی بەکارهاتوو) جیاوازیی ئاماری هەیە، لە شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتە هەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لەبەکارهێنانی جۆری وێنەی بەکارهاتوو لە بەرژەوەندی ڕاپۆرتی مەیدانیدایە، کە بۆ (وێنەی جولاو، وەستاو، گرافیک) پۆلێن کراوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (22)

**خشتەی ژمارە (22)**

**شێوازی بەکار هێنانی جۆری وێنە لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)**

| ئاماژە | بەهای (Z) | تاقیکردنەوەی مان وتنی | ناوەندی ریزبەندی | ژمارە | شێوازی ئەنجامدانی راپۆرت |
|---|---|---|---|---|---|
| 0.052 | −1.945 | 11800.500 | 161.46 | 129 | ئامادەکراو |
| | | | 182.52 | 209 | مەیدانی |

## 23 : شێوازی بەکارهێنانی ماوەی وێنە لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لەڕادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (ماوەی وێنەی بەکارهاتوو)، لە راپـۆرتی (ئامـادەکراوو مەیدانیدا)دا، توێژەر تاقیکردنەوەی (مان وتنـی) بـەکارهێناو، بـە بـەهای (0.601−)، ئامـاژەی (0.548)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نییە، لە بەکارهێنانی (ماوەی وێنەی بەکارهاتوو)، لە شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتـە هەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، بەوپێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە، (ئامـاژە) زیاترە لە (0.05) هیچ جیاوازییەك نییـە لەبـەکارهێنانی (مـاوەی وێنـەی بـەکارهاتوو)، لـە مۆنتـاژی ڕاپۆرتـە هەواڵەکاندان کە پۆلێن کراوە بۆ (ماوەی وێنەی کورت، ماوەی وێنەی مامناوەند، ماوەی وێنەی دریژخایـەن). بڕوانە خشتەی (23)

**خشتەی (23)**

**شێوازی بەکارهێنانی ماوەی وێنە لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)**

| شێوازی ئەنجامدانی راپۆرت | ژمارە | ناوەندی ریزبەندی | تاقیکردنەوەی مان وتنی | بەهای (Z) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| **ئامادەکراو** | 129 | 167.01 | 12961.000 | −0.601 | 0.548 |
| **مەیدانی** | 209 | 173.53 | | | |

## 24: شوێنی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)

بـۆ بـەئاگابوون لـەرادەی شـێوازو جیـاوازیی بـەکارهێنانی (دەنگـی سروشـتی)، لـە راپـۆرتی (ئامـادەکراوو مەیدانیدا)دا، توێژرە تاقیکردنـەوەی (مـان وتنـی) بـەکارهێناو، بـە بـەهای (3.749−)، ئامـاژەی (.000)، دەرکەوت لەبەکارهێنانی (دەنگی سروشتی) جیاوازی ئاماری هەیـە، لـە شـێوازی ئەنجامـدانی ڕاپۆرتـە هـەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی ڕاپۆرتی (مەیدانی)دایە، کە لە مۆنتاژی ڕاپۆرتە کاندا زۆرترین دەنگی سروشتی بەکارهێناو، بۆ دەنگـی سروشـتی لـە (سـەرەتا، ناوەنـد، کۆتـای، باکگراونـد) پـۆلێن کـراوە. بڕوانـە خشتەی (24)

**خشتەی (24)**

**شوێنی بەکارهێنانی  دەنگی سروشتی لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)**

| شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرت | ژمارە | ناوەندی ریزبەندی | تاقیکردنەوەی مان وتنی | بەهای (Z) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئامادەکراو | 129 | 147.64 | 10660.500 | −3.749 | 0.000 |
| مەیدانی | 209 | 182.99 | | | |

## 25: شوێنی دەرکەوتنی پەیامنێر لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لەڕادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (دەرکەوتنی پەیامنێر)، لە راپۆرتی (ئامادەکراوو مەیدانیدا)دا، توێژەر تاقیکردنەوەی (مان وتنی) بەکارهێناو، بە بەهای (13.035−)، ئاماژەی (0.000)، دەرکەوت جیاوازیی  ئاماری هەیە، لە بەکارهێنانی (دەرکەوتنی پەیامنێر)، لە شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتەهەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەرووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی ڕاپۆرتی (مەیدانی)دایە، کە لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا زۆرترین دەرکەوتنی پەیامنێری بەکارهێناوە، کە بۆ دەرکەوتنی پەیامنێر لە (سەرەتا، ناوەند، کۆتایی) پۆلێن کراوە. بڕوانە خشتەی (25)

**خشتەی (25)**

**شوێنی دەرکەوتنی پەیامنێر لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Knn) و (Gk)**

| شێوازی ئەنجامدانی راپۆرت | ژمارە | ناوەندی ریزبەندی | تاقیکردنەوەی مان وتنی | بەهای (Z) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئامادەکراو | 129 | 90.31 | 3265.500 | −13.035 | 0.000 |
| مەیدانی | 209 | 218.38 | | | |

## 26: شێوازی بەکارهێنانی گرتەکانی کامێرا لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk)و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لەڕادەی شێوازو جیاوازیی بەکارهێنانی (گرتەکانی کامێرا)، لە راپۆرتی (ئامادەکراوو مەیدانیدا)دا، توێژەر تاقیکردنەوەی (مان وتنی) بەکارهێناوە، بە بەهای (479−)، ئاماژەی (632.)، دەرکەوت لەبەکارهێنانی (گرتەکانی کامێرا)، لە شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتەهەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، جیاوازیی ئاماری نییە، بەوپێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە، (ئاماژە) زیاترە لە (0.05) هیچ جیاوازییەك لەبەکارهێنانی (گرتەکانی کامێرا) نییە، لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکاندا کە پۆلێنکراوە بۆگرتەی (گشتی، تەواو، ناوەند، ناوەندی نزیك، نزیك). بڕوانە خشتەی (26)

**خشتەی (26)**

**شێوازی بەکارهێنانی گرتەکانی کامێرا لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)**

| شێوازی ئەنجامدانی راپۆرت | ژمارە | ناوەندی ریزبەندی | تاقیکردنەوەی مان وتنی | بەهای (Z) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| **ئامادەکراو** | 129 | 166.28 | 13065.500 | −479 | 0.632 |
| **مەیدانی** | 209 | 171.49 | | | |

## 27: شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk)و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لەڕادەی شێوازو جیاوازیی بەکارهێنانی (گۆشەکانی کامێرا)، لە راپۆرتی (ئامادەکراوو مەیدانیدا)دا، توێژەر تاقیکردنەوەی (مان وتنی) بەکارهێناوە، بە بەهای (1.233−)، ئاماژەی (218.)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نییە، لەبەکارهێنانی (گۆشەکانی کامێرا)، لە شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتە هەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، بەوپێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێز نییە، لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکاندا هیچ جیاوازییەك نییە لەبەکارهێنانی (گۆشەکانی کامێرا)، کە پۆلێنکراوە بۆگۆشەی (بەرز، بینین، نزم). بڕوانە خشتەی (27)

**خشتەی(27)**

**شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Knn) و (Gk)**

| شێوازی ئەنجامدانی راپۆرت | ژمارە | ناوەندی ریزبەندی | تاقیکردنەوەی مان وتنی | بەهای (Z) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئامادەکراو | 129 | 161.27 | 13065.500 | −1.233 | 0.218 |
| مەیدانی | 209 | 174.58 | | | |

## 28: شێوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی ( Knnو Gk)

بۆ بەئاگابوون لەڕادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (جوڵەکانی کامێرا)، لە راپۆرتی (ئامادەکراوو مەیدانیدا)دا، توێژەر تاقیکردنەوەی (مان وتنی) بەکارهێناوە، بە بەهای (1.423−)، ئاماژەی (.155)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نییە، لەبەکارهێنانی (جوڵەکانی کامێرا)، لە شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتە هەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، بەوپێیەی بەهای دەستکەوتوو لەرووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە، (ئاماژە) زیاترە لە (0.05) لە مۆنتاژی ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا هیچ جیاوازییەك نییە لەبەکارهێنانی (جوڵەکانی کامێرا)، کە پۆلێنکراوە بۆگۆشەی (zoom-pan-tilt). بڕوانە خشتەی (28)

**خشتەی (28)**

**شێوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)**

| شێوازی ئەنجامدانی راپۆرت | ژمارە | ناوەندی ریزبەندی | تاقیکردنەوەی مان وتنی | بەهای (Z) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئامادەکراو | 129 | 178.62 | 12303.500 | −1.423 | 0.155 |
| مەیدانی | 209 | 163.87 | | | |

## 29: شێوازی بەکارهێنانی فلتەری بەکارهاتوو لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk)و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لەڕادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (فلتەری ڤیدۆی)، لە ڕاپۆرتی (ئامادەکراوو مەیدانیدا) ، توێژەر تاقیکردنەوەی (مان وتنی) بەکارهێناوە، بە بەهای (3.942−)، ئاماژەی (.000)، دەرکەوت لەبەکارهێنانی (فلتەری ڤیدیۆیی)، لە شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتەهەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، جیاوازی ئاماری هەیە، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەرووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتی (مەیدانیدا)یە، لە بەکارهێنانی فلتەری ڤیدیۆی لە مۆنتاژی ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا کە پۆلێنکراوە بۆ فلتەری (Color correction-blur-mosaic). بڕوانە خشتەی (29)

**خشتەی (29)**

**شێوازی بەکارهێنانی فلتەری بەکارهاتوو لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و(Knn)**

| شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرت | ژمارە | ناوەندی ریزبەندی | تاقیکردنەوەی مان وتنی | بەهای (Z) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئامادەکراو | 129 | 144.23 | 10221.000 | −3.942 | 0.000 |
| مەیدانی | 209 | 185.10 | | | |

## 30: شێوازو جیاوازی گونجانی وێنەو تێکست لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لەڕادەی شێوازی بەکارهێنانی گونجانی (وێنە) لەگەڵ (تێکست)، لە سەر ئاستی کەناڵ، توێژەر تاقیکردنەوەی (مان وتنی) بەکارهێناوە، بە بەهای (2.149−)، ئاماژەی (0.032)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری هەیە، سەبارەت بەگونجانی (وێنە) لەگەڵ (تێکست)، لە شێوازی بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵدا بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی وێنەی گونجاوە،کە ئەمەش بەبنەمایەکی سەرکەتوو لەگەیاندنی پەیامی ڕووداوودروستکردنی کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیای وەرگرو بەستنەوەی وەرگر بەڕووداوەوە دادەنرێت. بڕوانە خشتەی (30).

**خشتەی (30)**

**سییەم: گونجانی وێنەو تێکست لەڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)**

| گونجانی وێنە و تێکست | ژمارە | ناوەندی ریزبەندی | تاقیکردنەوەی مان وتنی | بەهای (Z) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| گونجاو | 260 | 186.89 | 8705.500 | −2.149 | 0.032 |
| نەگونجاو | 78 | 163.61 | | | |

# دەرئەنجام و راسپاردە و پێشنیاز

## دەرئەنجام

**ئەم توێژینەوەیە بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتووە كە بریتین لە:**

1. لەڕووی جۆرەوە هەردوو كەناڵەكە زیاتر گرنگیان بەڕاپۆرتە گەرمەكان داوە، ئەو ڕاپۆرتانەی ڕووماڵی ڕووداوە هەنووكەییو تازەكان دەكەن، ئەمەش بەپلەی یەكەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە هەردوو كەناڵ زیاتر كەناڵی هەواڵی سیاسین، ڕووداوە سیاسییەكانیش بەردەوام لەگۆڕانو تازەبونەوەدان، بەتایبەت لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا كە وەك سامپڵێك وەرگیراوەو گۆڕەپانی سیاسی عێراقو هەرێمی كوردستان چەندین گۆڕانكاری لەئارادابووە.

2. هەردوو كەناڵ بەپلەی یەكەم گرنگییان بەڕاپۆرتی مەیدانی داوە، ئەو ڕاپۆرتانەی كە ڕیپۆرتەر خۆی لەسەر زەمینی ڕووداوەكان بەدواداچونی كردووە، ئەمەش نیشانەی گرنگیدانی هەردوو كەناڵە بەپێویستی ئامادەگی خۆیان لەنێو ڕووداوەكاندا، دەربارەی ڕاپۆرتی ئامادەكراویش لەڕووی ئامارییەوە كەناڵی (Knn)، بەبەراورد لەگەڵ كەناڵی (Gk)، زیاتر گرنگی پێداوە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەو كەناڵە هەوڵی داوە بەدواداچوون بۆ ڕووداوە هەرێمیو نێودەوڵەتییەكان بكات، كە ناتوانێت بەشێوەیەكی مەیدانی سازیانبكات، هەروەها نەبوونی تۆڕی پەیامنێریش لەو ناوچانەدا هەروەها زیاتر شیكاری ڕاوبۆچوون بخاتەڕوو كە نزیكە لەسیاسەتی كەناڵەكەیەوە، بەو پێیەی ئەوجۆرە ڕاپۆرتانە زیاتر سیمایەكی ڕاڤەكاری لەخۆدەگرێت.

3. هەردوو كەناڵ بەپلەی یەكەم بەبەكارهێنانی كارتێكەری (Cut) پابەندبوون، ئەمەش شێوازێكی گونجاوەو بەبنەمای سەرەكی شێوازی بەكارهێنانی كارتێكەر لەمۆنتاژی ڕاپۆرتدا دادەنرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینیە لەهەردوو كەناڵدا بەكارهێنانی گرتەی (insert)، وەك گرتەی چارەسەر لەپاڵ كارتێكەری (Mix)دا، فەرامۆشكراوە، ئەمەش وەك كەلێنێك لەشێوازی مۆنتاژدا ڕەچاودەكرێت.

4. پرۆسەی مۆنتاژ مامەڵە لەگەڵ وێنەی جوڵاو وەك ڕگەزێكی سەرەكی نێو ڕاپۆرت دەكات، ئەمەش لەنێو هەردووكەناڵدا (Knn)و(GK)، بەشێوازێكی ڕوونو بەبێ جیاوازی، كاری لەسەر كراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە لە ڕەگەزی تردا بەتایبەت وێنەی گرافیكی، گرنگی ئەوتۆی پێنەدراوە، بەتایبەت كەناڵی گەلی كوردستان بەتەواوی ئەم ڕەگەزە گرنگەی فەرامۆشكردووە، وێنەی گرافیكی بە ڕەگەزێكی گرنگی وێنەی ناو ڕاپۆرت دادەنرێت، بەڵام كەناڵی (Gk)، هیچ وێنەیەكی گرافیكی لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەكاندا بەكارنەهێناوە كە بەكۆڵەكەی سەرەكی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی دادەنرێت.

5. هەردووكەناڵ لەڕووی ماوەی زەمەنی وێنەوە توانیویانە ماوەی زەمەنی وێنەی مامناوەند زۆرتر بەكاربهێنن، كە ئەمە بە پرنسیپی سەرەكی ماوەی زەمەنی وێنە دادەنرێت، بەڵام ئەوەی ڕەچاودەكرێت كەناڵی (Knn)، بەبەراورد بە كەناڵی (GK)، زیاتر ماوەی زەمەنی وینەی درێژخایەنی بەكارهێناوەو بێزاری لای وەرگر دروستدەكات.

6. بەکارهێنانی دەنگی سروشتی وەك بنەمایەك بۆ مۆنتاژی ڕاپۆرت لەلایەن هەردوو کەناڵ پەنای بۆ براوە بەڵام ئەوەی تێبیتی دەکرێت کەناڵی (KNN)، زیاتر هەوڵی داوە بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لەنێو ڕاپۆرتەکاندا لەسەرەتاوناوەندوکۆتایدا بەرجەستەبکات، لەبەرامبەردا کەناڵی (Gk)، شێوازی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لەگەڵ باکگراوندا زیاتر بەکارهێناوە، بەکارهێنانی دەنگی سروشتی ڕۆڵێکی گرنگی لەخستنەڕووی راستیی ڕووداو هەیە، تا بینەر بەڕووداوەکەوە ببەستێتەوەو بیباتە ناو کەشی ڕووداوەکە.

7. هەردوو کەناڵ لە مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکاندا ڕەچاوی دەرکەوتنی پەیامنێریان کردووە ( pic too camera)، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت کەناڵی (Gk)، بەوەوە نەوەستاوە تەنها پەیامنێر لەکۆتایی ڕاپۆرتدا دەربخات، بەڵکو بە بەراورد بە کەناڵی (Knn)، دەرکەوتنی پەیامنێری لەناوەندی ڕاپۆرتەکاندا بەکارهێناوە ئەمەش وەك پردێك بۆ بەستنەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕاپۆرتەکە دادەنرێت.

8. هەردوو کەناڵ هەوڵیانداوە، لەکاتی مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکاندا پەنابەرنەبەر تەواوی گرتەکانی کامێرا، بەڵام تێبینی دەکرێت کە کەناڵی (KNN) توانیویەتی لەڕووی بەکارهێنانی گرتەکانەوە جۆراوجۆری بکات، وەك ئاڵوگۆڕکردن لە گرتەیەکی گشتییەوە بۆ گرتەیەکی ناوەند و پاشان گرێدانی بە گرتەیەکی نزیکەوە، بەمەش توانیویەتی زیاتر خۆی لە هەڵەی بازدان بپارێزێت و هەر لەرێگەی جۆراوجۆری گرتەکانەوە پەیامەکان زۆرتر بگەیەنێت.

9. ئەگەرچی پێویستە لەپرۆسەی مۆنتاژدا پەنابرێتەبەر بەکارهێنانی گۆشەی بینین لەکامێرادا سەبارەت بەپرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی، بەڵام هەردوو کەناڵ وەکیەك مامەڵەیان نەکردووە، لەبەرامبەردا کەناڵی (KNN)، زیاتر پابەندی ئەو پرانسیپە بووە، هەرچەندە کەناڵی(GK) گرنگیشی بەبەکارهێنانی گۆشەی بەرزوگۆشەی نزم داوە کە ئەمە هەندێکجار لە پیشاندانی وێنەی ڕووداوەکان وەك خۆی لادەدات، ئەمەش تەنها کێشەیەکە ڕووبەڕووی مۆنتێرەکان دەبێتەوە، بەڵکو پێویستە ڕەچاوی ئەو حاڵەتەبکرێت تا لەکاتی مۆنتاژکردندا هیچ گرفتێك بۆ مۆنتێر دروست نەبێت، کە ناتوانرێت چارەسەربکرێت.

10. هەردوو کەناڵ سەبارەت بەجوڵەی کامێرەکان لەمۆنتاژکردنی ڕاپۆرتی هەواڵدا شێوازی تایبەت بە خۆیان گرتووەتەبەر، ئەوەی تێبینی دەکرێت جوڵەی (Zoom)و (Tilt)، زیاتر لەکەناڵی (GK) بەکارهاتوە، لەجوڵەی (Pan)، یشدا وەکیەکن، ئەوەی جێگەی قسە لەسەرکردنە بەکارهێنانی جوڵەی(Zoom)ە، لە ئێستادا بەکارهێنانی بە دروست نازانرێت لەبەرامبەر ئەمەدا پەنا دەبرێتەبەر گرتەی زۆر نزیك.

11. ئەگەرچی بەکارهێنانی فلتەر بەشێوازێکی گرنگی مۆنتاژی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی لەقەڵەمدەدرێت ئەوەی ڕەچاودەکرێت کەناڵی(GK) زیاتر پەنایان بردووەتەبەر بەکارهێنانی فلتەری (color correction)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی زیاتر گرنگییان بە ڕاپۆرتی مەیدانی داوە، زۆرجار وێنەی ڕاپۆرتە مەیدانییەکان

که له لایەن وێنەگرەکانیانەوە وێنە دەگیرێت دووچاری کێشەی هاوسەنگکردنی ڕەنگ دەبن کە پێویستە لەڕێگەی ئەم فلتەرەوە چارەسەربکرێت.

12. هەردوو کەناڵ لەڕووی جۆرەوە لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکاندا تەنیا لە بەکارهێنانی دەرکەوتنی پەیامنێرو جوڵەی کامێراو فلتەری بەکارهاتوو، لەشێوازی مۆنتاژکردندا جیاوازییان هەیە، ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە ئەم دووجۆرەی ڕاپۆرت پێویستە نزیك لەیەك مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت لەپرۆسەی مۆنتاژدا.

13. لەسەر ئاستی کەناڵ لەڕووی شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتەهەواڵ دەرکەتووە جیاوازی ئاماری هەیە، تەنیالەبەکارهێنانی دەنگی سروشتیو دەرکەوتنی پەیامنێرو فلتەری بەکارهاتوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لەڕاپۆرتی مەیدانیدا زۆرترین دەرکەوتنی پەیامنێرو دەنگی سروشتی پێویستە هەبێت، کەڕاستیو دروستی کەناڵ دەردەخاتو وەرگر زیاتر دەباتە ناو کەشی ڕووداوەوە، هەروەها سەبارەت بەبەکارهێنانی فلتەریش بۆ چارەسەرکردنی هاوسەنگکردنی ڕەنگ زیاتر ڕاپۆرتە مەیدانییەکان دووچاری بەکارهێنانی دەبن.

14. هەردوو کەناڵ سەبارەت بە بەکارهێنانی گونجاندنی وێنە لەگەڵ تێکستدا توانیویانە لەزۆرترین ڕاپۆرتدا ڕەچاوی ئەوەبکەن وێنەی بەکارهاتوو لەگەڵ ئەو تێکستەی کە پەیامنێر ئامادەی دەکات بۆ دروستکردنی ڕاپۆرت بیگونجێنن، ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین پرنسیپەکانی کە پێویستە لەپرۆسەی مۆنتاژدا ڕچاوبکرێت هەروەك چۆن بەپێی تاقیکردنەوەی مانوتنی دەرکەوتووە جیاوازی ئاماری هەیەجیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی بەکارهێنانی وێنەی گونجاودایە.

## پێشنیاز

توێژەر لە ئاکامی کارکردن بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە و لەسە رۆشنایی دەرەنجامەکان ئەم چەند پێشنیازە دەخاتە بەردەم ئەوو دوکەنالەی کە کاری لەسەر کردووە.

1. پێویستە هەردوو کەناڵ، هاوسەنگی ڕاگرن لەبەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی مەیدانیو ئامادەکراودا بەتایبەت کەناڵی (KNN)، زیاتر گرنگی بەڕاپۆرتی مەیدانی بدات کە گوزارشت لەڕاستیو دروستیو وەرگر دەخاتە نێو کەشی ڕووداوەکانەوە.

2. پێویستە هەردووکەناڵ لەکاتی بڕینی لێدوانی نێو ڕاپۆرتەکاندا تەنها وابەستە نەبن بەکارتێکەری (Mix)، وا باشترە کەلەپاڵ ئەم جۆرە کارتێکەرە گرتەی (insert)، بۆچارەسەرکردنی بڕینی لێدوانی ناوڕاپۆرتەکە بەکاربهێنرێت.

3. پێویستە هەردوو کەناڵ گرنگی زیاتر بە بەکارهێنانی وێنەی گرافیك بدەن لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا، چونکە بەبنەمایەکی سەرەکی دادەنرێتو کارئاسانی زیاتردەکات بۆشێوازی مۆنتاژکردنو تێگەیشتنی وەرگر لەناوەرۆکی پەیامی ڕاپۆرتدا.

4. پێویستە هەردووکەناڵ لەکاتی بەکارهێنانی ماوەی وێنەی زەمەنی لەخواستی وەرگر بەئاگابنو زیاتر دووچاری بێزارییان نەکەن لەڕێگەی بەکارهێنانی ماوەی وێنەی زەمەنی درێژخایەنوکورتخایەنەوە.

5. پێویستە هەردووکەناڵ زیاتر گرنگی بەدەنگی سروشتی بدەن لەکاتی مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکاندا، بەوپێیەی دەنگی سروشتی وەرگر دەباتە ناو کەشی ڕووداو زیاتر ئاوێتەی ناوەرۆکی ڕاپۆرت دەبێت.

6. پێویستە هەردووکەناڵ ڕەچاوی فرەیی گرتەکانی کامێرا لەکاتی مۆنتاژی ڕاپۆرتە هەوڵدا بکەن بەوپێیەی بەکارهێنانی گرتە جۆراوجۆرەکانی کامێرا لەڕووی هونەرییەوە ڕاپۆرت دووچاری بازدان ناکاتو وەرگر سەرنجی بۆنێو ڕاپۆرتەکە لاناچێت.

7. پێویستە هەماهەنگی هەبێت لەنێوان کامێرەمانو بەشی مۆنتاژدا لەڕووی پێویستی بەکارهێنانی جوڵەو گۆشەکانی کامێراوە سەبارەت بەبابەتی وێنەی گیراو، بۆئەوەی لەکاتی مۆنتاژدا دووچاری خراپبەکارهێنانی جوڵەوگۆشەکانی کامێرا نەبێتەوە، چونکە هەریەك لەجوڵەوگۆشەکانی کامێرا بۆمەبەستی تایبەت بەکاردەهێنرێت، بۆئەوەی مۆنتێر بتوانێت لەشوێنی خۆیاندا بەکاربهێنرێت چونکە خراپ بەکارهێنانی گۆشەکان مۆنتێر ناتوانێت لەکاتی مۆنتاژدا چارەسەری بکات.

## ڕاسپاردە

1. توێژەران، توێژینەوەیەك لە بارەی ڕۆڵی هاویەكی وینەودەنگ لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەكانداو كاریگەری لەسەر هەستی وەرگرئەنجامبدەن.

2.توێژەران، توێژینەوەیەك سەبارەت بە بەكارهێنانی كارتێكەری دەنگو كاریگەری لەگەیاندنی پەیامی ڕاپۆرتدا ئەنجامبدەن.

3.توێژەران، توێژینەوەیەك لەبارەی بەكارهێنانی شێوازەكانی مۆنتاژ لەبەرهەمهێنانی بەرنامەی تەلەڤزیۆنیدا ئەنجامبدەن.

4.توێژەران، توێژینەوەیەك سەبارەت بە فشارەكانی بەردەم مۆنتێرو ڕۆڵی لە پرۆسەی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنیدا ئەنجامبدەن

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەكان

## يەكەم: كتێبەكان

### ا- كتێبی كوردی


1. عاصف حميدى كاركردن لەتەلەڤزيۆندا، و. حكيم عثمان،سلێمانی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، 2010
2. هاوژين عومەر، تەكنيكی نوسينی ميديايی، هەولێر، چاپخانە موكريانی، 2013


### ب - كتێبی عەرەبی


1. احمد الزويتي، التقريرا لخبري التلفزيونى، دمشق، دار الزمان، 2016
2. ادريان برونل، مصطفى محرم، سيناريو الفيلم السينمائي تقنية الكتابة للسينما، دمشق، المؤسسة العامة للسينما، مكتبة الاسد، 2007
3. اسماعيل الامين، الكتابة للصورة، لبنان، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، 2010
4. اياد عمر ابو عرقوب، الاعلام الاذاعي و التلفزيوني، نظرة اعلامية هندسية مهنية، عمان، دار البداية، 2012
5. الادارة العامة لتصميم وتطوير المناهج، البرامج، تصوير التلفزيوني، الحقيبة، المونتاج التلفزيوني، المملكة العربية السعودية، المؤسسة العامة للتعليم والتدريب المنهجي، 2005
6. بوريتسكي، اديب حضور، الصحا فة التلفزيونية، دمشق، المكتبة الإعلامية، الطبعة الثانية، 2009
7. بيتر سبرزسني، و، فيصل الياسري، جماليات التصوير و الإضاءة في السينما والتلفزيون، القاهرة، مركزالحضارة العربية للنشروالاعلام، 2003
8. جلال الخوالدة، المذيع التلفريوني،عمان، دار المعتز، 2005
9. جوناثان بجنيل، جيرمي اورليبار، و. عبد الحكم احمد الخزامي، المرجع الشامل في التلفزيون، القاهرة، دار فجر النشر وتوزيع، 2007
10. حيدر حسون الفزع و استقلال دليل العازمي، فن الإخراج، بغداد، مؤسسة الاعلام العربي للانتاج الاعلامي والتلفزيوني، ب.ت
11. خالد عزام محمد، فن التقرير الصحفي، عمان، داراسامة للنشر والتوزيع، 2015
12. خليل محمد الراتب، التصوير الصحفي، عمان، دار اسامة للنشر والتوزيع، 2012
13. دوايت سوين، احمد الحضري، كتابة السيناريوللسينما، دارالطناني للنشر والتوزيع، قاهرة، الطبعة الثانية، 2010
14. رانيا ممدوح صادق، الاعلان التلفزيوني، التصميم والانتاج، دار اسامة للنشر و التوزيع،عمان ، 2012
15. رستم ابورستم، الاجهزة والعدات في التلفزيون، عمان ، دارالمعتز للنشر والتوزيع، 2012
16. رياض معسعس، تقنيات الصحافة المسموعة والمرئية، دمشق، دارنينوى ، 2009

17. سامي الشريف، محمد مهني، الإخراج الإذاعي والتلفزيوني، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، 2001
18. سعدون جنابي، خالد الصفار، المرجع في الانتاج التلفزيوني، دار الكتاب الجامعي العين ، 2004
19. سعيد الغريب النجار، تكنلوجيا الصحافة في عصر التقنيةى الرقمية، القاهرة، الدار المصرية البنائية، 2003
20. سليم عبد النبي، الاعلام التلفزيوني، عمان ، دار اسامة للنشر والتوزيع ، 2010
21. سمير محمد حسين، بحوث جامعية في الاعلام، القاهرة، دار الفجر ونشرالتوزيع، 2002
22. سوزان يوسف، هبة الله بهجت، انتاج البرامج للراديو والتلفزيون،القاهرة، مكتبة الشباب، 1993
23. شريف عطية بدران، الانتاج التلفزيوني في الاستوديو الافتراضي، عمان، دار اسامة للنشر والتوزيع، 2016
24. صبحي شفيق، مجموعة باحث، السينما المصرية وتحولاتها فى السنوات العشر الاخيرة،المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة،2008
25. صلاح عزالدين، السينما، تطور فن السينما عهد الافلام الصامتة الى عصر التلفزيون،بيروت، المركز العربي للثقافة والعلوم، 1981
26. طالب يعقوب، تقنيات الاعلام، للداراسات والنشر، دمشق، دارالصفحات، الطبعة الثانية، 2014
27. عبد الباسط محمد الحطامي، مقدمة في الاذاعة والتلفزيون، عمان ، دار اسامة للنشروالتوزيع ، 2015
28. عبد الدائم عمر الحسن، إنتاج البرامج التلفزيونية، القاهرة ، دار القومية العربية للثقافة والنشر، 2003
29. عبد الرزاق محمد الدليمي، فن التحرير الاعلامي المعاصر، عمان، دار جرير للنشر والتوزيع ، 2010
30. عبد النبي خزعل، فن تحرير الاخبار والبرامج في الفضائيات التلفزيونية و القنوات الاذاعية، لبنان، دار النهضة العربية، 2010
31. عبدالخالق محمدعلي، الصحافة التلفزيونية، لبنان ، دار المحجة البيضاء، 2010
32. عظيم كامل الجميلي، ثناء اسماعيل العاني، صناعة الاخبار الصحفية والتلفزيونية، عمان، دار صفاء للنشر والتوزيع ، 2012
33. علي جبارى، تقنيات الخبر في الفضائيات العربية قناة أبو ظبي نموذجاً ، عمان ، 2006
34. غسان عبد الوهاب الحسن، الصحافة التلفزيونية، عمان، دار اسامة للنشروالتوزيع ، 2013
35. كاظم مؤنس، قواعد اساسية في فن الاخراج التلفزيوني والسينمائي، عمان ، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، 2006
36. كرم شلبي، الانتاج التلفزيوني وفنون الاخراج، بيروت ، دارمكتبة الهلال، 2008
37. كين دالي، و. عصام الدين المصري، الاساليب الفني في الانتاج السينمائي، بيروت، الدار العربية للموسوعات، 1987
38. كين دانسايجر، و، احمد يوسف، تقنيات مونتاج السينما والفيديو، التأريخ، والنظرية، والممارسة، القاهرة، 2011

39. ماجي الحلواني، محمد مهنى، مقدمة في الفنون الاذاعية والسمعبصرية، القاهرة، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح ، 1999
40. محمد الفاتح حمدي، عبد القادر عراضة، انتاج النشرات الاخبارية التلفزيونية، عمان، دار اسامة للنشر والتوزيع، 2013
41. محمد صابر عرب، على عبد الرحمن ، فنون و مهارات العمل فى الاذعة والتلفزيون، القاهرة، 2010
42. محمد عبد البديع السيد، مبادئ الإخراج الإذاعي والتلفزيوني، الزقازيق، مكتبة رشيد للنشر والتوزيع، 2002
43. محمد منير حجاب، اساسيات البحوث الاعلامية والاجتماعية،الطبعة الثالثة، القاهرة،دار الفجر للنشر والتوزيع،2006
44. محمدعبدالحميد، السيدبهنسي، تأثيرات الصورة الصحفية، النظرية والتطبيق، القاهرة، المكتبة 38 شارع عبدالخالق ثروت، 2004
45. مصطفى حميد الطائي، خير ميلاد ابوبكر، مناهج البحث العلمي، وتطبيقها في الاعلام والعلوم السياسية، الاسكندرية،دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر، 2007
46. منى الحديدي، سلوى امام، السينما التسجيلية، القاهرة، دارالفكر العربي، 2010
47. منى الصبان، فن المونتاج في الدراما التلفزيونية وعالم الفيلم الالكتروني، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 2001
48. منى الصبان، المونتاج الخلاق مابين القديم والحديث، القاهرة، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، 1997
49. مؤيد حسن فوزي، للتلفزيون والاذاعة وسائل الاعلام الحديثة، الامارات ، دار الكتاب الجامعي، 2003
50. مي عبدالله، التلفزيون وقضايا الاتصال في عالم متغير، بيروت، دار النهضة العربية، 2006
51. ميتشيل ستيفنس، و.هشام عباالله، البث الاذاعي، عمان، الاهلية للنشر والتوزيع، 2008
52. نجلاء الجمال، فن المونتاج التلفزيوني، القاهرة، الدار المصرية البنانية ، 2013
53. نجم شهيب، كتابة السيناريو، عمان، دار المعتز للنشر والتوزيع، 2004
54. نشوة سليمان عقل، الإخراج الإذاعي والتلفزيوني، القاهرة، الدار العربية للنشر والتوزيع، 2009
55. نهى عاطف العيد، صناعة الاخبار التلفزيونية في عصر البث الفضائي، توزيع دار فكر العربى، 2007
56. هاردينغ، اديب خضور، تمثيلية تلفزيؤنية، دمشق، 2006، ص4
57. هاني ابراهيم البطل، الإنتاج الإذاعي والتلفزيوني،ا لقاهرة: عالم الكتب، 2011
58. واين ا.دانيلون،تحليل المضمون وبحوث الاتصال، جامعة لويزانا في الولايات المتحدة الامريكية، ترجمة المركز العربي للبحوث، المركز العربي لبحوث المستملين والمشاهدين، بغداد، 1988
59. يوري لوتمان، و. نبيل الدبس ، مدخل الى سينميائية الفيلم، قضايا علم الجمال السينمائي، دمشق، مكتبة الاسد،2001

**دووەم: نامەی ماستەرو توێژینەوە زانستییەکان**


1. اركان رەئوف عزيز، استخدام تكنلوجيا الاتصال الحديثة في انتاج النشرات الاخبارية التلفزيونية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السليمانية، كلية علوم الانسانية ، 2015
2. أماني قنديل، المونتاج اللاخطي، في مجلة مجلة الفن الإذاعي، تصدر عن إتحاد الإذاعة والتلفزيون، معهد الإذاعة والتلفزيون، العدد 172
3. *ايمان عبدالرحمن حميد، استخدامات الصورة في الأخبار التلفزيونية، دراسة مسحية لأنماط توظيف الصورة الأخبارية في تلفزيون العراق للمدة من1–10–2002 / إلى1–4–2003، رسالة ماجستَير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الاعلام، 2005*
4. تماضر نجيب، دورالمونتاج في الدراما التلفزيونية، مجلة الفن الاذاعي على الانترنيت، العدد194، 2009
5. جمال الجاسم المحمود، التقرير التلفزيوني، كلية العلوم السياسية، جامعة دمشق، مجلة جامعة دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية، العدد الثاني، 2007
6. خالد بن فالح الحارثي، إمكانات الإنتاج التلفزيوني في المؤسسات الحكومية بالمملكة العربية السعودية بين الولقع والطموح، الرياض، ورقة بحثية مقدمة للمنتدى الإعلامي الأول،2003
7. سلمى عبد السلام عبدالسيد عباس، توظيف الموسيقى والمؤثرات الصوتية في برامج تلفزيون، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية الدراسات العليا والبحث العلمي، 2012
8. كاروان محمد، علاقة الجمهور المتلقي بالدراما التلفزيونية الكردية، رسالة ماجستير غير منشور، جامعة الجنان، كلية الاعلام، 2012
9. كاوه عزالدين عبدالرحمن، استخدام مؤثر القطع في فيلم "كويَستاني سبي،مجلة گرميان، العدد 12، 2017
10. كاوه عزالدين عبدالرحمن، استخدام المؤثرات الصورية في التغطية الاخباربة للفضائيات الكوردية وتأثيرها في بناء القائم بالاتصال للمضمون، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة جنان، كلية الاعلام، 2012
11. كاوه عزالدين عبدالرحمن، إستخدام تكنولوجيا الإتصال في انتاج برامج قناة كوردسات الفضائية، مجلة اداب الفراهيدي،جامعة تكريت،العدد21، 2015
12. محمد عبدالفتاح طة، طبيعة الدور التعبيرى الاتصالي للمونتاج في الافلام السينمائية،رسالة ماجستير غيرمنشورة، كلية الاعلام، جامعة شرق الاوسط، 2016
13. محمد كحط عبيد الربيعي، الدور الثقافي للقنوات الفضائية العربية دراسة تحليلية وميدانية لنماذج مختارة من القنوات الفضائية، رسالة الماجستير في الأكاديمية العربية المفتوحة في الدنمارك 2007.
14. المنصف العيارى، الاعمال الميدانية في الاخبار التلفزيونية العربية و اشكال التفاعلية الجديدة، سلسلة بحوث ودراسات اذاعية، (71) تونس، 2010

15. يوهان عثمان حمه، زوايات كاميرا التلفزيونية في برامج الاطفال، دراسة تحليلية لمسلسلات (چرۆكان) في قناة كوردسات، مجلة گرميان ، العدد7، 2015

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

1. Gottesman, Ronald and Harry, Geduld. **Guide book to Film**, (New York: Rinehart and Winston, 1972).
2. Tim j.Simith,An Attentional Theory of Continuity Editing, This research is Unpublished ,Edinburgh, 2005

**چوارەم: سەرچاوەی ئینتەر نێت**

1. احمد خليل حامد، كتابة التقارير الاخبارية، جامعة السودان، قدمت في دورة الاخباري للصحافيين بوكالة السودان للانباء، www.sustech.edu/2011 –8–17–16
2. اكاديمية بي بي سي ، معهد الصحافة
http://www.bbc.co.uk/academy/arabic/article
3. شرف الدين محمد الحسن، المونتاج الرقمي التلفزيوني فن توليف الصورة والصوت.
http://www.zakatinst.net/pdf/ALMONTAG
4. جورج خليفي، دورة تدريبية حول المونتاج وتطورة في السينما، برنامج السينما في المدارس، 2005– 2006 http://docslide.net/
5. محمود حامد ابو قوطة، محاضرات في مادة مونتاج، جامعة فلسطين، كلية اعلام، 2009، http://media.up.edu.ps/page
6. مايكا ديكلاهاي، ارشادات اساسية الاعداد التقارير التلفزيونية، مركز الجزيرة الاعلامي للتدريب والتطوير.
/http://institute.aljazeera.net/ar
HTTP//WWW.ARABFILMTVSCHOOL.EDU.EG – 10/12/2016.7
7. صفاء زهير، تطور اسلوب العمل بمرحلة المونتاج تبعا لتطور استخدامات المرحلة الرقمية الوسيطة بالتطبيق على الافلام المصرية والعالمية، بحث ترقية، اكاديمية فنون، المعهد العالي للسينما، قسم المونتاج، 2010، http://egyptartsacademy.kenanaonline.com

پێنجەم: **چاوپێکەوتن**

1. ئاریان عبدالله، بەڕیوبەری هونەری میدیای گۆران،چاوپێکەوتنی توێژەر، 2017/4/8، سلێمانی
2. بورهان حاجی علی، بەرێوەبەری گشتی کەناڵی گەلی کوردستان، چاوێکەوتنی توێژەر، 2017/4/8، سلێمانی
3. چۆلی ئەسعەد، بەرێوەبەری بەرهەمهێنانی میدیای گۆڕان، چاوێکەوتنی توێژەر، 2017/4/9، سلێمانی
4. فاروق غەفور مەجید، بەرێوەبەری کارگێڕی میدیای گۆڕان، چاوێکەوتنی توێژەر، 2017/4/9، سلێمانی
5. کاروان شێخ عوسمان، بەرێوەبەری کەناڵی گەلی کوردستان/ سلێمانی، چاوێکەوتنی توێژەر، 2017/4/6، سلێمانی
6. محمد رەئوف،بەرێوبەری بەرنامەکانی میدیای گۆران، چاوپێکەوتنی توێژەر،8 /2017/4، سلێمانی

.7

# پاشکۆکان

# پاشکۆکان

**پاشکۆی یەکەم: فۆرمی شیکاری**

زانکۆی سلیمانی

کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان

بەشی ڕاگەیاندن

بەپشـــت بەســـتن بـــە ئـــەزموونی زانســـتیتان فـــۆڕمێکی شـــیکاری دەخەینـــە بەردەســـتان وەك بەشـــێك لەپێداویستییەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بە ناونیشانی (بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لەبەرهەم هێنـانی ڕاپـۆرتی تەلەڤزیۆنیـدا–کـەناڵی ئاسمـانی گـەلی کوردسـتان وکەناڵی ئاسمـانی KNN،وەك نومونـە)، داواکارم کەبەتێبینیە زانستیە وردو دیاریکراوەکانتان فۆڕمەکە دەوڵەمەند بکەن.

لەگەڵ ڕێزوسوپاسدا....

**توێژەر**

**نەبەز احمد**

شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتی تەلە ڤزیۆنی

| شێوازی ئەنجامدان | | | |
|---|---|---|---|
| | گونجاوە | نەگونجاوە | |
| مەیدانی | | | |
| ئامادەکراو Inhous | | | |

جۆری ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی

| جۆری ڕاپۆرت | | | |
|---|---|---|---|
| | گونجاوە | نەگونجاوە | گۆڕانکاری |
| سارد | | | |
| گەرم | | | |

بابەتی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی

| بابەت | | | |
|---|---|---|---|
| | گونجاوە | نەگونجاوە | |
| سیاسی | | | |
| کۆمەڵایەتی | | | |
| پەروەردەیی | | | |
| ئاینی | | | |

بەکارهێنانی کارتێکەری وێنەیی لە مۆنتاژی راپۆرتەکاندا

| کارتێکەر | | | |
|---|---|---|---|
| | گونجاوە | نەگونجاوە | |
| Cut –برین | | | |
| Mix–تێکەڵکردن | | | |
| Faid in-faid out | | | |
| Wip –سڕینەوە | | | |

سیستەمی مۆنتاژی بەکار هاتوو لەڕاپۆرتەکاندا

| سیستەمی مۆنتاژ | | | |
|---|---|---|---|
| | گونجاوە | نەگونجاوە | |
| هێڵی.خطي(Linear) | | | |
| ناهێڵی.لاخطي(Nonlinear) | | | |

جۆری وێنەی بەکار هاتوو لەڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنیدا

| وێنەی بەکار هاتوو | | | |
|---|---|---|---|
| | گونجاوە | نەگونجاوە | |
| جولاَو | | | |
| وەستاو | | | |
| گرافیك | | | |

ماوەی وێنەی بەکارهاتوو لەڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنیدا

| ماوەی وێنەی بەکار هاتوو | | | |
|---|---|---|---|
| | گونجاوە | نەگونجاوە | |
| کورت خایەن | | | |
| مام ناوەند | | | |
| درێژخایەن | | | |

شوێنی دەنگی سروشتی لەڕپۆرتە هەواڵدا

| شوێنی دەنگی سروشتی | | | |
|---|---|---|---|
| | گونجاوە | نەگونجاوە | |
| سەرەتا | | | |
| ناوەند | | | |
| کۆتایی | | | |
| باکگراوند | | | |

شوێنی دەرکەوتنی پەیامنێر لەڕاپۆرتە هەواڵدا

| شوێنی دەرکەوتنی پەیامنێر | | | |
|---|---|---|---|
| | گونجاوە | نەگونجاوە | |
| سەرەتا | | | |
| ناوەند | | | |
| کۆتایی | | | |

چۆن مامەڵە کراوە لەگەڵ گرتەکانی کامیرا لەکاتی مۆنتاژی ڕاپۆرتی تەلە ڤزیۆنیدا

| جۆری گرتەکان | | | |
|---|---|---|---|
| | گونجاوە | نەگونجاوە | |
| گشتی | | | |
| تەواو | | | |
| ناوەند | | | |
| ناوەندی نزیك | | | |
| نزیك | | | |

چۆن مامەڵە کراوە لەگەڵ گۆشەکانی کامیرا لەکاتی مۆنتاژی ڕاپۆرتی تەلە ڤزیۆنیدا

| گۆشەکانی کامێرا | | | |
|---|---|---|---|
| | گونجاوە | نەگونجاوە | |
| بەرز | | | |
| ئاستی بینین | | | |
| نزم | | | |

چۆن مامەڵە کراوە لەگەڵ جوڵەکانی کامیرا لەکاتی مۆنتاژی ڕاپۆرتی تەلە ڤزیۆنیدا


| جوڵەکانی کامێرا | | | |
|---|---|---|---|
| | گونجاوە | نەگونجاوە | |
| Zoom in-zoom out | | | |
| Pan right-pan left | | | |
| Tilt up-tilt down | | | |

**جۆری فلتەری بەکار هاتوو لەسەر وێنەی مۆنتاژ کراو**


| جۆری فلتەری بەکار هاتوو | | | |
|---|---|---|---|
| | گونجاوه | نەگونجاوه | |
| Color correction | | | |
| Blur | | | |
| Mozaic | | | |

\

پاشکۆی دووەم: پەیکەری کارگێڕی کەناڵی گەلی کوردستان (GK)



## پاشکۆی سێهەم: پەیکەری کارگێڕی کەناڵی (KNN)



## پاشکۆی چوارەم: مۆنتاژی هێڵی(Liner)










## پاشکۆی پێنجەم:مۆنتاژی ناهێڵی (Non Liner)







## پاشکۆی شەشەم: گرتەکانی کامێرا



پاشکۆی حەوتەم: گۆشەکانی کامێرا



پاشكۆی هەشتەم: جوڵەكانی كامێرا



حكومة اقليم كوردستان العراق

وزارة تعليم العالي والبحث العلمي

جامعة السليمانية

كلية علوم الانسانية

قسم الاعلام / تلفزيون

# استخدام أساليب المونتاج في إنتاج التقرير التلفزيوني للقنوات الفضائية في اقليم كوردستان

## (دراسة تحليلية في قناتي "GK" و "KN" )

رسالة تقدم بها الطالب

نەبەز احمد حسن

الى مجلس كلية العلوم الانسانية بجامعة السليمانية، وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في الاعلام – التلفزيون

بأشراف

ا.م.د. ابراهيم سعيد فتح الله

2717 كوردية 1437هجري 2017 ميلادية

## خلاصة الدراسة

### استخدام أساليب المونتاج في إنتاج التقرير التلفزيوني للقنوات الفضائية في اقليم كوردستان (دراسة تحليلية في قناتي "GK" و "KN" )

يعد المونتاج التلفزيوني (التوليف) أحد عناصر إنتاج المواد التلفزيونية، فمن خلاله يتم اختيار وترتيب المقاطع التلفزيونية وطولها الزمني على الشاشة، حيث يتحول الصورة الى رسالة محددة المعنى. مهدت التطورات التكنلوجية التي حصلت في مجال الإنتاج التلفزيوني الطريق أمام استخدام أساليب أكثر فنية من أجل تطوير المونتاج التلفزيوني، ومن هذا المنطلق أصبحت معرفة كيفية استخدام أساليب المونتاج في التلفزة الكوردية و بالأخص في القنوات الفضائية من الضروريات البحثية بغية مقاربتها وتمحيصها.

ومن هنا اختار الباحث فضائيتين كورديتين وهما (GK ) و (KNN)، وعن طريق منهج تحليل المضمون حلّل (338 ) تقريرا إخباريا، وذلك لمعرفة الأساليب المستخدمة في مونتاج تلك التقارير، وتوصل الباحث إلى مجموعة من الاستنتاجات منها:

1. اهتمت كلتا القناتين من حيث النوعيةُ بالتقارير الساخنة، التي تغطي الأحداث الآنية والحديثة، وهذه تعود إلى أن كلتيهما اهتمتا بالأخبار السياسية أكثر من غيرها، ومن المعلوم أن الأخبار السياسية دوماً تواكب التغيير والتحديث.
2. أن كلتا القناتين اهتمتا بالمرتبة الأولى بالتقارير الميدانية، التي يتابع لها المراسلون على أرض الواقع، وهذا يلمح إلى اهتمامهما بمدى حضورهما بين الأحداث، وتهتم قناة (KNN) –اعتمادا على المصادر المتنوعة من حيث الإحصاءُ–بالتقارير، التي أعدّت في غرفة الأخبار مقارنة بقناة (GK)، وهذه تدل على أنها حاولت أن تتابع لتلك الأحداث الإقليمية والدولية، والتي لم يمكن متابعتها بشكل ميداني، بسبب عدم وجودها لشبكة المراسلين في تلك المناطق، بيد أن نوعية التقارير التي أجريت حسب سياسة القناة، تحتضن مظهراً تفسيرياً، وتتسم بها.
3. ان كلتا القناتين التزمتا باستخدام مؤثر قص (cut)، وهذا أسلوب مناسب، ويُعدّ أيضًا ركيزة أساسية لأسلوب استخدام المؤثر في عملية مونتاج التقرير، لكن ما يلفت للنظر، أنه أُهملَ في كلتا القناتين استخدام مؤثر لقطة إدراج (insert) كلقطة معالجة بجانب مؤثر خلط (mix)، وهذه تعد ثغرة في عملية المونتاج.
4. ان كلتا القناتين لجئتا إلى استخدام الصوت الطبيعي كأساس مهم لمونتاج التقرير، أما ما يلاحظ فهو أن قناة (KNN ) حاولت أن تستخدم وتجسد في جميع تقاريرها، الصوت الطبيعي في البداية والوسط والنهاية. وفي

المقابل أن قناة (Gk) فضّلت أن تستخدم الصوت الطبيعي مع الخلفية (background)، ولاشك أن استخدام الصوت الطبيعي له أهمية بالغة، بُغية عرض حقيقة الحدث، كي يربط المشاهد والمتفرج مع الحدث ويجره إلى ظروفه.

5. لقد مارست كلتا القناتين أسلوباً خاصاً بهما، في كيفية حركة الكاميرا في عملية مونتاج التقرير الخبري، والذي يلاحظ أنه اُستخدمت كثيراً حركةُ (ZOOM، Tilt) في قناة (GK)، كثيراً ما اُستخدمتْ في قناة (KNN)، ولكنهما في استخدام حركة (PAN) سويّان. ويمكننا القول بأنه لم يكن من الصحيح والمصيبة الآن، استخدامَ حركة (ZOOM)في التقرير التلفزيوني.

6. من حيث أسلوبُ إجراء التقرير الخبري على مستوى القناتين السالفتين الذكر، ظهر أن هناك تبايناً إحصائياً في استخدام الصوت الطبيعي وبروز المراسلين فضلاً عن مرشح المستخدم، وذلك يعود إلى أنه ينبغي أن نجد في التقرير الميداني مرّات عدة بروز وظهور المراسلين بجانب الصوت الطبيعي، والذي يُبرز حقيقة و ومصداقية القناة، ويدخل في الوقت نفسه المتلقي إلى ظروف الأحداث أكثر فأكثر، وما يتعلق باستخدام المرشح، فإنه يُستخدَم في التقارير الميدانية بغية معالجة توازن اللون.

كما توصل الباحث الى مجموعة من التوصيات منها:

1. ينبغي أن تتسم القناتان التوازنَ في إنتاج التقرير الميداني والتقارير المنتجة داخل غرفة الأخبار، خصوصاً على قناة (knn ) أن تهتم بالتقرير الميداني، الذي يتضمن الحقيقة والمصداقية، و يجرّ المتلقي إلى ظرف الحدث.

2. لابد أن لا ترتبط القناتان وقت قص التعليق في التقارير بمؤثر الخلط (mix)، ولكن من الأفضل مع هذا النوع من المؤثر أن تستخدما لقطة الإدراج (insert) لمعالجة قص التعليق الموجود داخل التقرير.

3. ينبغي على القناتين حين استخدام مدى صورة زمنية، أن تنتبها إلى طلب المتلقي، وذلك عن طريق استخدام مدى صورة زمنية قصيرة المدى أو بعيدة المدى، ولا تزعجهما أيضاً أكثر فأكثر.

4.Both channels resort to using natural sounds to montage news reports; KNN however uses this technique in the beginning, middle and end of the report while GK uses this technique more with a background. Using natural sounds is an important factor to relate the audience to the events.

5.Both channels have their own ways for angling cameras. It is noted that GK relies more on (zooming) whereas KNN uses (tilt) more. Both channels use (Pan) alike. It is worth mentioning that (zoom) is not a recommended move in montaging as it occupies a large time span.

6.As to news report production, there are minor differences in the use of natural sounds, showing the correspondents and the filters used. This can be attributed to the fact that a field report largely relies on using natural sounds and the presence of the correspondent to further draw the audience into the heart of the events. Moreover, filters are excessively used in field reports to balance colors.

**Recommendations**

The researcher presents the following recommendations for both channels:

1. Both channels should make a balance between field reports and newsroom reports. It is recommended that KNN channel should pay more attention to field reports as it represents the truth of the events and puts the audience into the heart of the events.
2. It is recommended that both channels should avoid the over use of (mixing) when editing talks and try to use (insert) along with mixing.
3. In order not to get audiences board, both channels are recommended to take audience preference into consideration when using time span frames.

# Abstract


## Using different Montaging Conventions in Preparing TV Reports: An Analytical study of (KNN) and (GK) News Reports

Montaging is an important element of TV production through which a series of short shots are edited into a sequence to condense space and time, in an informative way. Technological development in TV production led to integrating new creative ways especially in the Kurdish Satellite Channels, hence, this research seeks to study the different conventions used in montaging. The research tackles two of the well-known Kurdish Satellite channels, (GK) and (KNN) and conducts a content analysis of 338 news reports to underpin their montaging techniques. The researcher concluded the followings:

1.Both channels focused on hot reports that cover instant happenings, this can be attributed to the fact that both channels are news channels and the fact that the political situation is always changing.

2.Both channels are interested in on-the-scene reports in which a correspondent reports during ‘a live-shot’ which reflects the eagerness of the channels to be live in the events. As for reports that are prepared in the news rooms, KNN pays more attention to this type in contrast to GK. This shows the fact that KNN is going to the depth of the events through conducting more analysis of the regional and international events, besides not having enough correspondents on site is another contributing factor. Moreover, the channel tries to present events and their analysis in ways that corresponds to the channels outlook and political vision.

3.Both channels rely on an excessive use of the (cut) command; this is considered a proper use of the command. However, both of (insert) and (mix) commands are largely neglected which is considered as a gap in the age process.

Kurdistan Regional Goevrnment
Ministry of Higher Education
And Scientific Research
University of sulaimani
Coleg Humanities
Media Department

# Using different Montaging Conventions in Preparing TV Reports: An Analytical study of (KNN) and (GK) News Reports

Athesis Submitted By:
Nabaz Ahmmad Hasan

Dissertation submitted in partial fulfillment of the requirements for the Degree of masters of Humanities Coleg in the media

Supervised by:
Dr. Ebrahim Saied Fathulla

2017 AD 1437 HIJRE 2717 KURDISH

# بەشی سێیەم

## لایەنی پراکتیکی

### شێوازە هونەریەکانی مۆنتاژکردنی ڕاپۆرت لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی(Gk) و (Knn)دا

**یەکەم: هەنگاوەکانی لایەنی پراکتیکی**

**دووەم: خستەڕووی بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنیدا لەهەردوو کەناڵی ئاسمانی (Gk) و (Knn) دا.**

# 3. لایەنی پراکتیکی

## شێوازە هونەریەکانی مۆنتاژکردنی ڕاپۆرت لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی(Gk) و(Knn)دا

### یەکەم: هەنگاوەکانی لایەنی شیکاری ناوەڕۆك

ئـەم توێژینەوەیـە بەمەبەسـتی شـیکردنەوەی شـێوازوەکانی پەیوەسـت بـە مۆنتـاژکردنی ڕاپۆرتـە تەلەڤزیۆنییەکان لەهەردوو کەناڵی (Gk)و (KNN) دا، بەپشتبەستن بەمیتۆدی شیکاری ژمارەیەك ڕێوشوێنی زانستی گرتۆنەبەر بەم شێوەیەی خوارەوە:

**1: چەمکی شیکاریی**

شیکاری ناوەڕۆك چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بـۆکراوە، لـەنێو ئـەم پێناسـانەدا (برنـارد بیرسـون) دەڵێـت: (شـێوازێکی توێژینەوەیـە بـۆ دانـانی وێنایـەکی ڕێکخـراوو بابـەتی بۆنـاوەڕۆکی ڕواڵـەتی بابەتـەکانی پەیوەست بەکۆمۆنیکەیشن،[1] لەم سـۆنگەیەوە چـەمکی شـیکاری شـێوازێکە بـۆ پـۆلێنکردنی خەسـڵەتەکانی ناوەڕۆکی دەستەکانی پەیوەست بەئەوبنەمایانەی شیکاری دیاری دەکات.[2]

توێـژەر ئـەم میتـۆدەی بـۆ شـیتاڵکردنو شـیکردنەوەی شـێوازی مۆنتـاژکردنی ڕاپۆرتـەکان بـەکارهێناوەو ڕێوشوێنەکانی پەیوەست بەومیتۆدەی گرتووەتەبەر.

**2: دروستکردنی فۆرمی شیکاری:**

بەوپێیـەی ئـەم توێژینەوەیـە شـیکارییەکی پاشـوەختە واتـا فـۆرمێکی ئامـادەکراو نییـە کـە توێـژەر پشـتی پێبەستبێت، بۆیە بۆ دروستکردنی، سەرەتا توێژەر تەمەشای تەواوی ئەو ڕاپۆرتانـەی کـرد، کـە وەك نمونـەو سامپڵ وەری گرتبو و دوای تەماشاکردنی، یەکەو دەستەکانی دیاریکرد.

**3: دیاریکردنی یەکەکانی شیکاری:**

بەوپێیەی زۆرترین ئەو توێژینەوانەی ئەم میتۆدە بەکاردەهێنن، شیکاری بۆ ناوەڕۆکی نوسین دەکـەن، چـەند یەکەیەکی شیکاری وەردەگرن وەك وشە، بیرۆکە، ڕستە، بڕگە، کەسایەتی، بەڵام بەوپێیەی ئەم توێژینەوەیـە تایبەتە بەشیکردنەوەی ئەو وێنە جوڵاوانەی بەشێوەی مۆنتاژ دیاریکراوەو ناوەڕۆکی توێژینەوەکە وێنەیە نەك نوسین، بۆیە یەکەی گرتەی وێنەیی پشتی پێبەسـتراوە، واتـا هـەر گرتەیـەو بـەجیا وەرگـیراوەو شـیکاری بـۆ

---

1.واین ا.دانیلون،**تحليل المضمون وبحوث الاتصال**، جامعة لويزانا في الولايات المتحدة الامريكية، ترجمة المركز العربي للبحوث، المركز العربي لبحوث المستملين والمشاهدين، بغداد، 1988، ص ص 169

2 .مصطفى حميد الطائي، خير ميلاد ابوبكر، مناهج البحث العلمي، وتطبيقها في الاعلام والعلوم السياسية، الاسكندرية،دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر، 2007،ص125

کراوە کە هاوتەریبەو هاوشێوەی یەکەی برگەو ڕستەیە لەبواری شیکردنەوەی دەقە نوسراوەکاندا، بەوپێییەی لە ڕێزمانی زمانی سینەمادا دەوترێت (گرتە = وشە)، واتە هەر گرتەیەك وشەیەکە و ئامرازەکانی پەیوەندیش ئەو کارتێکەرانەن کە گرتەکان پێکەوە گرێدەدات.

## 4: دیاریکردنی دەستەکانی شیکردنەوە:

مەبەست لەیەکەی شیکردنەوە پۆلێنکردنی یەکەکانە بەگوێرەی ناوەرۆك واتا ئەو بابەتە میدیاییانەی شیکاری بۆدەکرێت، دەکرێت بەچەند بەشێکەوە کە سیماو خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە لەسەر بنەمای ئەو پێودانگە پۆلێن کارییانەی کە پێداویستیو ئامانجەکانی توێژینەوە مەبەستیانە.

دەستەکانی شیکاری بەگوێرەی میتۆدی شیکاریی ناوەۆرك، دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکییەوە کە بریتین:[1]

**جۆری یەکەم**: وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە(چی وتراوە)، کە تایبەتە بەخستنەڕووی بابەتی ئەو ناوەرۆکانەی شیکاری دەکرێن.

**جۆری دووەم**: وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە(چۆن وتراوە) کەتایبەتە بەخستەڕووی ئەوشێوازەی کە ناوەرۆکەکەی خراوەتەڕوو کە زیاتر پەیوەستە بەفۆڕمی ناوەرۆکەوە.

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە جۆری دووەم بەستووە، کە تایبەتە بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە دەڵێن (چۆن وتراوە)، بەوپێیەی ئەم توێژینەوەیە شێوازی مۆنتاژکردنی خستووەتەڕوو، واتا ئەو وەڵامەی داوەتەوە کە چۆن مۆنتاژی ڕاپۆرتەکان کراوە.

## 5: پێناسەکردنی دەستەکانی توێژینەوە:

**دەستەی یەکەم**: جۆری ڕاپۆرت: مەبەست لەم دەستەیە خستنەڕووی جۆری ڕاپۆرتە لەڕووی جۆرەوە، کە پۆلێن کراوە بۆ (ڕاپۆرتی ساردو ڕاپۆرتی گەرم).

- ڕاپۆرتی سارد: ئەو ڕاپۆرتانە دەگرێتەوە باس لەو ڕووداوانە دەکات هەنوکەیی نین، لەهەرکاتێکدا بێت دەتوانین ڕاپۆرتیان لەبارەوە بکەین پەخشبکرێن.

- ڕاپۆرتی گەرم: مەبەست لەو ڕاپۆرتانەیە کار لەسەر ڕووداوە هەنوکەییەکان دەکات، جێگەی بایەخی بینەرانو پەیوەندیدارە بە ژیانی ڕۆژانەیان.

**دەستەی دووەم**: شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرت: لێرەدا باسمان لە لەشێوازی ئەنجامدانی جۆری ڕاپۆرتەکان کردووە، کە بە دوو شێواز ئەنجامدەدرێن ئەوانیش بریتین لە:

---

1.سمیر محمد حسین، **بحوث جامعية في الاعلام**، القاهرة، دار الفجر ونشرالتوزيع، ، 2002ص181

ـ ڕاپۆرتی مەیدانی: مەبەست لەم شێوازە ئەنجامدانی ڕاپۆرتـە بەشـێوەیەکی مەیـدانی پـەیامنێر دەچـێتە نـاو ڕووداوەکەوەو بە ئامادەبوونی ڕاپۆرتەکە ئەنجامدەدرێت.

ـ ڕاپۆرتی ئامادەکراو: لەم شێوازەدا ڕاپۆرت لەبارەگای کەناڵ لەژووری هەواڵ ئامادەدەکرێت، لەسەر بنـەمای ئەو زانیاریانەی لەسەر ڕووداوەکە هەیە، شێوازێکی ڕاڤەکارییانە لەخودەگرێت شیکردنەوە بـۆ ڕووداوە سـاردو گەرمەکان دەکرێتو بەوێنەو دەنگ دەخرێتەڕوو.

ـ دەستەی سێیەم: بەکارهێنانی کارتێکەری وێنەیی: مەبەست لەم دەستەیە ئەو کارتێکەرانەن کە لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەکانـدا لـە کـاتی گواسـتنەوە لەگرتەیـەك بۆگرتەیـەکی بـەکاردەهێنرێن، ترئەمـەش بـۆ بەسـتنەوەو جوانکردنو ڕێکخستن بەکاردەهێنرێت، کە پۆلێن کراوەبۆ ئەم جۆرانە:

+ کارتێکـەری بـڕین (CUT): ئـەم جـۆرە زۆرتـرین بـەکارهێنانی هەیـە لـەمۆنتاژی ڕاپۆرتـدا، بـەخێراترین گواسـتنەوە لەگرتەیەکـەوە بۆگرتەیـەکی تـر دادەنرێـت، واتـا گرتـەی یەکـەم دەبڕیـت پاشـان گرتـەی دووەم دەخرێتەڕوو.

+ کارتێکەری تێکەڵکردن (dissolve): مەبەسـت لـەم جـۆرە تێکـەڵکردنی دووگرتەیـە لەیـەك کاتـدا، کاتێك دەمانەوێت لەگرتەی یەکەمەوە بۆگرتەی دووەم بچین، چەند فرەیمێك لەگرتەی یەکەم تێکەڵ بـە فرەیمـەکانی گرتەی دووەم دەکەین.

+ کارتێکەری سڕینەوە (wipe): ئەم جۆرە کاتێـك لـەنێوان دووگرتـەدا بەکاریـدەهێنین، کـە گرتـەی یەکـەم گرتەی دووەم دەسڕێتەوەو دەچێتە شوێنی.

+ کارتێکـەری داخڵکـردنو دەرچـوون (Fade in-Fade out) :مەبەسـت لـەم جـۆرە ئەوەیـە کاتێـك دەمانەوێت داخڵی گرتەی یەکەم بین، شاشەکە لەڕەشەوە داخڵی وێنەکە دەبێـت، ئەگـەر ویسـتمان لەگرتـەی یەکەم دەربچین شاشەکە ڕەش دەبێتو داخڵی گرتەی دووەم دەبێت.

**دەستەی چوارەم**: بەکارهێنانی وێنە: لەم دەستەیەدا باس لەو وێنانە دەکـەین، کـە لـەمۆنتاژی ڕاپۆرتەکانـدا بەکارهاتوون ئەمەش بۆ وێنەی جوڵاو، وێنەی وەستاو، وێنەی گرافیکی پۆلێن کراوە.

**دەستەی پێنجەم**: ماوەی وێنەی بەکارهاتوو: مەبەسـت لـەم دەسـتەیە وادەی زەمـەنی ئـەو وێنانەیـە کـە لـە مۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا بەکاردەهێنرێت، تاچەندێك وێنە بەکارهاتووەکان دەمێنێتەوە لەسەر شاشە، بۆ مـاوەی وادەی زەمەنی (کورتو مامناوەندو درێژخایەن) پۆلێن کراوە.

**دەسـتەی شەشـەم**: بـەکارهێنانی گرتـەکانی کـامێرا: لـەم دەسـتەیەدا گرتـەکانی کـامێرا کـە وێنـەگر لـەکاتی وێنەگرتنی ڕووداوەکەدا تۆماریی کردوون خراوەتـەڕوو، کـە بـۆ گرتـەکانی (گشـتی، تـەواو، ناوەنـد، ناوەنـدی نزیك، نزیك) پۆلێن کراون.

**دەستەی حەوتەم:** بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا: مەبەست لەم دەستەیە خستنەڕووی ئەو جوڵانەی کامێرایە کە وێنەگر لەکاتی تۆمارکردنی وێنەی ڕووداوەکان تۆماری کردونو بەکارهاتوون لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەکاند ئەمەش بۆ جوڵەی (zoom-pan-tiilt) پۆلێن کراوە.

**دەستەی هەشتەم:** بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا: لەم دەستەیەدا ئەو گۆشانەی کامێرا دەخەینەڕوو، وێنەگر بەکاری هێناوە بۆتۆمارکردنی وێنەی ڕووداوەکانو بەکارهاتوون لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا پۆلێن کراوە بۆ گۆشەکانی (بینینو بەرزو نزم).

**دەستەی نۆیەم**: بەکارهێنانی فلتەری وێنە: مەبەست لەم دەستەیە خستنەڕووی ئەو فلتەرە وێنەییانەیە، مۆنتێر بۆسەر وێنەکە بەکاریدەهێنێت، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی وێنە پەنای بۆ دەبرێت، ئەویش بۆ فلتەری پۆلێن کراوە:

- colorcorrection : ئەم جۆرە فلتەرە لە کاتی بونی کێشەی ناهاوسەنگی ڕەنگ، چارەسەرکردنی وێنەکە لە رووی هاوسەنگی تۆنەکانی رەنگەوە بەکاردەهێنرێت.

-Blure: ئەم جۆرە بۆ چارەسەرکردنی قەبارەی وێنە بەکاردێت، لەکاتی بەکارهێنانی وێنەی قەبارە بچوك لەرێگەی ئەم فلتەرەوە چارەسەردەکرێت، بەجۆرێك قەبارەی وێنەکە بۆ قەبارەی ستانداردی شاشەکە دەگۆڕێت.

-Mosaic : بۆ شاردنەوەی ئەو بەشەی کە پێویستە بینەر نەیبینێت بە کاردەهێنرێت، یاخود لە وێنەی تۆمارکراو نەیناسێتەوە.

**دەستەی دەیەم:** دەنگی سروشتی: بریتییە لەخستنەڕووی ئەو دەنگە سروشتییانەی لەکاتی مۆنتاژی ڕاپۆرتەکاندا لەپاڵ وێنەو دەنگی پەیامنێر بەکاردەهێنرێت، بۆبەکارهێنانی (دەنگی سروشتی سەرەتا، دەنگی سروشتی ناوەند، دەنگی سروشتی کۆتایی ) پۆلێن کراوە.

**دەستەی یانزەیەم**: دەرکەوتنی پەیامنێر، مەبەست لەم دەستەیە ئەوەیە، کە چەند جار پەیامنێر دەرکەوتوە، لەڕاپۆرتەکاندا دەیخەینەڕوو ئەویش پۆلێن کراوە بۆ دەرکەوتنی پەیامنێر لە(سەرەتا، ناوەند، کۆتای).

## 6: ڕاستی فۆڕمی شیکاری

مەبەست لەڕاستی شیکاری بەئاگابوونی توێژەرە لەڕادەی دروستی ئەو فۆڕمەی بۆ پێوانەکردنی بابەتەکان بەکاریدەهێنیٚ، [1] ئەگەرچی هەنگاوی دەرهێنانی ڕاستیو دروستی فۆڕمی شیکاریی یەکێکە لەهەنگاوە سەرەکییەکانی میتۆدی شیکاری ناوەرۆك، بەلاَم یەك جۆر لەبەردەستدانییەو توێژینەوەکان زیاد لەجۆرێك دەگرنەبەر، ئەم توێژینەوەیە جۆری ڕاستی ڕواڵەتی بەکارهێناوە، هەروەك لە زۆربەی توێژینەکانی پەیوەست

---

1..محمد منير حجاب، سەرچاوەی پێشوو، لا 156

بەشیکاری ناوەڕۆکدا بەکاردێت، کە پیشاندانی فۆڕمی شیکارییە بەچەند پسپۆڕو هەڵسەنگێنەرێك بەمەبەستی بەئاگابوون لەڕاستیو دروستی ئەو فۆڕمەی بۆ شیکاری، دروستکراوە، ناوی پسپۆڕو هەڵسەنگێرەکان بە گوێرەی پلەی زانستییان[*]. دوای هەڵسەنگاندنی فۆڕمەکە لەلایەن پسپۆڕانەوە، ڕادەی ڕاستیو دروستی بەڕێژەی (0.967) دیاریکرا، کە لەڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی گونجاوە.

**ڕاگەیاندن، پاشان ڕێژەی ڕێککەوتنیان بە پێی ئەم لێکدانەوە ئامارییە بەدیهات:**

$$\text{ڕێژەی هاوپەکی} = \frac{\text{ن} \times \text{ناوەندی ڕێککەوتنی هەڵسەنگێنەران}}{1+((\text{ن}-1)\times \text{ناوەندی ڕێککەوتنی هەڵسەنگێنەران})}$$

$$\text{ڕێژەی هاوپەکی} = \frac{0.81 \times 7}{1+(0.81 \times 6)} = 0.967$$

**7: جێگیری**

مەبەست لە جێگیری، گەیشتنە بە هەمان ئەنجامی شیکاری یەکەم، بە دوبارەکردنەوەی شیکاریی دەستەکان بەسەر هەمان سامپڵ بە ڕێژەیەکی دیاریکراو و لە کاتێکی دیاریکراودا، توێژەر بۆ گەیشتن بە جێگیری دوو ڕێگای ئەنجامدا وەك لە خوارەوە خراونەتەڕوو:

یەکەم/ جێگیری لەگەڵ خود: توێژەر هەستا بە دوبارە شیکردنەوەی دەستەکان بە تێپەڕینی ماوەی (سێ مانگ) بەسەر مێژووی یەکەم شیکاریدا، لەگەڵ خودی خۆی، بەسەر ڕێژەی (10٪) سامپڵی توێژینەوەکە کە (338) ڕاپۆرتە– هەواڵە، بە پشت بەستن بە یاسای "هۆڵستی" بۆ جێگیری، ناوەندی هاوپەکی توێژەر لەگەڵ خودی

**Coefficient** Reliability CR: $\frac{2M}{N1 + N2}$

[*] هەڵسەنگێنەران:

1. د. حەبیب مال الله ابراهیم، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سەلاحەدین
2. د. فواد احمد علی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی
3. د. هێمن مجید، پرۆفیسۆری یاریدەدەر ، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی
4. د. حکیم عوسمان، پرۆفیسۆری یاریدەدەر ، بەشی تەکنیکی میدیا، زانکۆی پۆلۆتەکنیکی سلێمانی
5. د. سلام نصرالدین محمد، پرۆفیسۆری یاریدەدەر ، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی
6. د. ابتسام اسماعیل قادر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر ، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی
7. د. ڕێبەر گۆران، مامۆستا ، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی

خۆی کردییە (0.957)، ئەمەش بۆ دڵنیا بوون لە روونی و راستگۆیی دەستەی شیکارییەکان بە رێژەیەکی بەرز دادەنرێت.

$$\frac{2 \times 423}{442 + 442} = 0.957$$

دووەم/ جێگیریی لەگەڵ کەسانی تر: توێژەر هەستا بە دوبارەکردنەوەی شیکارییەکە لەگەڵ (سێ)(*) کەسی تر، هەروەها شیکاری (5٪) قەبارەی سامپڵەکەیان ئەنجامدا، کە پێکهاتووە لە شیکار کردنی (13) دەستە بۆ (17) راپۆرتە هەواڵی هەردوو کەناڵی (KNN,GK) بە یەکسانی، بە بەکارهێنانی یاسای "هۆڵستی" بۆ جێگیری، ئەنجامی کۆتایی بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو:

یاسای جێگیری: **Coefficient** Reliability CR: $\frac{2M}{N1 + N2}$

M ژمارەی هاویەکی نێوان کەسەکان. N1 ژمارەی داتاکان کە کەسی یەکەم شیکردووەتەوە.
N2 ژمارەی داتاکان کە کەسی دووەم شیکردووەتەوە.

دەرەنجامی کەسەکان بە کۆدی (A,B,C,D):

$$\frac{N(N-1)}{2} = \frac{3 \times 4}{2} = 6$$

0.87 = A,B　　0.91 = B,C　　0.93 =A,D

0.96 =A,C　　0.90 = D,B　　0.86 = D,C

ریزبەندی داتاکان لە نزمەوە بۆ بەرز بۆ دۆزینەوەی ناوەراستە:

0.96　0.93　0.91　0.90　0.87　0.86

**کەواتە جێگیری بەپێی یاسای "هۆڵستی" دەکاتە:**

$$\frac{0.91 + 0.90}{2} = 90.5\ \%$$

**ئەم ئەنجامە، رێژەیەکی باشە و ئاماژەیە بۆ جێگیری**

(*)

1. کاوە عزالدین عبدالرحمن ، مامۆستا، زانکۆی سلێمانی
2. یوهان عوسمان حمە، مامۆستا، زانکۆی سلێمانی
3. کاروان عبداللە محمد، مامۆستای یاریدەدەر، زانکۆی سلێمانی

## 8: شێوازەئامارییەکان

شێوازە ئامارییەکانی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بۆ دیاریکردنی ئەنجامەکانی پەیوەست بەلایەنی شیکاری، توێژەر بەرنامەی کۆمپیوتەری (spss) بەکارهێناوە، بۆ شیکردنەوەی داتاکان پەنای بۆ کۆمەڵێك شێوازی ئاماری بردووە:

- بەکارهێنانی رێژەی سەدی (percent).
- دۆزینەوەی (ناوەندە ژمێرە means، جیاوازی variance، لادانی پێوەریstd, deviation ).
- دۆزینەوەی جیاوازیی نێوان گۆڕاوەکان لە رێگەی بەکارهێنانی ( T-test, Z-test ).

## دووەم: خستەڕووی بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ.
## لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنیدا لەهەردوو کەناڵی(Knn) و(Gk)دا

لەچوارچێوەی خستەڕووەی بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لەهەردوو کەناڵی(Gk)و(Knn )، توێژەر میتۆدی شیکاری ڕووالەتی بۆ بەئەگابوون لە شێوازی بەکارهێنانی مۆنتاژ لە ڕاپۆرتەکاندا بەکار هێناوە، بۆ هەریەکە لەو ڕاپۆرتانەش توێژەر ئەم هەنگاوانەی گرتووەتەبەر:

بەمەبەستی خستەڕووی شێوازەکانی بەکارهێنانی مۆنتاژ لەهەردوو کەناڵی (GK)و(KNN)دا، بەپێی ئەو ئامانجانەی ئەو توێژینەوە هەیەتی توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی (spss)، گەشتووەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

## 1: شێوازی بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕاپۆرتە هەواڵ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK)و (KNN)

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە (شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕاپۆرتە هەواڵ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی ( GK) و (KNN) دەرکەوتووە، کە (بەکارهێنانی ڕاپۆرتی گەرم) لە هەردوو کەناڵەکەدا بە پلەی یەکەم دێت ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی هەردوو کەناڵەکە توانیویانە زۆرتر گرنگی بەو ڕووداوانەی ڕۆژ بدەن، کە زیاتر دەبنە جێگەی بایەخی بینەران و زۆرترین ڕاپۆرت لەو بارەیەوە ئەنجامبدەن، بۆ بەئاگابوون لە رادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (جۆرەکانی ڕاپۆرتە هەواڵ) لەنێوان هەردوو کەناڵ، دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z- Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری نییە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە، (ئاماژە) زیاترە لە(0.05)، ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە هەردوو کەناڵەکە توانیویانە هاوسەنگییەك لەبەکارهێنانی شێوازو جۆری ڕاپۆرتەکاندا ڕاگرن.

بڕوانەخشتەی (1).

**خشتە (1)**

**شێوازی بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕاپۆرتەهەواڵ هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK)و (KNN).**

| تەلەڤزیۆن / جۆری ڕاپۆرت | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- test | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| سارد | 47 | 31.3 | 56 | 29.8 | 103 | 30.47 | – .306 | 0.759 |
| گەرم | 103 | 68.7 | 132 | 70.2 | 235 | 69.52 | | |
| کۆی گشتی | 150 | 100 | 188 | 100 | 338 | 100 | | |

## 2. شێوازی بەکارهێنانی ڕاپۆرتەهەواڵ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و(KNN)

لە دوای هەڵاوێردکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە (شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی شێوازی ئەنجامدانی ڕاپۆرتەهەواڵ لە هەردوو کەناڵی ( Gk) و (KNN)دا، دەرکەوتووە، کە (بەکارهێنانی شێوازی ڕاپۆرتی مەیدانی) دێت لە هەردوو کەناڵەکەدا بە پلەی یەکەم، بۆ بەئاگابوون لە رادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (شێوازی ئەنجامدانی راپۆرتەهەواڵ) لەنێوان هەردوو کەناڵ، دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەرووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە(0.05) جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی کەناڵی (KNN)دایە. بڕوانەخشتەی (2).

**خشتەی (2)**

**شێوازی بەکارهێنانی ڕاپۆرتە هەواڵ، لەهەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK)و (KNN)**

| تەلەفزیۆن / جۆری ڕاپۆرت | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- test | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| ئامادەکراو | 45 | 30 | 84 | 44.68 | 129 | 38.16 | 2.756- | 0.006 |
| مەیدانی | 105 | 70 | 104 | 55.31 | 209 | 61.83 | | |
| کۆی گشتی | 150 | 100 | 188 | 100 | 338 | | | |

## 3: شێوازی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی کەناڵی ئاسمانی (GK)و (KNN)

لە دوای هەڵاوێردکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی هەردوو کەناڵی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، کە (بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆی (cut) لە هەردوو کەنالی ( GK) و (KNN) بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها بەکارهێنانی کارتێکەری (Mix)، لەپلەی دووەم دایە، بۆ بەئاگابوون لە رادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (کارتێکەری ڤیدیۆی) لەنێوان هەردوو کەناڵ، دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە تەنها لەبەکارهێنانی کارتێکەری (Mix)، (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لە رووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە(0.05) جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (KNN)، بەڵام سەبارەت بە بەکارهێنانی کارتێکەری (wipe-fade-cut)، هیچ جیاوازییەك نییە. بڕوانە خشتەی (3).

**خشتەی (3)**

**شێوازی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK) و (KNN)**

| تەلەڤزیۆن / کارتێکەر | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- tesr | ئاماژە (مدی الدلاله) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| برین– Cut | 3500 | 97.71 | 4394 | 96.97 | 7894 | 97.30 | 1.169– | 0.243 |
| تێکەڵکردن–Mix | 78 | 2.17 | 136 | 3.00 | 214 | 2.63 | 2.239– | 0.025 |
| Faid in-faid out | 2 | 0.05 | 1 | 0.02 | 3 | 0.03 | 0.779– | 0.436 |
| سڕینەوە– Wipe | 2 | 0.05 | 0 | 0 | 2 | 0.02 | 1.586– | 0.113 |
| کۆی گشتی | 3582 | 100 | 4531 | 100 | 8113 | 100 | | |

## 4: شێوازی بەکارهێنانی وێنە لە ڕاپۆرتە هەواڵەکانی (GK) و (KNN):

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی وێنەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، کە (بەکارهێنانی وێنەی جولاوو) لە هەردوو کەنالی ئاسمانی ( GK) و (KNN) بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها بەکارهێنانی وێنەی (وەستاو)، لەکەناڵی ئاسمانی (GK) لەپلەی دووەم دایە، لەدوای وێنەی جولاو، زۆرترین وێنەی وەستاوی بەکارهێناوە، بەلاًم کەناڵی ئاسمانی (KNN) وێنەی گرافیکی، ڕیزبەندی دووەمی گرتووە، کەناڵی گەلی کوردستانیش هیچ وێنەیەکی گرافیکی بەکارنەهیناوە، بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (وێنەی بەکارهاتوو لەنێوان هەردوو کەناڵ دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری هەیە) بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەرووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (KNN) دایە، لە بەکار هێنانی (وێنەی جولاو، وێنەی گرافیگ) لە بەکارهێنانی (وێنەی وەستا)، جیاوازییەکە لەبەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (GK)دایە. بڕوانە خشتەی (4).

**خشتەی (4)**

**جۆری بەکارهێنانی وێنە لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)**

| تەلەفزیۆن / وێنە | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- test | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | | |
| وەستاو | 150 | 4.10 | 15 | 0.32 | 165 | 1.97 | 11.257- | .000 |
| جولاو | 3500 | 95.89 | 4567 | 97.43 | 8067 | 96.76 | 4.380- | .000 |
| گرافیك | 0 | 0 | 105 | 2.24 | 105 | 1.25 | 8.773- | .000 |
| کۆی گشتی | 3650 | 100 | 4687 | 100 | 8337 | 100 | | |

## 5: شێوازی بەکارهێنانی ماوەی وێنە لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK) و (KNN)

لە دوای هەڵاوێردکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی ماوەی وێنەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، کە (بەکارهێنانی ماوەی وێنەی مام ناوەند) لە هەردوو کەنالی ئاسمانی ( GK) و (KNN) بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها بەکارهێنانی ماوەی وێنەی (کورتخایەن)، لە هەردووکەناڵ لە پلەی دووەمدایە، ماوەی وێنەی درێژخایەن پلەی سێیەمی گرتووە، بۆ بە ئاگابوون لە رادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (ماوەی وێنەی بەکارهاتوو) لەنێوان هەردوو کەناڵ دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەرووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (KNN) دایە، لە بەکارهێنانی ماوەی زەمەنی وێنەی (مامناوەندو کورتخایەن و درێژخاەیەن).

بڕوانە خشتەی (5).

**خشتەی (5)**

**شێوازی بەکارهێنانی ماوەی وێنە لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK) و (KNN)**

| تەلەڤزیۆن / ماوەی وێنە | GK د | GK ٪ | Knn د | Knn ٪ | کۆی گشتی د | کۆی گشتی ٪ | Z- tesr | ئاماژە (مدى الدلالە) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کورت خایەن | 545 | 14.93 | 968 | 21.14 | 1513 | 18.39 | 10.952– | 0.000 |
| مام ناوەند | 2658 | 72.82 | 3141 | 68.62 | 5799 | 70.48 | 3.397– | 0.001 |
| درێژخایەن | 447 | 12.24 | 468 | 10.22 | 915 | 11.12 | 3.833– | 0.000 |
| کۆی گشتی | 3650 | 100 | 4577 | 100 | 8227 | 100 | | |

## 6: شوێنی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK) و (Knn)

لە دوای هەلاوێرکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، کە (دەنگی سروشتی لە سەرەتادا) لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی ( GK) و(KNN) بە پلەی یەکەم دێت، هەروەهابەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە(کۆتایدا)، لەهەردوو کەناڵ لەپلەی دووەمدایە، دەنگی سروشتی لە(باکگراوند) پلەی سێیەمی گرتووە، بەکارهێنانی لە (ناوەندا)، یشدا پلەی چوارەمی گرتووە، بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (دەنگی سروشتی) لەنێوان هەردوو کەناڵ دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لە رووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (KNN) دایە، لەبەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە (سەرەتاو ناوەندا) بەلام بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لەگەڵ (باکگراوند) لە بەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (GK)، دایە. بڕوانە خشتەی (6).

## خشتەی (6)

## شوێنی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لەڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (Knn)

| تەلەڤزیۆن / دەنگی سروشتی | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- test | ئاماژە (مدى الدلاله) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| سەرەتا | 101 | 71.63 | 160 | 72.07 | 261 | 71.90 | 3.865 | 0.000 |
| ناوەند | 4 | 2.83 | 22 | 9.90 | 26 | 7.16 | -3.093- | 0.002 |
| کۆتای | 21 | 14.89 | 32 | 14.41 | 53 | 14.60 | .758- | 0.449 |
| باگراوند | 15 | 10.63 | 8 | 3.60 | 23 | 6.33 | 2.081- | 0.037 |
| کۆی گشتی | 141 | 100 | 222 | 100 | 363 | 100 | | |

## 7: شوێنی بەکارهێنانی دەرکەوتنی پەیامنێر لە ڕاپۆرتە هەواڵەکانی (GK)و (KNN)

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی دەرکەوتنی پەیامنێر لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، کە دەرکەوتنی پەیامنێر لە (کۆتایدا) لە هەردوو کەناڵ بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها بەکارهێنانی دەرکەوتنی پەیامنێر لە (ناوەندا)، لە هەردوو کەناڵ لەپلەی دوومدایە، لە(سەرەتا)شدا، پلەی سێیەمی گرتووە، بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (دەرکەوتنی پەیامنێر) لەنێوان هەردوو کەناڵ دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لە رووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لەبەکارهێنانی دەرکەوتنی پەیامنێر لە(سەرەتاو ناوەند)دا، لەبەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی(GK) دایە، بەڵام بەکارهێنانی دەرکەوتنی پەیامنێر لە (کۆتایدا) جیاوازی ئاماری نییە، بەهای دەستکەوتوو گوزارشتئامێزنییە، (ئاماژە) زیاترە لە (0.05)، هەردوو کەناڵ وەك یەك بەکارییانهێناوە. بڕوانە خشتەی (7).

**خشتەی (7)**

**شوێنی بەکارهێنانی دەرکەوتنی پەیامنێر لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)**

| تەلەڤزیۆن / دەرکەوتنی پەیامنێر | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- tesr | ئاماژە (مدى الدلالە) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| سەرەتا | 5 | 4.46 | 1 | 1.04 | 6 | 2.88 | 1.935- | 0.053 |
| ناوەند | 27 | 24.10 | 10 | 10.41 | 37 | 17.78 | 3.704- | 0.000 |
| کۆتای | 80 | 71.42 | 85 | 88.54 | 165 | 79.32 | 1.482- | 0.138 |
| کۆی گشتی | 112 | 100 | 96 | 100 | 208 | 100 | | |

## 8: شێوازی بەکارهێنانی گرتەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی گرتەکانی کامێرا لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، بەکارهێنانی گرتەی (گشتی) بە پلەی یەکەم دێت لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی ( GK) و(KNN)، هەروەها بەکارهێنانی گرتەی (ناوەندی نزیک)، لە هەردووکەناڵ لەپلەی دوومدایە، گرتەی (ناوەند)، پلەی سێیەمی گرتووە، بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی جیاوازی بەکارهێنانی (گرتەکانی کامێرا) لەنێوان هەردوو کەناڵ دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لە رووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی(KNN ) دایە، لەبەکارهێنانی گرتەکانی (گشتیو ناوەندو ناوەندی نزیک)دا، بەڵام لە بەکارهێنانی گرتەی(تەواوونزیک) جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (GK)،دایە. بڕوانە خشتەی (8)

**خشتەی (8)**

**شێوازی بەکارهێنانی گرتەکانی کامێرا لەڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)**

| تەلەڤزیۆن / گرتەکان | GK د | GK ٪ | Knn د | Knn ٪ | کۆی گشتی د | کۆی گشتی ٪ | Z- test | ئاماژە (مدى الدلاله) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گشتی | 2133 | 58.39 | 2331 | 50.91 | 4464 | 54.23 | 9.259 – | 0.000 |
| تەواوا | 242 | 6.62 | 134 | 2.92 | 376 | 4.56 | 8.772- | 0.000 |
| ناوەند | 499 | 13.66 | 926 | 20.22 | 1425 | 17.26 | 6.975- | 0.000 |
| ناوەندی نزیك | 554 | 15.16 | 968 | 21.14 | 1522 | 18.49 | 8.075- | 0.000 |
| نزیك | 225 | 6.15 | 219 | 4.78 | 444 | 5.39 | 2.879- | 0.004 |
| کۆی گشتی | 3653 | 100 | 4578 | 100 | 8231 | 100 | | |

## 9: شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، بەکارهێنانی گۆشەی (بینین) لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی ( GK) و (KNN) بە پلەی یەکەم، دێت هەروەها بەکارهێنانی گۆشەی (بەرز)، لە هەردوو کەناڵ لەپلەی دووەمدایە، گۆشەی (نزم)، پلەی سێیەمی گرتووە، بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (گۆشەکانی کامێرا) لەنێوان هەردوو کەناڵ دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لەبەکارهێنانی گۆشەی(بینین)دا، لەبەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (KNN ) دایە، بەڵام لە بەکارهێنانی گۆشەی (بەرزونزم)دا، جیاوازییەکە لەبەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی (GK) دایە. بڕوانە خشتەی (9)

**خشتەی (9)**

**شێوازی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)**

| تەلەڤزیۆن / گۆشەکان | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- tesr | ئاماژە (مدی الدلالە) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| بەرز | 908 | 24.87 | 502 | 10.96 | 1410 | 17.13 | 15.695- | 0.000 |
| بینین | 2469 | 67.64 | 3929 | 85.80 | 6398 | 77.74 | 14.363- | 0.000 |
| نزم | 273 | 7.47 | 148 | 3.23 | 421 | 9.95 | 10.454- | 0.000 |
| کۆی گشتی | 3650 | 100 | 4579 | 100 | 8229 | 100 | | |

## 10 : شێوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، بەکارهێنانی جوڵەی (zoom) لە کەناڵی ئاسمانی ( GK) بە پلەی یەکەم دێت، بەڵام بەکارهێنانی جوڵەی(Pan)، لەکەناڵی ئاسمانی (KNN)دا، پلەی یەکەمی گرتووە، بەکارهێنانی جوڵەی (Tilt) لەهەردوو کەناڵدا، پلەی سێیەمی گرتووە، بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (جوڵەکانی کامێرا) لەنێوان هەردوو کەناڵ دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووە، کە (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لەبەکارهێنانی جوڵەی(Zoom) و جوڵەی(Tilt)دا، لەبەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی(GK) دایە، بەڵام لە بەکارهێنانی جوڵەی (Pan)دا جیاوازی ئاماری نییەو بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە. بڕوانە خشتەی (10)

**خشتەی (10)**

**شێوازی بەکارهێنانی جوڵەکانی کامێرا لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)**

| تەلەفزیۆن / جوڵەکانی کامێرا | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- tesr | ئاماژە (مدى الدلالە) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| **Zoom** | 179 | 51.28 | 105 | 36.33 | 284 | 44.51 | 7.740- | 0.000 |
| **Pan** | 112 | 32.09 | 138 | 47.75 | 250 | 39.18 | 549- | 0.583 |
| **Tilt** | 58 | 16.61 | 46 | 15.91 | 104 | 16.30 | 2.016- | 0.044 |
| **کۆی گشتی** | 349 | 100 | 289 | 100 | 638 | 100 | | |

## 11: شێوازی بەکارهێنانی فلتەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی فلتەری ڤیدیۆی لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN) دەرکەوتووە، بەکارهێنانی فلتەری (Color correction) لەهەردوو کەنالی ئاسمانی ( GK)و (KNN)دا بە پلەی یەکەم دێت، بەکارهێنانی فلتەری (Blur)، لەهەردوو کەناڵدا پلەی دووەمی گرتووە، بۆ بەئاگابوون لە رادەی جیاوازی لە بەکارهێنانی (فلتەری ڤیدیۆی) لەنێوان هەردوو کەناڵ دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Z-Test) دەرکەوتووەکە، (جیاوازی ئاماری هەیە)، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێزە، (ئاماژە) کەمترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لەبەکارهێنانی فلتەر (Color Correction)، لەبەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی(GK) دایە، بەڵام لە بەکارهێنانی فلتەری (Blur)و (Mosaic) جیاوازی ئاماری نییەو بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە. بڕوانە خشتەی (11).

**خشتەی (11)**

**شێوازی بەکارهێنانی فلتەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (GK)و (KNN)**

| بەکارهێنانی فلتەر / تەلەڤزیۆن | GK | | Knn | | کۆی گشتی | | Z- tesr | ئاماژە (مدى الدلالە) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| **Color correction** | 186 | 81.93 | 120 | 71.85 | 306 | 77.66 | 5.488- | 0.000 |
| **Blur** | 39 | 17.18 | 47 | 27.14 | 86 | 21.82 | 209- | 0.834 |
| **Mosaic** | 2 | 0.88 | 0 | 0 | 2 | 0.50 | 1.586- | 0.113 |
| **کۆی گشتی** | 227 | 100 | 167 | 100 | 394 | 100 | | |

## 12 :شێوازی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لە رادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (کارتێکەری ڤیدیۆی) لە راپۆرتی (ساردو گەرم)دا، توێژرە تاقیکردنەوەی (T test) بەکارهێناوە، بە بەهای (0.227)، ئاماژەی (0.821)، دەرکەوت لەبەکارهێنانی (کارتێکەری ڤیدۆی) لە جۆری ڕاپۆرتە هەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ جیاوازی ئاماری نییە، بەو پێیەی بەهای دەسکەوتوو لە رووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە، (ئاماژە) زیاترە لە (0.05)ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە لە ڕاپۆرتی (ساردوگەرم)دا، وەك یەك (کارتێکەری ڤیدۆییان) بەکارهێناوە. بڕوانە خشتەی (12)

**خشتەی (12)**

**شێوازی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆی لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk)و (Knn)**

| جۆری راپۆرت | نێوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | T- test | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|
| سارد( Soft news ) | 24.04 | 2.61 | 0.227 | 0.821 |
| گەرم( hard news ) | 23.98 | 2.36 | | |

## 13: شێوازی بەکار هێنانی جۆری وێنە لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەکانی (Gk) و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لە رادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (وێنەی بەکارهاتوو) لە راپۆرتی (ساردو گەرم)دا، توێژرە تاقیکردنەوەی (T-test) بەکارهێناوە، بە بەهای (0.262)، ئاماژەی (0.794)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نییە، لە بەکارهێنانی (وێنەی بەکارهاتوو) لە جۆری ڕاپۆرتەهەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، بەو پێیەی بەهای دەسکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێز نییە، (ئاماژە) زیاترە لە (0.05) ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە لە ڕاپۆرتی (ساردوگەرم)دا، (وێنەی بەکار هاتوو) لەمۆنتاژی ڕاپۆتەهەواڵەکاندا، نزیکن لەیەکەوەو هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە بەکارهێنانی وێنەی بەکارهاتوودا. بڕوانە خشتەی (13)

**خشتەی (13)**

**شێوازی بەکار هێنانی جۆری وێنە لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەکانی (Gk) و (Knn)**

| جۆری راپۆرت | نێوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | T- test | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|
| سارد( Soft news ) | 24.71 | 2.61 | 0.262 | 0.794 |
| گەرم( hard news ) | 24.64 | 2.38 | | |

## 14: شێوازی بەکارهێنانی ماوەی وێنە لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەکانی لە (Gk) و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لە ڕادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (ماوەی وێنەی بەکارهاتوو) لە راپۆرتی (ساردو گەرم)دا، توێژرە تاقیکردنەوەی (T-test) بەکارهێناوە، بە بەهای (0.884)، ئاماژەی (0.377)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نییە لە بەکارهێنانی (وێنەی بەکارهاتوو) لە جۆری ڕاپۆرتە هەواڵ لەسەر ئاستی کەناڵ، بەو پێیەی بەهای دەسکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشت ئامێز نییە، ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە لە ڕاپۆرتی (ساردو گەرم)دا، (ماوەی وێنەی بەکارهاتوو) لەمۆنتاژی ڕاپۆتە هەواڵەکاندا، نزیکن لەیەکەوەو هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە بەکارهێنانی ماوەی وێنە. بڕوانە خشتەی (14)

**خشتەی (14)**

**شێوازی بەکارهێنانی ماوەی وێنەی بەکار هاتوو لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk) و (Knn)**

| جۆری ڕاپۆرت | نێوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | T-test | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|
| سارد( Soft news ) | 24.17 | 2.079 | 0.884 | 0.377 |
| گەرم( hard news ) | 24.41 | 2.360 | | |

## 15: شێوازی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk)و (Knn)

بۆ بەئاگابوون لە رادەی شێوازو جیاوازی بەکارهێنانی (دەنگی سروشتی) لە راپۆرتی (ساردو گەرم)دا، توێژرە تاقیکردنەوەی (T-test) بەکارهێناوە، بە بەهای (1.881)، ئاماژەی (0.061)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نییە لەبەکارهێنانی (دەنگی سروشتی) لە جۆری ڕاپۆرتە هەواڵی کەناڵەکان، بەو پێیەی بەهای دەستکەوتوو لەڕووی ئامارییەوە گوزارشتئامێزنییە، (ئاماژە) زیاترە لە (0.05) هەردوو کەناڵ بەکارهێنانی دەنگی سروشتییان لەمۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکان لەڕووی جۆرەوە نزیك لەیەك بەکارهێناوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (15)

**خشتەی (15)**

**شوێنی بەکارهێنانی دەنگی سروشتی لە مۆنتاژی ڕاپۆرتەهەواڵەکانی (Gk)و (Knn)**

